# سەڵاحەدین بدوێنین
# یان خۆمان بە بەرپرسیار بزانین

لێپرسینەوەی سەرکردەیەک دوای هەشتسەد ساڵ

پێشکێشە بە:
هاوەڵی هەموو قۆناغەکانی ژیانم خوشکی بەڕێزم بەناز...
بۆ هەموو ئەو کەسانەی باوەڕیان بە ئەستەمییە نەک مەحاڵ لە بەدیهێنانی خەونەکانی ژیانیان...

# سەڵاحەدین بدوێنین
# یان خۆمان بە بەرپرسیار بزانین

## لێپرسینەوەی سەرکردەیەک دوای هەشتسەد ساڵ

دیالۆگێک لەگەڵ

پرۆفیسۆر دوکتۆر موحسین محەمەد حوسێن

بەدران ئەحمەد حەبیب

ئەنجامی داوە

وەرگێڕانی:

ئاواز فاتح جاف

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

سەلاحەدین بدوێنین یان خۆمان بە بەرپرسیار بزانین
دیالۆگێک لەگەڵ پرۆفیسۆر دوکتۆر موحسین محەمەد حوسێن
ئەنجامدانی: بەدران ئەحمەد حەبیب
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئاواز فاتح جاف
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٣٥١
چاپی دووەم ٢٠١٢
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٩٧١ – ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد

ژێنک:
ژمارەی پێوانەییی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-9933-488-21-5

پێرست


پێشەکیی وەرگێڕ ..... 7
پێشەکی ..... 10
چیرۆکی من و سەلاحەدین ..... 18
شەڕی خاچییەکان ..... 25
زێدی باپیرانی سەلاحەدین ..... 28
هۆی بە جێهێشتنی کوردستان ..... 30
لەدایکبوون و پێگەیشتنی سەلاحەدین ..... 33
کورد لە ناو سوپا و حکوومەتەکەی سەلاحەدین ..... 35
بیری نەتەوایەتی کوردی لای سەلاحەدین ..... 47
بۆچی پایتەختی دەوڵەتەکەی لە کوردستان نەبوو ..... 51
هەڵوێستی خەلافەتی عەباسی لە دەستکەوتەکانی ..... 67
هۆی دوورکەوتنەوەی لە ڕێڕەوی نەتەوایەتی ..... 87
بارۆدۆخی کوردستان لە سەردەمی سەلاحەدین ..... 95
هۆی کۆچکردنی زاناکانی کورد لە کوردستان لەو رۆژگارەدا ..... 98
وازهێنانی لە کۆکردنەوەی کورد لە دەوری خۆی ..... 101
ئاخۆ مافی شانازی کردنمان هەیە بە سەلاحەدینەوە ..... 105
هەوڵەکانی نەتەوەپەرستەکانی عەرەب بۆ بە عەرەبکردنی سەلاحەدین ..... 107
چۆن سەلاحەدین پاکانە بۆ کردەوەکانی دەکات ..... 116
نهێنی دانەمەرزاندنی دەوڵەتێکی کوردی ئیسلامی ..... 118
شاعیرەکانی عەرەب سوکایەتی بە سەلاحەدین دەکەن چونکە کوردە ..... 121

سەڵاحەدین و بنیاتنانی قەڵاکان لە دەرەوەی کوردستان ........................................ 126
ژیاننامەی زانستی دانەری کتێبەکە ................................................................................ 130
سەرچاوەکان ................................................................................................................................. 132

## پێشەکیی وەرگێڕ

سەرەتای پێشەکییەکەم بە سوپاسکردنی پرۆفیسۆر دوکتۆر موحسین محەمەد حوسێن دەست پێ دەکەم کە هەلێکی بەنرخی بۆ ڕەخساندم بۆ ئەوەی یەکەم هەنگاوم بنێم بەرەو جیهانی نووسین و وەرگێڕان... بێگومان ئەم هەنگاوەم هەرگیز بە بەرهەم نەدەهات بەبێ یارمەتیدان و ئامۆژگارییە بەنرخەکانی بەڕێزی کە تا دوا ڕۆژی تەمەن لە گوێمدا دەزرنگێتەوە.

ماوەیەکی زۆر خولیای مێژووی سەلاحەدینی ئەیووبی بووم. بۆیە سۆراغی کتێبخانەکان دەبووم لە پێناو پەیداکردنی زانیاری لەبارەی ژیانی ئەم سەرکردەیەوە، لە کتێبخانەیەکی شاری هەولێر کتێبی "الجيش الآيوبي في عهد صلاح الدين" کە یەکێکە لە کتێبەکانی د. موحسین لە هەمان کاتدا نامەی دوکتۆراکەی بوو کەوتە بەردەستم. هۆیەکی تری هەڵبژاردنی ئەم کتێبە، دەگەڕێتەوە بۆ کەسایەتیی دوکتۆر موحسین کە لە قۆناغی خوێندنم لە کۆلێج خوازیار بووم ببمە یەکێک لە قوتابییەکانی، بەڵام مخابن ڕۆژگار ئەو هەلەی بۆ نەڕەخساندم. ئەمەش زیاتر پاڵی پێوە نام بڕیاری وەرگێڕانی کتێبی ناوبراو بدەم. ڕێککەوت ڕۆڵی خۆی هەبوو لە ڕێکخستنی چاوپێکەوتنێک لەگەڵ دانەری کتێبەکە کە بە بایەخدانێکی بێ هاوتا و هاندانێکی گەرم پێشوازیی لە داواکارییەکەم کرد و پێشنیازی وەرگێڕانی ئەم کتێبەی بەردەستی خوێنەران "سەلاحەدین بدوێنین یان خۆمان بە بەرپرسیار بزانین؟ لێپرسینەوەی سەرکردەیەک دوای هەشتسەد ساڵ" کرد. بە تایبەت کاتێ ئەو پرسیارەم لا دروست بوو کە هەموو کوردێک دەیکات

بۆچی قەوارەیەکی کوردی لە لایەن ئەم سەرکردەیەوە ڕانەگەیەنرا؟ ئەو هۆیانە کە بوونە ڕێگر بەرامبەر ئەنجامدانی ئەم کارە مەزنە چی بوون؟ دوای خوێندنەوەی ئەم کتێبە زۆر شتم لەبارەی سەردەمی سەلاحەدینەوە بۆ ڕوون بووەوە... لەبارەی جۆری ململانێیەکانی ئەو سەردەمەوە کە ململانێی ئاینی بوون و سەردەمی نەبوونی سنوور لە نێوان موسڵمانانی جیهانی ڕۆژهەلاتی ئیسلام.. نەک سەردەمی ململانێی نەتەوەیی و وێنەکێشانی سنوور لە نێوان نەتەوەکان. نامەوێ بچمە ناو بابەتی کتێبەکە چونکە دەمەوێت خوێنەر گەشتەکەی لەگەڵ سەلاحەدین لە ڕێگەی ئەو پرسیارانەی کە ئاراستەی دانەری کتێبەکە کراوە دەست پێ بکات و خوێنەر چێژ لە وەلامەکان وەربگرێت کاتێک ڕاستییە مێژووییەکانی بۆ دەردەکەوێت... لە ڕاستیدا تەنیا سەلاحەدین بزووتنەوەی جیهادی بەرپا نەکردووە بگرە پێش سەلاحەدین سەرکردەی تر هەبوون وەک عیمادەدین زەنگی و نوورەدین مەحموودی کوڕی کە تورک بوون و دەوڵەتی ئەتابەگیان دامەزراند نەک دەوڵەتێکی نەتەوەیی لەو سەردەمە هەروەکو سەلاحەدین کە دەوڵەتێکی نەتەوەییی کوردی دانەمەزراند.. تورک عیمادەدین زەنگی و کوڕەکەی بەرپرسیار نەکرد لە نەبوونی دەوڵەتێکی تورکی چونکە ئەوان بوونە دەوڵەت و ئاواتی خۆیان بەدی هێنا، کە چی ئێمە دەمانەوێت مێژووی سەرکردەیەکی مەزن خەوشدار بکەین چونکە تا ئێستا دەوڵەتێکی کوردی دانەمەزراوە، هیوادارم خوێنەری کورد ورد بێتەوە لە خوێندنەوەی ئەم لاپەڕانەی بەردەستی بۆ ئەوەی بەهەڵەدا نەچێ، یان لاپەڕەیەکی پرشنگداری مێژوومان نەشێوێنن کە دەبێتە جێگەی داخ لە بریی شانازیکردن بەسەرکردەیەک وەک سەلاحەدین کە تێداماندا هەڵکەوت و کوردی بە گەلانی دنیا ناساند.

لەبارەی وەرگێڕانی کتێبەکەوە بەگوێرەی توانا هەوڵم داوە بە زمانێکی ڕوون و ڕەوان دام ڕشتبێت لە هەندێ جێگە بە پێویستم زانیوە هەندێ زاراوە و ڕووداوی مێژوویی لە پەراوێزەکاندا ئاماژەی بۆ بکەم بۆ ئەوەی

خوێنەر زیاتر سوودمەند بێت و کتێبەکە زانیارییەکی مێژوویی زیاتر لەخۆ بگرێت. خوازیارم سوود لە ڕەخنە و تێبینی و بۆچوونی خوێنەران لە هەموو بوارەکانی کتێبەکە وەربگرم بەتایبەتی لایەنی وەرگێڕانەکەی.

لە کۆتاییدا دەمەوێت سوپاس و پێزانینی خۆم پێشکێش بە هەموو ئەو بەڕێزانە بکەم کە دەستی یارمەتییان بۆ درێژ کردم و ئەرکی ماندووبوونیان کێشا لەگەڵم بە تایبەتی بەڕێز هێمن بابان، مستەفا عەزیز، لوقمان عەبدولحەکیم، نەجوا کامیل، بەڕێوەبەر و یاریدەری ئامادەیییەکەم.

١ی ئەیلوولی ٢٠٠٤
ئاواز فاتح جاف

## پێشەکی

پێش ئەوەی لە ناوەڕۆکی ئەو بابەتە بکۆڵمەوە کە پێوەندیی بە دەسەڵاتی ئیسلام و بیری نەتەوەییی کوردییەوە هەیە، دەمەوێت ڕوونکردنەوەیەک لەسەر ئاینی ئیسلام بدەم لە دوو لایەنەوە:

لایەنی یەکەم: لایەنی خواپەرستن، ئیسلام وەک هەر ئاینێکی تر پێوەندیی نێوان خوا و مرۆڤ ڕێک دەخات، بانگهێشتن کردەوەی چاک و ڕێگەی ڕاست دەکات.

لایەنی دووەم: وەک فەلسەفەیەکی کۆمەڵایەتی پێوەندیی نێوان خەڵکی بەیەک ترەوە ڕێک دەخات ئەمەش خۆی لە ڕێژیمی حوکمکردن و بەرژەوەندیی گشتیی نێوان یەک گەل یان گەلی جیاواز دەنوێنێ، لێرەدا لێپرسراویەتیی خەڵکی بەرامبەر یەکتر پەیدا دەبێت و سەر هەڵدەدات، لایەنەکانی چاکە و خراپەی ئەم ڕێژیمە لە ڕادەی پێوەستبوون بە یاساکانی ئەم ڕێژیمە دەردەکەوێت کە کاروباریان بەڕێوە دەبات. هەرچەندە فەرمانڕەوا موسڵمانەکان وای نیشان دەدەن کە پەیڕەوی بنەماکانی ئیسلام و ڕێنوێنییەکانی قورئان دەکەن، بەڵام لە ڕاستیدا زۆربەی ڕەفتاریان سەرپێچیی شەریعەت و سوننەتی پێغەمبەر (د.خ) بووە.

کورد باوەڕی بە ئاینی ئیسلام هێنا و پێوەستی بوو و شان بەشانی میللەتەکانی تر قوربانیی دا لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاڵای ئیسلام و زۆرجار لە پێشەوەی ئەم میللەتانە بوونە، بەڵام لەژێر پەردەی بەربەرەکانێی (مەزهەبی) لە لایەن دەسەڵاتدار و فەرمانڕەواییەکانی؛ ئیسلام دووچاری

چەوساندنەوە و کوشتن و برین بووەتەوە.

ئەگەر لاپەڕەکانی مێژووی دەوڵەتەکانی ئیسلام هەڵبدەینەوە هەر لە دەوڵەتی ئەمەوی و عەباسی و قاجاری و سەفەوی و عوسمانی دەبینین بەدەستێکی ئاسنین لەسەر سەرکوتکردنی هەموو ڕاپەڕینێک و بەئاگاهاتنەوەیەکی کورد ڕێک کەوتنە، بۆیە دەبینین هەموو ئەو ڕێژیمانەی لە هاتنی حوکمی ئیسلام بۆ کوردستان و تا ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی، وەک دواین سەنتەری حوکمڕانی خیلافەتی ئیسلامی بە سەرکردایەتیی (میری باوەڕداران) و (خەلیفەی پێغەمبەری خوا) حوکمیان کردووە بەرپرسن لەسەر نەبوونی قەوارەیەکی کوردی لە کوردستان. ئیسلام وەک هەموو ئاینەکانی تر سنووری نەهێشتووە لە نێوان نەتەوە جیاوازەکان، بەپێی ڕێنوێنییەکانی ئەم ئاینە خەڵکی لە ماف و ئەرک و پاداشت لە ڕۆژی قیامەت یەکسانن. ئەمە بابەتی لێکۆڵینەوەمان نییە، بگرە مێژوو بە سەدان بەڵگەی ئاشکرا دەری دەخات کە فەرمانڕەوایی ئیسلام کۆسپێک بووە لە بەردەم هێنانە دیی ئاواتی کورد لە پێکهێنانی قەوارەیەکی کوردی و، بەئاگاهاتنی کورد لە هەموو ڕوویەکەوە. لە کاتێکدا و لە سایەی فەرمانڕەوایی ئیسلام کولتووری عەرەبی پەرەی سەند و بەسەر نەتەوەکانی تر سەپێنرا و، دەسەڵاتی ئیسلام لە ماوەی ١٣٠٠ ساڵ لە حوکمکردن یەکێک بووە لە هۆیەکانی شەکەتکردنی (ئیستنزاف) توانای هزری و سەربازی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی کورد و کوردستان. زمانی عەرەبی بووە هۆی دوورخستنەوەی زانا و ڕووناکبیرەکانی کورد لە کۆمەڵگە و دیوارێکی نامۆی دروست کرد لە نێوان ئەوان و گەلی کورد، لە ئەنجامدا چەندان دانیشمەندی کوردی ناچار کرد کۆمەڵگەی خۆیان بەجێ بێڵن و کۆچ بکەن بۆ پایەتەختەکانی فەرمانڕەوایی ئیسلامی، چونکە لەوێ بازارێکی برەویان بینییەوە بۆ زانستەکانیان و تا کۆتایی ژیانیان نیشتەجێی شارەکان بوون بۆیە دەستکەوتی ئەم زانایانە بە موڵکی کەسانی تر هاتە ژماردن و کورد

ئەوەندەی بۆ مـایەوە کـە کـوردە، تەنانـەت شـۆڤـێنیـسـتـەکـانی نـەتەوە سـەردەسـتـەکـان بـەرهـەڵسـتی ئـەمـەشـیـان دەکرد، واتا بێـبـەشیکردنـیـان لە شانازیکردن بەو پیاوانەی کە خزمەتی ئیسلامیان کردووە.

بۆیە لـە کـاتی بڵاوبوونەوەی ئـیـسـلام لەناو کـورددا و تاوەکـو دەرکـەوتنی بزووتـنەوەیـەکی رۆشنبـیـری نـوێ لە کـۆتاییـیـەکـانـی سـەدەی نۆزدەم، نووسـینێکی کـوردی نـابینین مـەگـەر بە دەگـمـەن نەبێت، ئەویش لە چـەند دیوانێکی شیـعری خـۆی دەبینێتـەوە کە ئەوانیش لەژێر کـاریگەری وێژەی فـارسـن، ئەوان لەپێش نەتەوەکـانی تر لەژێر کـارتێکردنی زمـانی عـەرەبی رزگاریان بوو و گـەڕانەوە بۆ سـەر زمـانی نەتەوەی خـۆیان. پێداچوونێک بە دیوانە شـیـعرییـەکانی (شـێخ ئـەحـمـەدی جـەزیری، فـەقێ تەیران، ئـەحـمـەدی خـانی، نالی و خـانای قـوبادی... هتـد) ڕادەی کـار تێکردنی زمـان و رۆشنبـیـری فـارسی لە شـیـعـرەکـانیـان دەردەخـات. کـولتـووری بیـری تۆمارکراوی کوردی بە زمانی دایک لە ماوەی سێزدە سەدە دڵۆپێکە لە دەریا ئەگەر بەراورد بکرێت بەو هەموو بەرهەمانەی هزرمەندانی کورد کە بە زمانە بیانییەکان تۆمار کراون و بە بەشێک لە فیکری کوردی ناژمێردرێت جگە لە خزمـەتێکی بـە خـۆڕا پێشکێش بە کتێبخـانـەکانی عـەرەب و فـارس و بگرە تورکیش کرا. شاعیری کورد (حاجی قادری کۆیی) لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەم ژیاوە لە چەند دێرێکدا وەسـفی بارودۆخی زانـا و رۆشنبـیـرەکـانی کوردی کردووە و دەڵێت:

ئـاخـر ئەم عـەقـڵـەیان هەبوو بۆیێ
گـەر سـولەیمانیـیـە وە یا کـۆیێ

بـوونە ئوسـتـادی فـارسی و تـازی
تـا گـەیشتن بـە فـەخـرەکـەی رازی

چونکه سـەرمـایە مـاڵی خـەڵقی بوو
وەقـتـی مـردن هەمـوو بە هیـچ دەرچوو

ئەمـە مـەعلوومی عـاقـڵـە و منداڵ
نیـیـە عـەیبی مـوناقـەشـەی ئەمـثـال

وەک مـریشـکی کـە عـەقـڵی نەیهـێنێ
بێت و هێلکەی مـراوی هەڵبـێنـنێ

وەک بگاتـە کەناری جۆگـەلـەیەک
نایەتە شوێنی، بـمرێ، جووجە لەیەک

جـێی ئەمـە وشکە و جـێی ئەوی ئـاوە
تێ دەگـا قـینگ درانی پێ مـاوە

بە درێژاییی فـەرمـانڕەوایـیی دەوڵەتە ئیـسـلامـیـیـەکـان ڕۆشنبـیـر و سـەرکردەکانی بواری رامیاری و سـەربازیی کوردی هەموو توانایەکیان لە پێناو بەرزکـردنەوەی ئـاڵای ئاینی ئیـسـلام خـسـتـە گـەڕەوە، ئەمـەش بە پێـچـەوانەی نەتەوەکـانی تر لە عـەرەب و فـارس و تورک کـە ئیـسـلام بووە ئامرازێکی دەسـتیـان بۆ بنیاتنانی ئیمپراتۆریەت و جێگیرکردنی بنەواکانی ئیـسـلام... تا ئەو ڕادەیەی مـۆرکی دەوڵەتی نەتـەوەییی گرت، بە واتـایەکی تر کورد بوو بەپردێک بۆ تێپەڕبوونی ئیسلام و جێبەجێکردنی ئامانجەکانی. کەچی ئیـسـلام کرا بەپردێک بە دەستی نەتەوەکانی تر بۆ بەدەستـهـێنانی ئامـانجـەکـانیـان. سـەڵاحـەدین ئاشـکراترین نموونـەیە بۆ دووپاتـکردنەوەی بۆچوونەکـەمـان. ڕەنگە هەندێ کـەس دەنگ هەڵبـڕێت و بڵـێت: چۆن "یان لەسەر چ بناغـەیەک" داوا لە سەڵاحـەدین و کەسوکاری بکرێت نەتەوەپەرست بن کـە لە سـەردەمـێکدا دەژیان نەتەوە بوونی نەبووە و بیـری نەتەوایـەتی بە

چەمکی ئەم سەردەمەی ئێستای خۆمان پەیدا نەبووە، لە کاتێکدا لە نێوان موسڵمانەکان پێوەندیی ئاینی لە بریی پێوەندیی نەتەوەیی بووە؟

ئەم بۆچوونە ڕاستە، چونکە هەستی نەتەوایەتی وەک بیردۆز لەگەڵ شۆڕشی فرەنسیی ساڵی ١٧٨٩ز پەیدا بووە. بەڵام چاوپۆشی لەو ڕاستییە ناکرێت کە هەستی نەتەوایەتی پێش ئەم مێژووە دەرکەوت، بۆ نموونە (بریکلیس) پاشای ئەسینا وتارێکی مێژوویی بەجێ هێشتووە شەهیدەکانی دەوڵەتەکەی بەرز ڕادەگرێت کە ئەمەش بەڵگەیەکی ئاشکرایە لە بوونی هەستێکی نەتەوایەتیی پێگەیشتوو، هەمان شت لەبارەی دەوڵەتی ئەمەوییەوە، عەباسی، ئیمپراتۆریەتی فارسی و تورکی دەوترێت کە لەسەر بناغەیەکی عەرەبی و فارسی و تورکی دامەزران و، ئیسلام هەر لە سەرەتای پەیدابوونی هەستێکی نەتەوایەتیی عەرەبیی پێوە دیار بووە و سنووری هۆزەکانی نیمچە دوورگەی عەرەبی بەزاندووە.

لەناو ڕیزەکانی کورد، شاعیری گەورە ئەحمەدی خانی لە سەدەی حەڤدەمدا و لەپێش شۆڕشی فرەنسا بە سەدەیەک، داستانی "مەم و زین"ی نووسیوە کە دەربڕینێکی ئاشکرایە لەسەر هەستی نەتەوایەتی بە تایبەت کاتێک ڕەخنەی لە سەرکردەکانی کوردی گرت لەبارەی دانەمەزراندنی دەوڵەتێکی کوردییەوە و گوتی:

گەر دێ هەبووا مە ئیتفاقەک
ڤێکرا بکرا مە ئینتقادەک

رۆم و عەجەم و عەرەب تەمامی
هەمیان ژ مەرا دکر غولامی

لە ڕاستیدا نەبوونی یەکگرتن، سەرکردەیەکی نەتەوەیی، دەوڵەتێکی خاوەن دەسەڵات، بووە هۆی ئەوەی کورد ببێتە خزمەتکار و کۆیلەی کەسانی تر.

ئێمـەش هەمـان تێـڕوانین و بۆچوونی (ئـەحـمـەدی خـانی و حـاجی قـادری کـۆیـی)مـان هـەیە. لـەبارەی دانـەمـەزراندنـی دەوڵەتێکی کـوردی لـە لایەن سـەلاحـەدین ئەیووبـیـیـەوە، کـە لە بریی جێبـەجێکردنـی ئەو ئامـانجـە هەمـوو توانای کـوردی ڕاکـێـشـایـە دەرەوەی کـوردسـتـان کـاتێک ڕەخنـە لە زانا و ڕۆشنبیرەکانی کورد دەگرین لەسەر خزمەتکردنی کەسانی تر.

سـەلاحـەدین دەیتوانی خـزمەتی نەتەوەکەی خـۆی بکات لە جیـاتیی بەرگری لە ناوچـەکـانـی ئیـسـلام و ڕزگـارکـردنی قـودس لە داگـیـرکـەرانی خـاچی و زیندووکـردنەوەی زمـانـی عـەرەبی، کـە زۆربەی ڕۆشـنبـیـرەکانی عـەرەب دەڵێن گەشـەسـەندن و زیندووکردنەوەی زمانـی عـەرەبی دەگەڕێتەوە بۆ ئەیووبییەکان و بەتایبـەت سـەلاحـەدین، پێم وایە داوێنپـاکی و هـەسـتـی کەمـیـەتیی هۆی ئەم گـرێیە دەروونییـەی کوردە کـە بە دەسـتـییـەوە دەناڵێت، ئەمـە تاوەکو ئـەمـڕۆ لە کـوردسـتـانـی رزگـارکـراو بەردەوامـە کـە هـەندێک وا دەبیـنن کـە نـابێ منداڵەکـانیـان بە نـاوی کوردی بنێن و، بـە کـفـر و دوورکـەوتنەوە لە ئیـسـلام دەیژمێرن.

ئەم کـتێبـە کـۆمـەڵێک پرسـیـارە ئاراسـتـەی پرۆفـیـسـۆر دوکـتـۆر مـوحـسـین محـەمەد حـوسێن کـراوە کە یەکێکە لە نووسـەرە ئەکادیمییە بەناوبانگەکـانی کـوردسـتـان و، چـەند کـتـێـبـێـکی لە بواری بـابـەتەکـەمـاندا هـەیە. تەوەری سـەرەکـیی لێـدوانەکـەمـان لەبارەی پێکنەهێنـانی دەوڵەتێکی کـوردییـەوە و خزمەتنەکردنی سـەلاحەدین بە گەلەکەی. د. موحسین داکۆکییەکی بێ هـاوتا لە سـەلاحـەدین دەکات، لەسەر هـەمـوو بیروڕاکانی ئێمـە وەڵامی هـەیە. بەڵام بەب ۆچوونـی ئێـمـە هـەمـوو ڕووداوێکی مـێـژوویی شـایان بەپێـداچوونەوە و هـەڵسـەنگاندنە، چونکە هـەمـوو نەوەیەکی نوێ تێـڕوانینێکی نوێی تـایبـەتی هـەیە بەرامبـەر بە ڕووداوەکان. ئەمەش واتای ئەوە نییـە کە ئێمە سـەلاحـەدین بەپێوانەی ئەمڕۆی خـۆمان هـەڵبسـەنگێنین چونکە ئـەمە کارێکی دادپەروەرانە

نییە، پێویستە بەتێڕوانین و پێوانەکانی هەڵسەنگاندنی ئەو ڕۆژگارە حوکم بدەین، لە هەمان کاتدا دەبێت ڕەخنە بگرین و قایل نەبین بەوەی کە گوایە هەموو ڕووداوەکان ڕاستن. ڕەنگە دوای خوێندنەوەی کتێبەکە خوێنەر نەتوانێت حوکمێکی یەکلاکەرەوە بدات لەسەر ئەوەی کێ ڕاستە و کێ هەڵەیە و، ئاخۆ ئەو تاوانەی کە ئەمڕۆ سەلاحەدینی پێ تاوانبار دەکرێت لە جێی خۆیەتی یان پێویست دەکات داکۆکیی لێ بکرێت.

لێرەدا دەمانەوێ وەڵامێکمان ئاشکرا بکەین لەسەر ڕایەکی د. موحسین کە دەڵێت: سەلاحەدین بدوێنین یان خۆمان بە بەرپرسیار بزانین؟ هەروەها کە دەڵێت ئەگەر سەلاحەدین قەوارەیەکی کوردی پێک نەهێنا ... بۆچی لە لایەن کەسانی تر ئەم کارە ئەنجام نەدرا بێ ئەوەی دەستنیشانی ئەو کەسانە بکات کە بەرپرسیارن لە نەبوونی دەوڵەتێکی کوردی بەدرێژاییی مێژوومان تاوەکو ئەمڕۆ کێ هەیە جگە لە سەلاحەدین بەرپرسیاری بکەین... ئاخۆ مەبەستی لە میرنشینە کوردییەکانی سەدەی ١٨ و ١٩یە لە کاتێکدا ڕادەی ئەشکەنجەی میرنشینەکان لە بەربەرەکانێی نێوان ئیمپراتۆریەتی سەفەویی شیعی و عوسمانیی سوننی بۆ هەمووان ئاشکرایە کە کوردستان کرا بە گۆڕەپانی شەڕی ئەم دوو دەوڵەتە. سەبارەت بەدوا چارەگی سەدەی نۆزدەم و بیستەم سەرکردەکانی کورد وەک شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و شێخ عەبدولسەلامی بارزانی و شێخ مەحموود و قازی محەمەد و مەلا مستەفای بارزانی و کەسانی تر هەموو هەوڵ و توانایان خستە گەڕەوە بۆ دامەزراندنی قەوارەیەکی کوردی، بەڵام مخابن جوگرافیا و مێژوو یارمەتیدەریان نەبوو بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان، هەرچەندە گەلی کورد قوربانیی بەهەموو شتێک دا لە پێناو گەیشتن بەئامانج کەچی هیچی بەدەست نەهێنا نەک لەبەرئەوەی ڕاستگۆ نەبووە ـ لە بزووتنەوەی خەباتگێڕیدا ـ بگرە بارودۆخی ئەو سەردەمە کە سەرکردەکانی تێدا دەرکەوت هاوکار نەبوو چونکە کوردستان دابەش کرا و بارودۆخی

ناودەوڵەتی ئاڵۆز بوو و، دەوڵەتی زلهێز پەیدا بوو کە هیچ سەنگێکی بەکورد و ئامانجی کورد نەدا.

مەبەست لەم لێدوانە ئەوەیە کە بڵێین سەلاحەدین هەلێکی بەنرخی بەفیڕۆ دا کە جارێکی تر نەهاتە کایەوە بۆ کورد، و مێژووش ستەمکار بوو بەرامبەر کورد لە بێبەشبوون و بەخشینی هەلێکی تر لەم جۆرە.

لە کۆتاییدا رێژیمە فەرمانڕەواییەکانی ئیسلام بە هەر شێوەیەک بێت بەرپرسیارن بەرامبەر کارەساتەکانی کورد، هەروەها ئەوان بێباک بوون لە بەرپرسیاریەتیی خۆیان بەرامبەر ئەم گەلە ستەم لێکراوە بەتایبەتی کاتێ رێژیمی بەعسی عێراق لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم ناوی سوورەتی (ئەنفال)ی لە قورئانی پیرۆز دەرهێنا وەک دروشمێک بۆ لەناوبردنی گەلی کورد بەچەکی کۆکوژ و کیمیایی و زیندەبەچاڵکردنی زیاتر لە دووسەد هەزار مرۆڤی بێتاوان تەنیا لەبەرئەوەی کوردن، بەکاری هێنا. لە نێوان ملیۆنان موسڵمانی جیهان و دەیان رێژیمی ئیسلامیدا دەنگێک هەڵنەبڕا و چرکەیەک نارەزایی دەرنەبڕا و بڵێت بۆچی ئەم بەلایانە دووچاری نەتەوەکەی سەلاحەدینی ئەیووبی دەبێت.

بەدران ئەحمەد حەبیب
٢٦ی ئایاری ٢٠٠٢

## چیرۆکی من و سەلاحەدین

لە لێکۆڵینەوەکانم بایەخێکی زۆرم بە چارەسەرکردن و لێکۆڵینەوەی بابەتی (سەلاحەدین ئەیووبی) داوە جا ئەمە لە قۆناغی دوکتۆرا بێت کە بابەتی نامەکەم لەبارەی سوپای سەلاحەدینەوە، پێکهاتن و رێکخستن و چەک و دەریاوانی و شەڕەکانی.... هتد بووە، یان لەپێش ئەم قۆناغەوە دوای وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لەسەر بابەتی (ئەربیل فی ئەلعەهد ئەلئەتابەگی) ئەوە بوو لێکۆڵینەوەیەکمان لەسەر سەلاحەدین لە میانەی نامیلکەیەک ساڵی ١٩٧٥ بڵاو کردەوە لەژێر ناونیشانی دوو بابەت لەمەڕ مێژووی کورد کە لە وەرزی رۆشنبیری لە بەغدا و شارەکانی کوردستان یان لە دەرەوەی وڵات بەشداریم پێ کرد، هەروەها لێکۆڵینەوە و بڵاوکراوەکانمان لە کۆوارەکانی کۆلێجی ئادابی زانکۆکانی بەغدا و کوێت و ڕیاز، و کۆواری کۆڕی زانیاری عێراقی/ دەستەی کوردی و کۆواری رۆشنبیری نوێ و کاروان... بەهەرحاڵ هەندێک رووداو شایستەی باسکردنە کە بە سەرم هاتووە:

ڕۆژێک بەرەو کۆلێجی ئاداب لە بەغدا کە ماوەی بیست ساڵ خزمەتم تێدا کرد؛ دەرۆیشتم بە گوێمدا هات کەسێک سەلاحەدین، بانگ دەکات و دووبارە کرایەوە ئاوڕم دایەوە بۆ سەرچاوەی بانگ کردنەکە، مامۆستای سەرپەرشتیار لەسەر نامەی دوکتۆراکەم "محەمەد تۆفیق حوسێن" خوا لێخۆشبووم بینی بە ناوی ئەم سەرکردەیە بانگم دەکات و هەنگاوەکانم بەرەو دوایان بردم و، سڵاوم ئاراستە کرد و لەسەر هەندێ بابەت

گفتوگۆمان کرد، پاشان پرسیارم لێ کرد ئاخۆ ناومی لە یاد کردووە، هەرچەندە بۆ ماوەی سێ ساڵ کارم لە تەک کردبوو، وەڵامی دامەوە: نەخێر، بەڵام بە ناوی ئەم سەرکردەیە دەناسرێت زیاتر لە ناوی ڕاستەقینەت، لە وەڵامدا وتم: شەرەفێکی گەورەیە شتێکم لەم سەرکردە مەزنە دەست بکەوێت. پاشان لە دەرگەی کۆلێجەکانمان جودا بووینەوە.

چیرۆکی دووەم: کاتێک گەیشتمە کۆلێجی ئاداب لە شاری مصراتەی لیبیا ئەوراقەکانم خستە پێش دوکتۆر محەمەد ئەلهادی بوعجیلە، سەرۆکی بەشی مێژوو، ورد بووەوە لە ئەوراقەکانم و "ژیاننامەی زانستی" پاشان پرسیاری لێ کردم: ئاخۆ – ئێوەی عێراقی ـ لێکۆڵینەوەکان بە ئاماژە دەنووسنەوە یان فەرمانێک لە سەرەوە دێت؟ وتم: مەبەستت چییە؟ وەڵامی دایەوە: زۆربەی نووسینەکانت لەبارەی سەلاحەدینەوەیە، ئاخۆ ئەمە لەسەر داواکاریی لایەنێکی دیاری کراوە، یان لەبەرئەوەی کوردی هەولێری؟ وەڵامم داوە: نکووڵی ناکەم لە بوونی پێ ڕاگەیاندن یان فەرمان لە نووسین و بەستنی کۆنگرەکان، بەڵام سەرچاوەی نووسینەکانم لەبارەی ئەم سەرکردەیەوە لایەنێکی میری نییە، بگرە گەلەکەمە کە تاوەکو ئێستا بە دوای مێژووی ئەم سەرکردەیە دەگەڕێت و لاوانی گەلەکەمە کە بەردەوام لە پرسیارکردنی کردەوەکانی ئەم سەرکردەیەن. پاشان داوای لێ کردم یەکەم موحازەرەم لە وەرزی رۆشنبیری ساڵی ١٩٩٧ لە هۆڵی (الوثیقة الخضراء– بەڵگەنامەی سەوز) لەبارەی یەکێک لە بیردۆزەکانی فەلسەفەی مێژوو و، وانەی دووەم باسی یەکێک لە لایەنەکانی ژیانی سەلاحەدین بێت.

لەبەرئەوەی تەنیا من پسپۆڕی مێژووی سەلاحەدین بووم لە زانکۆی بەغدا (تاوەکو ئێستاش/ بەگوێرەی زانیاریم) جارێکیان ئاگەدار کرامەوە بۆ پێشکێشکردنی لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی ئەم سەرکردەیەوە لە کۆنگرەیەکی لە زانکۆی تکریت بە بۆنەی تێپەڕبوونی (٨٠٠ ساڵ) بەسەر سەرکەوتنی

حـەتـین. پێش بەسـتنی کـۆنگرەکـە بە چەند ڕۆژێک، یەکـێک لە بەشـداران ئاگەداری کردمـەوە کە ناوم لە لیستی بەشداران سڕاوەتەوە، بەم جۆرە دوور خرامـەوە لەو کۆنگرەیە. ئەم ڕووداوە ڕووداوێکی تر دەهێنێتـەوە یادم: کاتێک سـەرۆکـایەتیی بـەشـی کـوردی لە زانکۆی بـەغدام گـرتبـووە ئەسـتـۆ واتا لە بەشی مێژوو نەبووم، هەینێکە لەژێر ناونیشانی (مێژووی سەربازی عەرەب) لە بابل کـۆنگرەیەک سـاز کرا بەبۆنەی سـاڵوەگـەڕی یەکەمی شـەڕی نێـوان عێراق و ئێران، لە بەشدارانی کۆنگرەکە بووم لە کاتێکدا لە بەشی مـێژوو یەک کەس کـە مێژووی سەربازی لە مـیانەی بایەخدانەکانی نەبوو بەشداریی تێدا کرد. هەروەها وەک نوێنەری زانکۆکانی عێراق و کوردستان بەشداریم لە کۆنگرەی سەلاحەدین کە دەزگای ئەستەمبۆڵ بۆ لێکۆڵینەوەکانی مێژوو بە هاوکـاریی زانکۆی دیجلە و دیاربەکـر بەبۆنەی تێـپـەڕبوونی (٩٠٠ سـاڵ) بەسەر شەڕی خاچییەکان سازی دا و، لە ٢٣- ١٩٩٦/١١/٢٤ بەسترا، دوو موحـازەرەم وتەوە، یەکـەمیـان لەژێر ناوونیشـانی "ڕۆڵی پێشـەوایەتیی کورد لەناو سوپای سەلاحـەدین" کە پێشتر بە چەند مـانگێک بەشداریم پێ کردبوو لە وەرزی ڕۆشـنبـیـری زانکۆی دهـۆک. ئەم لێکۆڵینـەوەیە دەنگدانەوەیـەکی گەورەی هەبوو لە نێوان دانیشتوانی دهۆک و دیاربەکری خۆشـەویست، ئەو پێشوازییـە گەرمەی لە دیاربەکر لێم کرا هەرگیز لە یادم ناچێت، هەرچەندە هەندێ ناخـۆشی کەوتە نێوانمان "من و هەندێ لە بەشدارانی کۆنگرەگێڕان نەک ئامـادەبووان لەسـەر (مـینبـەری) دوانگـەی مـوحـازەرات پاشـان لەناو باڵەفڕە لە نێوان دیاربەکر و ئەنقەرە".

نامـەوێت درێژە بدەم بەباسکردن لەبارەی فـەرمـان پێدان (ایعـاز)ەوە، بەڵام ئەمە پێویست بوو بۆ هەمـوارکردنی فەرمان پێنەدان (اللایعاز) کە لە شێوەی کـۆمـەڵە پرسـیـاری گـەلاڵە بووبوو، بۆیە دەبێت بە زمـانێکی ڕوون و ئاسـان ڕاسـتـیی ڕووداوەکـان بخـەمـە پێش چاو. نامـەوێت بارودۆخـەکە بـە جـۆرێک بنـوێنم وەک ئەوە بێت مـێـژووی کـورد کـەسـێکی تری تێـدا نیـیـە جگە لە

سەڵاحەدین، ڕەنگە میرێک لە میرنشینە لەناوچووەکان زیاتر لە سەڵاحەدین خزمەتی نەتەوەکەی کردبێت، بەڵام کەس وەک سەڵاحەدین ناوی نەدرەوشایەوە، تاوەکو لە ناوەندی رۆشنبیریی جیهان کورد بە (گەلی سەڵاحەدین) ناسراوە بە تایبەتی کە شکستی هێنا بە رۆژئاوای خاچی، کاتێک لە حەتین سەرکەوت و بەیتولمەقدسی رزگار کرد هەروەها کەناری شام و، بووە هێمای ئازایەتی و سوارچاکی و ڕەوشتی بەرز ئەمە نەک تەنیا لە ڕۆهەڵاتی ئیسلامی وا بوو، بگرە لە رۆژئاواش، کە سەڵاحەدین دوژمنایەتیی دەکرد تەنانەت پاشاکانی رۆژئاوا باجێکیان سەپاندە سەر دەوڵەمەندەکان لە پێناو گێڕانەوەی ئەو زەوییانەی کە ئەم سەرکردەیە رزگاری کردبوو و ناوی (باجی سەڵاحەدین Saladin Tax)یان لێ نابوو.

شێوازی داڕشتنی ئەم کتێبە نوێیە، بەڵام لەگەڵ زۆریی پرسیارەکان کە لە لای خەڵکی دروست بووە دەگونجێ. بەڵام چ خەڵکێک؟ ئاخۆ ڕاستە سەڵاحەدین ئەو کەسایەتییە ئەتراکتفەیە و یەکێکە لە پاڵەوانەکانی شەڕ و ئەو سەرکردەیە کە خەڵکی لە دەوری کۆ بوونەتەوە، لەبەرئەوەی پیاوی تەنگانە بووە دەڵێم: ئاخۆ ڕاستە سەڵاحەدین تاوەکو ئێستا ئەم بایەخدانە فراوانە دەورووژێنێ؟ بەڵێ لە لای ئەو کەسەی کە بایەخ بە مێژوو دەدات و، پێوەستی خۆشەویستی نیشتمان دەبێت و دوور دەکەوێتەوە لە تەماعە تایبەتەکان... پاشان دەڵێم بەڵێ کاتێک بابەتەکە دەگەڕێتەوە بۆ نەژادی نەتەوەیی کوردانەی، بە ئاماژەکردنی سەرچاوە مێژووییەکان سەردەمی سەڵاحەدین ئەو ڕەچەڵەکەی بەپێی لۆجستی جیهادی ئیسلام نەک لۆجستی نەتەوەیی یان بە واتایەکی تر بەپێی بۆچوونی ڕەگەزپەرستانە کە لەم کتێبە باسی لێوە دەکەین.

ئەم ڕوانگەیە وامان لێ دەکات لە پێکهاتەی ناوی ئەم سەرکردەیە (سەڵاحەدین ئەیووبی) بڕوانین کە زاڵترە بەسەر ناوی ڕاستەقینەی (یوسفی

کــوڕی ئـەیووب) کــە نـاوی (ئەیـووب)ی باوکـی بە نـازناو نـاســـراوە لە بـریی (ڕەوادی هـەزیـانـی) نازنـاوی ڕاسـتــەقـینـەی چونکـە ئـامـــاژەیەکی ڕوونـە بۆ نەتەوەکـەی، هـەروەها لەو سـەردەمـەدا ناوی باوک بە نازناو وەرنەگیـراوە. بەم شێـوەیە (سـەڵاحـەدین) زاڵ بووە بەسـەر ناوی یوسف خـۆی، باو بوو کە ناوی تەواوی ئەو کـەسـە یان هۆز یان شـار و هـەندێ جار مـەزهـەبی (ئاینزا) ئاینی دەبوو بە نازناوی کەسێک و پێـی دەناسرا، لە تایبەتمەندییەکانی ئیـسلامیش جیـاوازی ناکـات لە نێـوان موسـڵـمـانان تەنیـا بە خـواپەرسـتی نەبێت هـەمـوو موسڵمانان نەک ڕەگەزێک (أن أكرمكم عند الله أتقاكم) هـەروەها مـەبەست لە ئایەتی پیرۆز (كنتم خير أمه خرجت للناس).

ئەم کـتێبـە کـتـێبێکی مـێژوویی نییـە، بە تایبـەت لە هـەندێ لایەنیـەوە، بگرە لێپێچینەوە و دادگەییکردنی پیاوێکە بەپێی تێڕوانینی سـەردەمی ئێـستامان. لێدوانی پـیـاوێکـە کـە پـتر لە هـەشت سـەدەیە کـۆتاییی بە ژیـانی هـاتووە بەڵام بێ ئەوەی بهێننە پێش دادگە، بگرە لە ڕێگەی پشـتبـەسـتن بەسـەرچاوەکـان و شــیــتــەڵکردنەوە، دەگــەینە ئـەنجــامــێک لە پرســیــارەکــان. ئـەوەی وەڵامی پرسیـارەکان دەداتەوە دانەری ئەم کتێبەیە بەپشتبەستن بە کتێبی ڕەسەنی مـێژوو، نـەک بەپشـتبـەسـتن بە وەڵامـی سـەڵاحـەدین کـە گـەلەکـەی زیـاتر لە توانای دەخـەنە ئەستۆ، چونکە ئەو پرسـیارانەی ئاراسـتە دەکرێت لە ئەرکی ئەو و هـی سـەردەمـی نەبووە وەڵامـی لەسـەر بدەنەوە.

ماقـووڵ نییە ئەم کـتێبـە ڕەخنەی لێ نەگیـرێت لەبەر شێوازی داڕشـتنی کە ئامادەم سـوود لە ڕەخنەکان وەربگرم. دەزگـای ئاراس ئەو سیفەتەی پێ داوم کە بە زمـانـی مـردوویەکـی ـ زیندوو وەڵام بدەمەوە، کە ئەمەش ئەرکێکی گرانە و، تکام وایە خراپەیەک بەم سـەرکردەیە نەگەیەنم هـەرگیـز لە خۆم خۆش نابم و مـێژووش لێم خـۆش نابێت، بێگومـان ـ تا ڕادەیەکی زۆر ـ دانانـی کـتـێبێک بەم شـێـوازە زیاتر لـە پایەی ئەم سـەرکردەیە بەرز دەکـاتەوە چونکە لە هیچ

کاتێکدا کورد بەرپرسیار و دادگەی سەرکردەیەکی تری نەکردووە جگە لە سەلاحەدین.

دەمەوێت ئاماژەیەک بکەم بۆ ئەوەی سەلاحەدین وەک هەموو مرۆڤێک هەڵە و شکستی خۆی هەبووە، لێرە مەبەست لە هەڵە دانەمەزراندنی دەوڵەتێکی کوردستانی نییە "چونکە وەلامی تایبەتمان هەیە لەم بارەیەوە لە میانەی کتێبەکە" بگرە مەبەستمان هەڵەی ناو گۆڕەپانی شەڕەکانە، هەموو ژیانی سەرکەوتن نەبوو، ئەگینا دەبووە ئەفسانەی سەردەم، ئاخۆ سەرکردە هەیە شکستی نەهێنابێت بۆ یەک جار؟ لە سەرەتای وەرگرتنی فەرمانڕەواییی میسر و شام، هەروەها لە دەروازەی شاری "صور" لە باشووری لبنان بەهۆی پتەویی شوورەکانی شکستی هێنا، پاشان شکستهێنانی بەرامبەر گەمارۆدانی دەریایی و وشکانیی عەککا کە خاچییەکان ئەنجامیان دا پێش بەستنی ئەو رێککەوتنە مێژووییەی کە لەگەڵ سەرکردەی خاچییەکان ریتچارد شێردڵ پاشای ئینگلتەرا ئەنجامی دا.

ئەم شکستانە لە مێژووی ئەم سەرکردەیە وێنەی سەرکردەیەکی ڕاستەقینە بوو، ئێمەش نکووڵیمان لەو شکستانە نەکردووە، مافی خۆمانە ئەگەر شانازیی پێوە بکەین چونکە زیاتر لە سەرکردە مێژووییەکانی کورد توانی لە پایەی کورد بەرز بکاتەوە، بەڵگەشمان ڕاستییەکانە کە لە سەرچاوە باوەڕ پێکراوەکان وەرگیراوە، هیواداریین درێغیمان نەکردبێت دەرهەق بەم سەرکردەیە و ڕاستی و مێژوو.

سەبارەت بەڕێبازی دانانی کتێبەکە، لە دابەشکردنی کتێبەکە بەپێی بابەتەکانە داڕێژراوە نەک بەش، هەر بابەتێک پرسیارێک دەهێنێتە ئاراوە. بەگوێرەی توانا هەوڵ دەدەین درێژە نەدەین بە وەلامەکانمان، بگرە بەشێوەیەکی کورت وەلام دەدەینەوە و، دووبارەکردنەوەی تێدا نەبێت یان

خـوێنەر دەگـەڕێنینەوە سـەر بابەتێکی پێـشـوو، یان دەیبـەینەوە بـۆ سـەر بابەتێکی تر، ئەمـەش شێوازێکی نوێیـە لە دانان و نووسـین، گومانیش لەوەدا نییە کە کەس پارێزراو نییە لە هەڵەکردن.

لە سـەرەتادا زەوینەی پەیدابوون و دروسـتکردنی ئەم سـەرکردەیە راڤـەی دەکەین چونکە ڕێڕەوی ڕووداو و یاسای جووڵاندنەوەی کۆمەڵگە پیاوی خۆی دەهێنێتـە کایەوە، نەک بەپێچـەوانـەوە، بـەڵام کـاریگـەری خـۆیان هـەیە بەسـەر ڕووداوەکـان و سـەردەم تاوەکـو وا دێتـە بەرچاو وەک ئەوەی ئـەمـان ئەم ڕووداوانەیـان بەڕێوە دەبرد، لێـرەدا مـەبەسـتـمـان لە زەوینـە... شـەڕی خاچییەکانە.

د. موحسین محەمەد حوسێن

هەولێر – کوردستانی عێراق ٢٠٠٢

## شەڕی خاچییەکان

بزووتنەوەیەکی سەربازیی گەورەیە لە ڕۆژئاوای مەسیحی کاسۆلیکی لە سەدەکانی ناوەڕاست بەر لە کۆتاهاتنی سەدەی یازدەمینی زاینی سەری هەڵداوە وێڕای ئەوەی مەسیحییەکانی ڕۆژهەڵاتی (ئەرسەدۆکس) کە لەناو ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی لە قوستەنتینیە (ئەستەمبۆڵی ئێستا) بوون هانای بۆ بردن ئەمەش لە دوای شکستهێنانیان بەرامبەر بە هێزی سەلجووقی لە شەڕی (مانزگرت) لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ ساڵی (١٠٧١ ز) و دەستگیرکردنی ئیمپراتۆرەکەیان.

ئەوە بۆ پاپا ئۆربانی دووەم پەیڕەوکەرانی خۆی بانگهێشتن کرد کە ئامادە بن بۆ شەڕکردن، هاتن بەرەو ڕۆژهەڵات ئاشکرا بکەن بۆ فریادڕەسی برا مەسیحییەکانی ڕۆژهەڵات لە وڵاتی ڕۆم ئەنجا خاکە پیرۆزەکان لە دەستی موسڵمانە دوژمنەکانیان (کافرەکان لە ڕوانگەی ئەوان) ڕزگار بکەن و پاپای ناوبراو بە ڕەگەز فرەنسی، بانگهێشتنی کرد بۆ شەڕە پیرۆزەکەی لە شارۆکەی (کلیرمۆنت)ی فرەنسی، هەروەها زۆربەی میرەکان و جەنگاوەرەکان فرەنسی ڕەگەز بوون بۆیە سوپاکانیان بە فەرەنجە و، شەڕەکانیان بە شەڕی فەرەنجە ناونرا لە سەرچاوە ئیسلامییەکان (و نائیسلامییەکان)، بەردەوامیی کێشا بۆ ماوەی دووسەد ساڵ (١٠٩٥ – ١٢٩١ز) پاشان ئەوروپاییەکان ناوی شەڕی خاچییەکانیان لێ نا دوای کۆتاهاتنی بە چوارسەد ساڵ، بەو بڕوایەی کە شەڕێکی پیرۆزە، هەروەها هەستان بە وێنەکێشانی نیشانەی خاچ بە ڕەنگی سوور لەسەر پشتیان، لەژێر کاریگەری دروشمی پاپا (خوا وای ویست!).

هەرچەندە سیفەتێکی ئاینییان پێ بەخشیبوو، یاخۆ هەوڵیان دەدا تەنیا ئاین بکەن بە پاڵنەر بۆ شاڵاوەکانیان و بیانەوێ دەستی سەرکردەکانی بزووتنەوەکە بێت، لە ڕێکخستنی ئەو شاڵاوە گەورانە، کە ژمارەیان گەیشتە هەشت شاڵاو، بەڵام لە ڕاستیدا ئامانجی تر پاڵی پێوەنان بۆ ئەوەی بێنە ناو وڵاتی ڕۆژهەڵات (وڵاتی ماست و هەنگوین) کە ناسراو بوو بە چالاکیی بازرگانی و سامانەکانی. ڕۆژئاوا بەتایبەتی فرەنسا هەوڵی دەدا کێشە ئابوورییەکانی چارەسەر بکات نەک تەنیا لە وڵاتەکەی خۆی، بگرە لە وڵاتەکانی تریش، بەتایبەتی کێشەی کەمیی خواردەمەنی و، چۆنیەتیی دابەشکردنی یەکەکانی زەوی. جگە لە ڕۆڵی دیاری شارە بازرگانییە گەورەکانی ئیتاڵیا (بیزا، بندقیە، فینیسیا- وجنوا) کە دەیانگێڕا و بە بەردەوامی ڕەچاوی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەکرد[1].

ئەم شاڵاوانە سەرکەوتنی بەدەست هێنا لە داگیرکردنی بەشێکی فراوان لە وڵاتی شامی گەورە، واتا سووریا و لبنان و فەڵەستین و، هەروەها چەند بەشێک لە خاکی ئوردنی ئێستا، خاچییەکان لەو ماوەیەدا سێ میرنشینیان دامەزراند، یەکەمیان لە خاکی کوردستان و ناوچەی جەزیرەی سەروو، کە میرنشینی ڕوها بوو[2]، دوومیان لە ئەنتاکیەی باکوری سووریا[3] و، سێیەمیان لە باکوری لبنان (میرنشینی تەڕابلوس)، سەرەڕای مەملەکەتی بەیتولەقدس لە فەڵەستین.

---

١. پێویست ناکات لێرەوە هۆکارەکانی هێرشەکەی تر ڕاڤە بکەین گەر کۆمەڵایەتی یان ڕامیاری... هتد و ڕاڤەمان کردووە لە کتێبەکەماندا لەگەڵ (د. فارووق عومەر فەوزی) تاريخ فلسطين ط٢، /دار الشروق - عمان ١٩٩٩. بۆ زیاتر بڕوانە کتێبی د. محمد صالح منصور. اثر العامل الديني في التوجيه الحركة الصليبية. منشورات جامعة قاريونس - بنغازي. ليبيا ١٩٩٦.

٢. لە ڕۆژئاوا بە ناوی Edessa ناسراو ئەویش ئورفەی ئێستایە دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتی ئەنادۆڵ لە (تورکیا).

٣. ئێستا دەکەوێتە ناو زەوییەکانی تورکیا.

ئەم داگیرکارییە فراوانە بوارێکی بەلایەنی ئیسلامی بەخشی بۆ ڕکابەریی ئەم شالاوانە، لێرەوە سەردەمی پیاوانی خۆبەخت دەستی پێ کرد، یەکەمیان (عیمادەدین زەنکی کوڕی ئاق سونقور) بوو کە میرنشینی روهای گێڕایەوە، ئەنجا (نوورەدین مەحموود)ی کوڕی جێگەکەی گرتەوە لە حەلەب، کە لە گێڕانەوەی چەند بەشێکی ناوەخۆی وڵاتی شام، سەرکەوتنی بەدەست هێنا بەڵام مەزنترین دەستکەوتی ئەوە بوو کە سێ هێرشی کرد بۆ سەر میسر بەسەرکردایەتیی شێرکۆ پێشەوای سوپاکەی و دەستە ڕاستی نوورەدین، بەمەبەستی یارمەتیدانی خیلافەتی فاتمی بۆ ئەوەی بە ڕووی خاچییەکان بوەستێت کە چاویان بڕیبووە ئەم وڵاتە لە پێشوەختدا تاوەکو قۆناغەکانی دواینی ئەم هێرشانە، کە سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا.

واتە لە دەوڵەتی (ئەتابەگ)[1]ی و لە سەردەمی نوورەدین مەحموود، زیاتر لە جاران خانەوادەی هەردوو برا ئەیووب و شێرکۆ دەرکەوتن، کاتێک یوسف (سەلاحەدین) بەشداریی کرد لەگەڵ شێرکۆی مامی لە هەرسێ هێرشەکانی شام بۆ سەر میسر، کە لاوێتیی لە بیست و شەش ساڵی پتر نەبوو لە شالاوی یەکەمدا و لەسەر داواکاری خەلیفەی فاتمی (العاضد بالله)، هێرشی سێیەم جێگیر بوو لە دوای چەند رۆژێک سەلاحەدین هەستا بە کوشتنی (شاوەر) وەزیری ناپاکی میسر کە زیاتر لە چەند جارێک سازشکاری لە تەک خاچییەکان ئەنجام دابوو. لەو کاتەدا خەلیفەی فاتمی،

١. ئەتابەگ / وشەیەکی تورکییە لە دوو بڕگە پێک هاتووە ئەتا = باوک، بەگ = میر. بە واتای باوکی میر دێت. لە بنەڕەتدا بەو کەسە دەوترا کە پەروەردەکردنی منداڵی سوڵتانەکانی دەکەوتە ئەستۆ، پاشان میری دەوڵەتەکان و فەرمانڕەواکانی کوردستان ئەم نازناوەیان هەڵگرتووە کە لە پێنج چین برێتی بوون: میرەکانی فەرمانڕەواییی ئەرتەقی، فەرمانڕەواکانی شاه ئەرمەن، سوڵتانەکانی فەرمانڕەواییی زەنکی، ئەتابەگییەکانی ئازەربیجان و ئەتابەگی لورستان. (و). الامیر شرفخاني بدليسيو: شرفنامة، ترجمة: محمد جميل الملا احمد روژبياني، ط٢، ٢٠٠١، الناشر مؤسسة موكرياني للطباعة و النشر، كوردستان– اربيل، ص ١٨١.

سەرکردەی سوپا (شێرکۆ)ی بە وەزیری میسر دامەزراند. بەڵام دوای سێ مانگ شێرکۆ فەرمانی خوای بەجێ هێنا، ئەمجارە خەلیفە سەلاحەدینی بە وەزیر دانا لە جێگەی مامی و نازناوی (الملک الناصر صلاح الدین و الدنیا)ی پێ بەخشی و، ئەم نازناوە بە ناسراوتر بوو لە ناوە ڕاستەقینەکەی خۆی.

* باپیرانی سەلاحەدین لە کوێ ژیاون؟ باری گوزەرانیان و پایەیان چۆن بووە، پێش بەجێهیشتنی نیشتمانەکەیان؟ ئەنجا چۆنیەتیی دەرچوونیان لە نیشتمان؟

– گومانی تێدا نییە کە سەلاحەدین دەگەڕێتەوە بۆ سەر هۆزی ڕەوادی هەزبانی کورد و بەپێی سەرچاوەکان باپیرانی لە شارۆکەی (دوێن) لەدایک بوون، ئەمەش دێیەکە یاخۆ شارۆکەیەکی لەناوچووە و لە لایەن جوگرافناسە موسڵمانەکان نەناسراوە، بەڵام ناوبانگی سەلاحەدین لە لای ئەو کەسانەی کە بایەخ بە مێژوو دەدەن ناسراوی کردووە، هەرچەندە ناسینەوەی کارێکی ئاسان نییە، هەر ئەمەش مێژووناسان و جوگرافناسانی خستووەتە گومانەوە کە تاوەکو ئێستا مشتومڕ و ناتەباییان بەردەوامە لەسەر دیاریکردنی شوێنی، تەنانەت ئیبن خەلەکان لە تەمەنی پێگەیشتنی پێش ئەوەی بیست ساڵی تەمەنی تەواو بکات، هەولێری بەجێ هێشت نەیتوانی هەڵوێستەکە یەکلا بکاتەوە و، (یاقوت ئەلحەمەوی) کە بەناوبانگترین جوگرافناسی سەردەمی خۆی دەناسرێت (کۆچی دوایی کردووە لە ٦٢٦ک – ١٢٢٩ز) زیاتر زێدی ئەیووبییەکانی دوورخستەوە لە کوردستان کاتێک وتی: (دوێن) یەکێکە لە ناحیەکانی ئەرران لە کۆتای سنووری ئازەربایجان نێزیکی (تەفلیس)[1]. بێ ئەوەی سەردانی ناوچەکە بکات چونکە زانیارییە

١. معجم البلدان. ط. دار صادر بیروت. ١٩٥٥ – ٤٩١/٢.

جوگرافییەکان بەبێ شارەزایی دەگوترا. ئیبن حەوقل جوگرافناسی بەناوبانگ کە لە لووتکەی گەشەسەندنی شارستانیەتی ئیسلام ژیاوە (کۆچی دوایی کردووە لە ٣٦٧ک – ٩٧٧ز) وەسفی سەرچاوەی هەردوو زێ دەکات (گەورە و بچووک) دەڵێت: سەرچاوەکەی لە شاخەکانی نێوان لایەکانی ئازەربایجانەوەیە کە لە لایەکانی ئەرمینیاوە دێت هەروەها لایەکانی ئازەربایجانیش[١]. وا دیارە ئازەربایجان لەپێش وەختدا ناوچەیەکی فراوانی لەخۆ گرتبوو کە دەگەشتە بەشەکانی باکوری رۆژهەلاّت لە عێراقی ئێستا و، باسی ریوایەت و ئەفسانەکان ناکەین کە جوگرافناسەکان لە کتێبەکانیاندا هاتوونەتە باسکردنی، ئاخۆ هەر مەسعوودی نەبوو رەچەڵەکی کوردی گێرایەوە بۆ سەر جنۆکە... یاخۆ عەرەب(؟)[٢].

بەلاّم دەرکەوتنی پاشماوەی دێیەک لە دووریەکی کەم لە هاوینەهەواری پیرمام (سەلاّحەدین) کە بە(دوێن) دەناسرێ و، جەختکردنی شوێنەوارناسە گەورەکان لە نێوانیان مامۆستای خوا لێخۆشبوو (تەها باقر و فوئاد سەفەر) و، گەریدە بیانییەکان کە سەردانی ناوچەکەیان کردووە ئاشکرایان کرد کە پاشماوەی ئەم دێیە مەسەلەی زێدی باپیرانی ئەم سەرکردەیەی زیاتر لە جارێک دەهێنێتە سەر رایەخی لێکۆڵینەوە. بەتایبەتی هەرێمی دەوروبەری دێیەکە و چیای پیرمام تەرمی کەسانێکی تێدایە ناوەکانیان لە ناوی خانەوادەکەی شادی کوری مەروانی هەزبانی رەوادی دەچێت. گەر وێنەکە بەم شێوەیە بێت، رەنگە ئەم (دوێن)ە زێدی ئەم خانەوادە بێت. مەسەلەکە پێویستی بە مشتومرێکی هێمنانە و لەسەرخۆ هەیە بۆ گەیشتن بە راستییەکان. پێویستە ناکۆکییەکان روون بکەینەوە کە لە نێوان خاوەن سەرچاوەکان و، جوگرافناسە کۆنەکان، دەردەکەوێ بەبێ ئەوەی لە

١. صورة الأرض. منشورات مكتبة الحياة – بيروت ١٩٧٩. ص ٢٠٥.

٢. بڕوانە ئەو وەلاّمدانەوەی کە بلاومان کردەوە لە رۆژنامەی (العراق) لە ١٩٨٤/٤/٣٠ لەژێر ناونیشانی (المسعودي وحديثة عن أصل الكورد).

ڕاستییەکان دوور بکەوینەوە، بگرە هەوڵ بدەین زیاتر سوودمەند بین.

لە ڕاستیدا هۆی دەرکەوتنی ناکۆکی لە دەستنیشانکردنی جێگەی ئەم شارۆکەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسانەی کە باسی (دوێن)یان کردووە و هاوچەرخی سەلاحەدین بوونە، سەردانی ناوچەکەیان نەکردووە لە جوگرافناس و مێژوونووسەکان. ئەنجا ئەو کەسەی مێژووی وڵاتی کوردی نووسیوەتەوە لە ڕۆڵەکانی نەبوونە، ئەوانی تریش کە لە ڕۆڵەی کورد بوونە بایەخیان داوە بە بابەتێکی گشتی، بەپلەی یەکەم ئەمە لەسەر (ئیبنولئەسیری جەزری) پەیڕەو دەکرێ و تا ڕادەیەکی زۆر (ئیبن خەلەکان)یش، لە هەمان کاتدا (ئیبنولستەوفیی هەولێری) بە نووسینە زۆرەکانی کە تایبەتن بە مێژووی پیاوە گەورەکانی شارەکەی و ئەو پیاوە بەناوبانگانەی کە سەردانی شارەکەیان کردووە، بەمەش خزمەتێکی گەورەی کردووە.

لەبەر نەبوونی قەوارەیەک کوردستانی گەورە بگرێتە خۆی بەتایبەتی لە مێژووی ئیسلام، مەسەلەی دەستنیشانکردنی ئەو هەرێمانەی کە لەژێر دەسەڵاتی ئەم یان ئەو دەوڵەت، لە کۆن و نوێدا بوونە، مەسەلەیەکی سەختە، تەنانەت لە زۆر کاتدا بووەتە هۆی لەدەستدانی سنووری خاکی کوردستان لە هەموو لایەکەوە و، بگرە هەندێ لە پیاوە بەناوبانگەکان دەیگێڕنەوە بۆ دەرەوەی نیشتمان، یان بۆ نەتەوەیەکی تر جگە لە نەتەوەکەی خۆیان.

دەبێت لە یادمان نەچێت کە کورد بوونیان هەبووە لە دەرەوەی نیشتمانی ئێستایان وەکو سەرچاوەکان باسی دەکەن، ئەمەش بە واتای ئەوەیە کە ڕووبەری نیشتمانی کورد بە تێپەڕبوونی کات کەمی کردووە، بە قودرەتی قادر(!).

* سەبارەت بەهۆی دوورکەوتنەوەی خانەوادەی شادی (باپیرەی سەلاحەدین) لە زێدی باپیرانیان چییە؟

– سەرچاوەکان بێدەنگن لەبارەی ئەم بابەتەوە، خانەوادەی ئەیووبی بەرژەوەندیی رامیارییان بە دەست نەدەهێنا گەر جێگەی خۆیان نەگۆڕیبا. ئەو گۆڕانەی کە دەرفەتی ڕەخساند بۆ کەسانێک کە دەوڵەت و شارستانیەت دابمەزرێنن و بە نەمری لە لاپەڕەکانی مێژوودا تۆمار بکرێن، بۆ نموونە (ئەمەوی، عەباسی، سەلجووقی، فاتمی، مەمالیک و عوسمانییەکان ئەمە جگە لە ناوهێنانی مەغۆلەکان و نۆرماندییەکان و ڤایکنک و ئەمەریکاییەکان). لە ڕاستیدا کوڕەکانی خانەوادەی شادی لە بنەڕەتەوە خەڵکێکی ئاسایی نەبوون، ئەگینا ئیبنولئەسیر کە ناسراوە بە هەواداری ڕەخنەگرتن و هەندێک جار ڕەخنەی رووخێنەر بەرامبەر بە سەلاحەدین بەخانەوادانی کورد وەسفی نەدەکردن و، ئیبن خەلەکان وەسفی کردوون بە (کەیخودایان) کە لە گەورە پیاوانی (دوێن) بوونە هەروەها لە زێدیان وەقفیان لە دەروازەی دێی (ئەجدانقان) بەجێ هێشت، لەبەرئەوەی لە گەورە پیاوان و کەیخوداییەکان بوونە بەخێرایی دامەزران لە تکریت یان دیمەشق یان بەعلەبەگ و مووسڵ و حەلەب پاشان میسر.

دەبێت لە یادی نەکەین کە هەزبانییەکان – تێداندا خانەوادەی سەلاحەدین – ئەوان لەپێش سەردەمی ئەتابەگی فەرمانڕەوا و سەرکردەی ناوچەکە بوونە – بۆ نموونە – فەرمانڕەوایی هەولێر و هەرێمە فراوانەکیان کردووە[1].

ئاشکرایە کە کوڕەکانی شادی، بە تەنیا (دوێن)یان بەجێ نەهێشت، بگرە خزم و کەسوکاریان لە تەکدا بووە. دەبینین خاڵی سەلاحەدین (شیهابەدین مەحموود) دەبێتە دیارترین پیاوانی هێرشەکەی شێرکۆ بۆ سەر میسر و، هەڵوێستی خۆی هەبووە لە پشتگیریکردنی خوشکەزاکەی بۆ هەڵبژاردنی بۆ وەزارەتی میسری فاتمی، وەک دەبینین. هەروەها خاڵۆزایەکی تری (موسکی

---

١. هەزبانییەکان (هەروەها کوردەکانی حەمیدی ولاری) گەڕەکی تایبەتییان هەبووە لە مووسڵ. بڕوانە: ئیبن حوقل. صوره الارض. ص ١٩٥.

کوڕی چکو) دەبێتە یەکێک لە سەرکردەکان کە لە سەردەمی وەزارەتەکەی سەلاحەدین لەگەڵ ئەبی بەکری کوڕی ئەیووب یاخیبوونی ڕەشپێستەکانی لە میسر سەرکوت کرد.

شادی هەزبانی لەگەڵ کاروانێک لە سوارەکان وڵاتی بەجێ هێشت و ڕووی لە بەغدا کرد، لەوێ پێوەندیی بە موجاهیدین بەهرۆز – کە لێ پرسراوی (شحنە)ی بەغدا بوو کرد[1]– لە کەسە نێزیککراوەکان بوو لە سوڵتانی سەلجووقی، بەهۆی نواندی دڵسۆزی لە کارەکانیدا فەرمانڕەواییی شاری تکریتی پێ بەخشرا، داوای لە شادی کرد لەگەڵیدا بچێت بۆ تکریت و، لەوێ بە دزدار دای مەزراند[2]. پاش گەیشتنیان بە تکریت شادی کۆچی دوایی کرد و لەوی نێژرا و، لەسەر گۆڕەکەی گومبەزێکی ناسراو لە لای خەڵکی بنیات نرا. تکریت شارێکی نامۆ نەبوو بۆ کورد، کاتێک جوگرافناس ئیبن حەوقل وەسفی دەکات دەڵێت "هەرە زۆری نیشتەجێبووی تکریت لە کوردەکان و سارانشینەکان پێک هاتوون"[3].

ئەیووب کوڕە گەورەکەی شادی جێگەکەی باوکی گرتەوە لە لێپرسراوێتیی قەڵای تکریت و دڵسۆزیی نواند لە کارەکەی کە جێی ستایشی بەهرۆز بوو بەڵام قەدەر ڕێگەی نەدا ئەو بارودۆخە بەردەوام بێت و، ڕووداوێک هاتە کایەوە کە چارەنووسی خانەوادەکەی بەرەو هەڵدێر برد. بەڵام دەبێ چی قەومابێ؟!

یەکێک لە کەسوکاری ئەیووب دەستدرێژیی کردووەتە سەر یەکێک لە ئافرەتەکانی تکریت، کە سکاڵای خۆی گەیاندە دزدار (پارێزەری قەڵا) بەڵام شێرکۆ چاوەڕوانی بڕیاری براکەی نەکرد و، ڕاستەخۆ ئەو پیاوەی کوشت. ئەوجا لەبەرئەوەی ئەیووب لێپرسراوی شار بوو سەختڵەتیی نواند لە بێباکیی

١. شحنە: وەک لێپرسراوی ئاسایشی دەوڵەت یان شار بوو.
٢. دزدار: پارێزەری قەڵا.
٣. سەرچاوەی ناوبراو. لاپەڕە ٢٢.

شێرکۆی برای پاشان دەستگیری کرد و کۆنووسێکی بۆ ڕووداوەکە ئامادە و ڕەوانەی لای بەهرۆزی کـرد "ئاگـەداری کـردەوە بۆ ئـەوەی کـاری پێـویست ئەنجام بدات". لە ئەنجامدا بەهرۆز نووسراوی بۆ هەردوو کوڕەکەی شادی پێکەوە نارد و، تێیدا دەڵێ "مافی باوکتان لە سەرمە و لە نێوانماندا دۆستایەتییەکی پتەو هەیە ناتوانم بە خراپە ڕەفتارتان لەگەڵدا بکەم لەم بارەیەوە، بەڵام داواکارم شار بەجێ بێڵن و لە جێگەیەکی تر گوزەرانیی خۆتان بکەن".

لە کاتی گەیشتنی وەڵام نەیانتوانی لە تکریت بمێننەوە و ناچار بوون ڕوو لە مووسڵ بکەن، عیمادەدین زەنکی بە گەرمی پێشوازیی لێ کردن بەهۆی ئەو پێوەندییە دێرینەی نێوانیان، هاتنیانی بەخشندە کرد و، زەویوزاری پێ دان. لە کاتی دەست بە سەراگرتنی زەنکی بەسەر شاخەکانی لبنان و خاکی بیقاع، ئەیووبی بە جێگری خۆی لەسەر قەڵای بەعلەبەگ دانا.

لەپێش دەرچوونیان لە تکریت لە ساڵی سی و دوو بە ماوەیەکی کەم سەلاحەدین چاوی بە ژیان هەڵهێنا و، ئیبن خەلەکان بەدوای مێژووی ئەم خێزانە دەگەڕا و بەدوای کۆکردنەوە دەنگوباسیان بوو ژیاننامەی پیاوانی بنەماڵەکانی دەنووسییەوە، هەروەها درێژترن ژیاننامەی بۆ سەلاحەدین نووسیوە لە کتێبە ناسراوەکەی کە زیاتر لە هەشتسەد ژیاننامەی کەڵەپیاوانی ئیسلامی لەخۆ گرتبوو کە پێش ساڵی ٦٥٠ ک –١٢٤٢ز کۆچی دواییان کردبوو.

ئیبن خەلەکان لەدایکبووی هەولێرە دوای کۆچی دوایی سەلاحەدین بە نۆزدە ساڵ لەدایک بووە و هاوسەردەمی هەندێک لە خزمەکانی سەلاحەدین بووە و، پرسیاری لێ کردوون کەی (تکریت)یان بەجێ هیشتووە؟ لە وەڵامدا گوتوویانە "گوێبیستی کۆمەڵێک لە خزمەکانمان بۆ وێنە شەوی لەدایکبوونی سەلاحەدین لە تکریت دەرچوون، تەنانەت ماڵەوەیان ڕەشبین بوونە بە لەدایکبوونی".

هەندێکیانیش گوتوویانە: ڕەنگە خێری پێوە بێت نازانین؟ ئەوە گوتراوە خوا دەزانی[1]. ئێمە نامانەوێ بە دوای جوولانەوەی خێزانەکە بچین و چۆنیەتیی گەیشتنیان بە ئاواتەکانیان یاخۆ سەرکردایەتیکردنی دەوڵەتی زەنکی ئەمجا نووری. تا وەکو دەستی بالایان لە دەوڵەتی نووری پەیدا کرد. بەتایبەتی شێرکۆ کاتێک کە کرا بە سەرکردەی سوپا، ئەمجا وەزیر لە میسری فاتمی تاوەکو کۆچی دوایی کرد و سەلاحەدین جێگەکەی گرتەوە، پاشان خەلیفەی فاتمی کۆچی دوایی کرد، دوای دوو ساڵیش نوورەدین مەحموود بەمەش سەلاحەدین جێگەی کەسی یەکەمی گرتەوە لە میسر، ئەمجا لە شام، پاشان لە دەوڵەتێکی بەرفراوان کە دەست پێ دەکات لە بەرقە (لیبیا)وە تاوەکو دەگاتە سوودان و یەمەن، هەردوو حەرەم (مەککە و مەدینە) هەروەها جەزیرەی فوراتی (کوردستانی رۆژئاوا و باکور).

بەم شێوەیە وەلامی ئەو پرسیارە دەدەینەوە کە چۆن سەلاحەدین هەلی پێشکەوتن و دەرکەوتنی بۆ ڕەخسا و، دەڵێین: ئەمە کاتێک رووی دا سەلاحەدین لاوێک بوو لە باخەکانی لبنان و دیمەشق و لە سایەی خێزانەکەی بە خۆشی دەژیا و، جۆرەها وەرزشی سەردەمی لەگەڵ هاوەڵەکانی دەکرد پێش ئەوەی شێرکۆی مامی پاڵی پێوە بنێت بۆ بەشداریکردن لە هێرشە سەربازییە یەک لەدوای یەکەکانی کە خاوەنی شام نوورەدین مەحموود دەینارد و، شێرکۆ سەرکردایەتیی هەموویانی دەکرد، لە هەوڵدانیدا بۆ پاراستنی میسر لە خاچییەکان، ئەمجا بەدەرکردنیان لە دوای هەوڵە دیپلۆماسی و سەربازییەکان، تاوەکو بەکۆتا هات بە فەرمانڕەوای میسر بە یارمەتیی براکانی و پیرەپیاوی باوکی کە سەلاحەدین داوای لێ کرد ڕوو بکاتە میسر و تێیدا جێگیر بێت و ڕاوێژکاری بکات لە تاقیکردنەوەی فەرمانڕەوایەتیی وڵاتێکی دوور کە بە چەمکی ئایدۆلۆجی و

1. وفيات الأعيان: ٧/١٣٩.

نەتەوەیی هەڵگەڕانەوەیەکی تێدا بەرپا کرد کاتێک مەزهەبی (ئاینزا) سوننی هێنایە جێگەی مەزهەبی ئیسماعیلی و[1]، فەرمانڕەواییی کورد لە تەک تورک جێگەی فەرمانڕەوایەتیی عەرەبی گرتەوە کە دەگەڕایەوە بۆ فاتمەی زەهرا (ڕەزای خوای لەسەر بێت).

* باسی ڕۆڵی کوردمان بۆ ناکەی لە سوپاکەیدا؟

وەڵامی ئەم پرسیارە پتر لە بۆنەیەکدا تەوەری قسەکانمان بووە، هەروەها لە تۆژینەوەیەکماندا بڵاومان کردەوە بە زمانی کوردی لە کۆواری کۆڕی زانیاری – دەستەی کوردی ساڵی ١٩٨٥، پاشان دەقەکەی بە زمانی عەرەبی لە کۆواری (مەتین) ساڵی ١٩٩٦ بڵاو کرایەوە.

بێگومان بەدرێژاییی مێژووی کورد، چەندان میرنشینیان پێک هێناوە و خۆیان پاڵپشتی خۆیان بوونە و، بەتایبەت جەنگاوەری لێهاتوویان هەبووە. ڕۆڵیان لەناو سوپای دەوڵەتانی ئیسلامی گێڕا کە کوردستان بەشێک بووە لەو دەوڵەتانە، لە نێوان دەوڵەتی سەلجووقی و ئەتابەگی بۆ نموونە نووسەری هاوچەرخ بۆ ئەو ماوەیە – ئوسامەی کوڕی منقز – لە کتێبەکەی (الاعتبار – ئەلئیعتیبار) کە بە یەکەم کەس دەژمێردرێت لەسەر ئەدەب نووسیویەتی (بیرەوەرییەکان) لەبارەی ئەزموونەکانی ژیانیەوە نووسیوەتەوە و، خۆشی لە بنەماڵەیەکی عەرەبی فەرمانڕەوا لە میرنشینی (شیزر) نێزیک حەماە بووە، ئاماژەی کردووە بۆ ڕۆڵی پیاوان و ئافرەتانی کورد لە بەرگریکردن لە نیشتمان و ئاینەکەیان، بەتایبەتی خاچییەکان جیاوازییان نەدەکرد لە نێوان

١. – ئیسماعیلیە – جێنشینی فاتمییەکانن کە فەرمانڕەواییی مەغرب و میسریان کرد لە ساڵی ٢٩٧ک – ٥٦٧ک ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ یەکێک لە کۆمەڵەکانی شیعە کە بڕوایان بە ئیمامێتیی ئیسماعیل کوڕی جەعفەری صادق هەبووە. (و)– الأمير شرف خان البدليسي، شەڕەفنامە، ترجمة: محمد جميل الملا أحمد الروژبياني، ط٢٠٠١، الناشر مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر كوردستان– اربيل.

کورد و تورک و عەرەب. شتێکی سەیر نییە لە ساڵی ٤٦٣ک – ١٠٧١ز[١] دە هەزار جەنگاوەری کورد یەک بگرن لەگەڵ سوڵتانی سەلجووقی ئەلەب ئەرسەلان، کە بڕیاری دا ڕووبەڕووی سوپای دەوڵەتی ڕۆمی بێزەنتی بێتەوە کە ڕۆماننووس دیۆجین سەرکردایەتیی دەکرد لە شارۆکەی (مەلازگرد) شەڕ لەسەر خاکی کوردستانی باکور بەرپا بوو بەهۆی ئازایی ڕۆڵەکانی کورد لە ناوچەکەدا بە سەرکەوتنی موسڵمانەکان بەکۆتا هات و، سەرکردەی بێزەنتینییەکان دەستگیر کرا[٢]. ئەم شەڕە پلێتەی ئاگرنانەوەی شەڕی خاچییەکان بووە، وێڕای ئەم شکستە ئیمپراتۆری ڕۆم میخائیلی حەوتەم بە پێویستی زانی ئاشتییەک لەگەڵ پاپەوی (کڵێسای کاسۆلیکی لە ڕۆژئاوا) ببەستێ و بەستنی ڕێککەوتن بۆ ئەوەی ببێتە بەربەستێک بەرامبەر بە هاتنی سوپای ئیسلام کە تا دەریای مەڕمەڕە درێژ بووبووەوە واتا نێزیک قوستەنتینیەی[٣] پایەتەختیان.

بەمەش دەوڵەتی بێزەنتی لە خاکی کوردستان شکستی هێنا، ئەمەش بووە هۆی ڕاستەوخۆی هەڵگیرساندنی شەڕ لە نێوان هەردوو جیهانی ئیسلامی و مەسیحی بە هەردوو کڵێساکەیەوە ڕۆژهەلات (ئەرسەدۆکس) و ڕۆژئاوا (کاسۆلێکی). سەرەڕای ئەم هۆیە هۆیەکی تریش دێت، ئەویش یەکەم میرنشین لەو سێ میرنشینانەی کە خاچییە سەرکەوتووەکان، لەسەر خاکی ئیسلام دایان مەزراند لە کوردستان بووە ئەویش میرنشینی روها (ئورفە لە کوردستانی باکور) ساڵی ١٠٩٨ز دامەزرێنرا، هەروەها یەکەم میرنشین بوو رزگار کرا لەژێر دەستی داگیرکەران بەسەرکردایەتیی خۆبەختکار ئەتابەگ عیمادەدین زەنکی ساڵی ١١٤٤ز لە دوای داگیرکردنێکی چل و شەش ساڵی، بەمەش یەکێک لە بناغەکانی بوونی خاچییەکان هەرەسی هێنا، وێڕای ئەمە

١. الدواداري: الدرة المضية. ص ٣٩٣.

٢. ابن النظام الحسيني: العراضة في الحكاية السلجوقية. ص ٤٨.

٣. رنست باركر: الحروب الصليبية. ص: ١٩.

زەنکی دەستی گرت بەسەر شار و دێیەکانی سەر بە روها بەم شێوەیە دۆڵی فوراتی سەروو (کوردستانی سەروو) هەمووی کەوتە ژێر دەسەلاتی موسڵمانەکان[1].

ئیتر پێویست دەکات هەندێک کەس پرسیار بکات لەسەر هۆی بەشداربوونی کورد لەم شەڕانەدا لە کاتی هەڵگیرساندنی، تەنیا هاندەریان بەرگریکردن نەبوو لەسەر خاکی موسڵمانان لە شام و فەڵەستین، ئەمجا لە میسر، بگرە بەرگریکردن بوو لە خاک و مانەوەی خۆیان ئەو خاکەی کە بەشێک بووە لە جیهانی ئیسلام لە هیچ قۆناغێک لە قۆناغەکانی ئەو شەڕانە، جەنگاوەرە کوردەکان بەکرێگیراو نەبوونە و شەڕیان لە پێناو کەسێکی تر نەکردووە بە پێچەوانەوە شەڕیان لە پێناو رزگارکردنی خاکی خۆیان کرد و بە هیوای دەستکەوتنی شەهادەت بوونە، بۆ ئەوەی جێگەیەک لە بەهەشت بگرن، شەهادەتی ڕاستەقینە -لە ئیسلام- کە سۆزی هەموو موسڵمانەکانی بزرواند لەو ڕۆژگارەدا ئەوە بوو بە دەستی خاوەن ئاینێکی تر بکوژرێت.

ئەم ڕۆڵە بەرەو بڵندی بردیانی وای لە جیهان کرد گەواهی بدەن بۆ ئەوەی کورد کاتێک بڕیاری رزگارکردنی خاکی بدات، تاوەکو مردن شەڕ دەکات، دوژمن لەپێش دۆستان دان بەوە دەنێ کە میللەتێکی جەنگاوەر هەیە سیفەتی ئازایەتیی تێدایە کە ئەم سیفەتە لە لای میللەتانی تر بەو ئاستە نییە، هەرچەندە هەوڵەکانیان کەسانی تر سوودمەند دەکات(!). هەوڵی نکوولیکردن دراوە لە میللەتێک کە کوردە یاخۆ ڕۆڵی پشتگوێ خراوە لە مێژوو و جوگرافیا بەدەر نراوە(!).

سروشتی کوردستان خۆی لە خۆیدا فێرگەیەک بۆ فێرکردنی ئازایەتی چونکە کورد وا ڕاهاتووە ئازا و بوێر بێت، بۆیە خۆی لە بارودۆخی شەڕ و

١. سەرچاوەی پێشوو: ل ١٥٧

ناتەبایی بینییەوە لەگەڵ سروشتی وڵاتەکەی، ئەو سروشتەی کە پارێزگاریی لێ کـردوون لە نەمـان و توانەوە و، توانای گـێـڕانـەوەی داگـیـرکـەران و تەماعکارانی پێ بەخشیوە.

مـێژوونووسـان و چەندان نووسـەر دادپەروەرانە سـیـفـەتەکـانی کـوردیان نووسیوەتەوە لە دوای بەشداریبوونیان لە شەڕی خاچییەکان کە زۆربەیان لە مـیـسرییـەکـانن وەکـو (دواداری) کـۆچی دوایـی کـردووە لـە ١٣٣٠ز باسی کردووە: کورد تیروکەوانـهاوێژی لێهاتوون[١].

هەروەهـا ئیبن فـەزلولڵاهی عـومـەری لە ڕوانگەیەکی ترەوە باسی کـوردی کردووە ئەویش لـە ڕووی ژمـارەیان مـیللەتێکی ناتەبا لەناخـۆیدا ناوی بردوون، دەڵێت: کـورد خـەلقێکـی بێ شومـارن(!) و کۆمەڵانـێکی ڕانەگیراون(!) و ئەگەر شـمـشـێری ئاشـوب لـە نێوانیان نەبایە زیادبوونـیـان لە وڵات ڕادەبەدەر دەبوو، بەڵام بە جیـاوازیی بیـر و ڕێکنەکەوتنی ڕا، وەسف دەکرێن[٢]. هەر ئەم هۆیە تا ئێستـا بەردەوامـە لە بەشـەکانی کوردسـتـان کە وەڵامی ئەو پرسـیـارە دەداتەوە لەبارەی نەبوونی دەوڵەتێکی یەکگرتووەوە لەسەر خاکەکەی بە درێژاییی مێژوو.

سـێـیـەم نووسـەر ئەلحەسـەن کـوڕی عـەبدوڵڵای عـەباسـیـیـە، لە سـەدەی چواردەمی زاینـی ناوی کوردی بە ئازا و فـریاگوزار و دلاوەری لـە سـیـفـاتی سـوارە و پیـادەیی بەدی دەکرێ، بەمـەش باسـی جـەنگاوەری کـورد دەکات و ڕایەکی تر زیاد دەکـات کـە دژی ڕای ئیبن فـەزڵولڵاهی عـومـەرییـە دەڵێت: "کـورد لە ناوەخـۆیاندا دەمـارگیـرن بۆ یەکـتـر لە هەمـوو بارودۆخـێکدا و... فێڵ... فریان نییە و ملکەچن بۆ ئاینی ئیسـلام و ئەسپـەردەییـان تێدا بەدی دەکرێ[٣].

---

١. دواداری: سەرچاوەی پێشوو.
٢. التعریف بالمصطلح الشریف. ص / ٤٠.
٣. کتێببی (أثار الدول). ص ١٤٧.

ئەمانە گەواهیدانێکە لەسەر توانای شەڕکردنی کورد و پێویست ناکات زیاتر باس لە ڕای نووسەرەکان بکەین کە هەموویان لە سەردەمی مەمالیکەکانی میسر و شام، ژیاون واتا لەدوای لەناوچوونی دەوڵەتی ئەیووبی بووە، دوای تێپەڕبوونی سەدەیەک لە جێگیربوونی کورد لەو ناوچەیەدا.

دوای دەرکەوتنی خانەوادەی ئەیووب و شێرکۆ لە میسر ئەم ڕۆڵە لەناو سوپای سەلاحەدین ئاشکرا دەبێت بەپێی ریوایەتی ئیبن ئەلئەسیر کاتێ دەڵێ: کورد بە یەک ریز پشتگیریی سەلاحەدینیان کرد پاش دانانی بە وەزیر لە جێگەی مامی لە لایەن خەلیفە (العاضد بالله)ی فاتمی. ئەمەش لەو دیالۆکە ئاشکرا دەبێ کە لە نێوان سەرکردەکانی سوپای نووری و ئەو وتووێژانەی قازی عیسای هەکاری ئەنجامی دابوو لەگەڵ هەر سەرکردەیەک بەتەنیا بەشێوەیەکی دیپلۆماسی و زیرەکانە، تا قایل بن بە بڕیاری خەلیفە.

کاتێک خەلیفەی فاتمی سەلاحەدینی بە وەزیر دامەزراند سەرکردەکانی سوپای نووری نارەزاییان دەربڕی بەهۆی تەمەنی سەلاحەدین کە تۆزێکیش لە سی ساڵ پتر بوو[1] و، لەبەرئەوەی دەیانویست وەزارەت بۆ کەسێک لە خۆیان بێت. هەرچەندە هۆیەکانی خەلیفە لە جێگەی خۆی بوو لە دانانی سەلاحەدین چونکە برازای شێرکۆ و سەرکردەی سوپا و وەزیری میسر بوو و، بکوژی شاوەر کە وەزیری پێشووی میسر بوو، بەپێی نەریتی فاتمی لەو سەردەمەدا دەبێت بکوژی وەزیر ببێتە وەزیر.

قسە و قسەڵۆک بەرپا بوو لە نێوان سەرکردەکان لەبارەی شیاوی ئەم گەنجەوە لە بەدەستهێنانی وەزارەت. عیسای هەکاری چالاکیی خۆی نواند،

---

١. باسمان کرد جاری پێشوو کە تەمەنی سی و دوو ساڵ بوو بە ڕۆژمێری قەمەری کۆچی و ئەوەی ئێستا باسی دەکەین بە ڕۆژمێری شەمسییە واتا لەدایکبوونی سەلاحەدین دەکاتە ٥٣٢ ک /١١٣٨ ز یان ١١٣٩ ز. و و کرا بە وەزیر لە ساڵی ٥٦٤ ک/ ١١٦٨ ز.

ئەوە بوو چووە لای سەیفەدین عەلی (مەشتوب ئەلهەکاری)[1] کە لە یەک هۆز بوون.

مەشتوب لە دواییدا بوو بەناوبانگترین سەرکردەکانی سوپای سەلاحەدین. فەقێ توانی کاریگەر بێت لەسەر رازیکردنی بەو بڕیارەی خەلیفە و، پێی وت: تۆ وەزارەتی میسرت بۆ ڕاست نابێتەوە، لەبەرئەوەی عەینولدەولەی یاروقی تورکمانی و خەسرەو کوڕی تەلیلی هەزبانی و، شیهابەدین مەحموود خاڵی سەلاحەدین دەکەونە پێشبڕکێیەکی ترسناکەوە لەگەڵت و دەبێ ڕازی بی، لە ئەنجامدا ڕازی بوو.

فەقێ عیسا ئەمجارەیان چوو بۆ لای شیهابەدین بەم وتەیە قایلی کرد: تۆ خاڵی سەلاحەدینی؛ بۆ تۆیە پایە بەرزی و ماڵ و موڵکی، کاری وەزارەتی بۆ سەقامگیر بووە بۆیە ئەمە بە یەکەم کەس هەوڵی وەدەرهێنانی بدات. بەردەوام بوو لە هەوڵەکانی بۆ قایلکردنی سەرکردە کوردەکانی تر لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیان، بۆیە رۆیشت بۆ لای خەسرەو هەزبانی و پێی گوت خەڵکی گوێڕایەڵی سەلاحەدین بوون تەنیا تۆ و یاروقی نەبێت بەهەرحاڵ ئەوەی تۆ و سەلاحەدین کۆ دەکاتەوە ئەوەیە کە کوردن، لەبەر ئەمە وەزارەتی لە دەست دەرمەهێنە و مەیبەخشە بە تورک (مەبەستی یاروقییە).[2]

بەمە خەسرەو قایل بوو لە ئەنجامی یەکڕیزی و یەک هەڵوێستیی کورد ئەستێرەی سەلاحەدین و، کوردیش درەوشایەوە لە هەموو کاتێک زیاتر. لە

---

١. بڕوانە توێژینەوەیەکمان: المشتوب الهكاري، سيرة مجاهد، کۆواری کۆڕی زانیاری / دەستەی کوردی _ بەغدا ١٩٨١، بەرگی ٨ ل ٣٠١-٣٢٤. و بڕوانە د. نەبەز مەجید ئەمین: رسالة ماجستير، جامعة صلاح الدين – اربيل ١٩٩١.

٢. ئەم دەقە دووپاتی دەکاتەوە کە سوپای نووری تاکە سوپای ئیسلامییە کە ڕووبەڕووی داگیرکەرانی کرد لە ریزەکانی تەنیا کورد و تورکی لەخۆ گرتبوو "هەرچەندە ئەو خاکەی شەڕیان لە پێناو رزگارکردنی دەکرد خاکی خۆیان نەبووە بە چەمکی نەتەوەی ئێستا".

نێـوان سـەرکـردەکـانـی سـوپای نووری کـەسـێک نەمـایەوە پشـتـگیـریی سـەلاحـەدین نـەکات، تەنیـا عـەینولدەولەی یـاروقی نەبێت، کـە لە هەمـوویان بەتەمـەنتر بوو و هەوڵەکانی قازی هەکاری هیچ سـوودێکی نەبوو و بەردەوام بوو لە نـاڕەزایی دەربڕین لەو بڕیارە لە ئەنجـامـدا مـیـسـری بەجێ هێـشت لەگەڵ سەرکردەکانی تورک و جەنگاوەرەکانیان بۆ شام گەڕایەوە[1].

نـوورەدین مــەحــمــوود تـووڕەیـی دەربـڕی لـە گــەڕانـەوەی یاروقـی و سـەرکـردەکـانی تورک، لەبەر ئەو بارودۆخـە نـاسکەی کـە مـیـسـر پێی تێ دەپەڕی، ئـاشکرای کـرد کـە پاراسـتنی ئـەم وڵاتە و بەرگـریکردن لەسـەری گرینگترە لە هەر شتێکی تر[2].

لەبەرئەوەی تا ئێستا لە باسکردنی ڕۆڵی کوردین لەناو سوپای سەلاحەدین دەبێت باسی گرینگترین کۆمەڵەکانی کوردی تێدا بکەین. هەزبانییەکان کە لە هۆزی سـەلاحـەدین بوون لـە مـاوەکـانی پێـشـوو فـەرمـانڕەوای ناوچـەیەکی فراوانی کوردیان کردووە بەتایبـەتی ناوچەی هەولێر و ناوچەکانـی تەنیشـتی وەک ئازربایجان و هەرێمی جەزیرە[3]، هەروەها مەنزڵگای تایبـەتیان لە شاری مووسڵ هەبووە. لـە سەرکردەکانی ئەم کۆمەڵەیە مـیر مـوسک و میر خـەسرەو و، مـیری بەناوبـانگ ئەبوهەیجـا کـە فـەرمـانڕەوایـی هـەولـێری کـردووە پێش سـەردەمی ئەتابەگی و ڕۆڵێکی ڕوونی گـێـڕا لە ملمـلانێی نێـوان خـەلیـفـەی عـەباسـی (المسـترشـد بالله) و سـوڵتـانـی سـەلجـووقی مـەحـمـوودی کـوڕی

---

١. بەپێی ئەم ریوایەتە ململانێیەکی شاراوە هەبووە لە نێوان هەرە دوو گرووپی ناو سوپای نوورەدین مـەحـمـوود و لە داهاتوودا پەرەی سـەند کـاتێک ڕووبەڕووبوونـەوەکـان گـڕ دەسێنێ لەگەڵ داگیرکەراندا.

٢. ابن الاثیر: الباهر في التاريخ الاتابكي. ص ١٤٢.

٣. أبو شامه: كتاب الروضتين: ج ١, ق. ١. ص. ٤٠٧.

بڕوانە لێکۆڵینەوەی د. احمد عبدالعزیز: الهذبانیون فی اذربیجان واربیل والجزیره. رساله ماجستیر / جامعه صلاح الدین – اربیل ١٩٩٠.

محەمەدی کوڕی مەلیک شاه کاتێک لەگەڵ سەربازەکانی پێوەندیی کرد بە ریزەکانی سوڵتان لەساڵی ٥٢٠–٥٢١ ک /١١٢٦ز[١].

هەروەها ئەم سوپایە کۆمەڵێکی هەکاریی لەخۆ گرتبوو و، ناوچەیەکی فراوانیان بەدەستەوە بوو کە لە ڕۆژهەلاتی ئەنادۆڵەوە دەستی پێ دەکرد تاوەکو ڕۆژهەلاتی مووسڵ. بەناوبانگترین سەرکردەکانیان سەیفەدین عەلی هەکاری بوو و بە نازناوی (مەشتوب) ناسرابوو، بەهۆی برینێکی قووڵ لە ڕوومەتیدا کە لە یەکێک لە شەڕەکاندا تووشی بووە. لە دواییدا وەک ناوێک بۆ کوڕەکەی مایەوە و، مێژوونووس قازی ئیبن شەداد (بە گەورەی پاشاکانی کورد) وەسفی کردووە هەروەها لەناو ڕێکخستنەکانی سوپا هۆزی حەمیدی و مارانی و حەکەمی کە سەرۆکەکەیان میر (خۆشترین) بووە بەشدارییان تێدا کردووە. کارێکی ئاسان نییە لەم سەردەمەدا پاشماوەی ئەم کۆمەلانە پاشماوەی زۆرترین کۆمەڵەکانی کورد بدۆزینەوە، کە مێژوونووسان باسیان کردوون ڕەنگە مەسعوودی یەکەمیان بێت و، مەقریزی – مێژوونووسی گەورەی میسر – دواینیان نەبێت، هەروەها نووسەر و مێژوونووسی شەڕی خاچییەکان. ئەوەی ڕۆڵی کورد دووپات دەکاتەوە لەناو دەوڵەت و سوپای سەلاحەدین ئەوەیە کە کورد پاڵپشتی سەلاحەدین بوونە لە تەنگییەکاندا و دەستەڕاستی بوون لە ململانێیەکاندا کە بە ناچاری ڕووبەڕووی دەبووەوە بۆ جێگیرکردنی بنەواکانی فەرمانڕەوایەتیی خۆی لەو ولاتە دوورە، کە دژی پاشماوەی فەرمانڕەوای فاتمی لە پاسەوانە کۆنەکان (ڕەشپێستەکان، ئەرمەن) کە هەوڵی گێڕانەوەی فەرمانڕەواییان دەکرد بۆ سەردەمی جاران یان لەناوبردنی داگیرکەری بێزەنتی – سقلّی – خاچی هاوبەش، کە هەوڵی قۆستنەوەی ئەو بارودۆخە ناجێگیرەیان دەدا کە لە ئەنجامی هاتنی

---

١. ابن الاثير: الكامل: ١٠ / ٦٣٨.

بڕوانە لێکۆڵینەوەیەکمان: اربيل في العهد الاتابكي. رسالة ماجستير – جامعة بغداد. مطبعة اسعد ١٩٧٦. ص: ٣٥.

هێزەکانی شـام و، کوشـتنی یەک لە دوای یەکی وەزیرەکـان (وەزیر تەلائیع، پاشـان رەزیکی کوڕی، زرغـام، لە دواییـدا شـاوەری دوژمنی، ئەنجـا مردنی شـێرکۆ) و بە وەزیر دانانی سـەڵاحەدین و، شـیمـانەی یەکگرتنی هێزەکانی میسر و شام و، دانانی بنکەکانی خاچییەکان لە فەڵەستین و شـام لە نێوان دوو ئاگردا.

سـەڵاحـەدین بێگومـان بوو لەسـەر ئەوەی کـە ڕەشـپێستـەکان بە ئاسـانی چەکەکانیـان بە دەستەوە نادەن بەبێ بەرهەڵستی لە سوپا واز ناهێنن. کاتێ سـەڵاحـەدین لە ئـامـادەسـازیی هێـزە نوێکەی خـۆی دڵنیـا بوو دەسـتی کـرد بەلابردنی ئەو گـرووپانەی کـە گـومـانـی لێـیـان دەکـرد لەناو سـوپا و، پاککردنەوەی سەربازگەکان، لە کاتی یاخیبوونی رەشپێست و لایەنگرانیان لە یاخـیـبـوونـی سـاڵـی ٥٦٤ک – ١١٦٨ز کـە سـەڵاحـەدین وەزارەتی تێـدا وەرگرت، لە کاتێکدا هێشتا خەلیفە فەرمانڕەوایی میسری دەکرد، تەنانەت بە سێ ساڵ دوای ئەم ڕووداوەش هەر بە فەرمانڕەوا مایەوە.

ژمـارەی ڕەشـپێسـتـەکان کـە (جـەوهـەر)ی سـەرکردەیان کـۆیانی کردەوە گـەیشـتـە پەنجـا هـەزار جـەنگاوەر[1]، بەڵام وەزیر (سـەڵاحەدین) توانی هێزێک ئامـادە بکات بۆ سـەرکوتکردنی یاخیـبـوونەکە، کـە سـەرکـردایەتیـیـەکـەی بەخـشـی بە مـیـر ئەبی هەیجـای هـەزبانی، کـە توانی شکست بێنێ بە ڕەشـپێسـت و لایەنگرانی لە نـاوچەی (بین القصـرین – بەینـەلقەسـرین) لە قاهیرە، پاشـان ئاگریان بەردا لە ماڵەکانیـان لە گـەڕەکی مـەنسووره پاشـان تۆران شـاه – برای سەڵاحەدین – بە دوای پاشماوەکانیان کەوت بۆ ناوچەی جـیـزەی باشـووری قـاهـیـرە و، لـەوێوە بۆ (صـعـیـد)ی مـیـسـر، دووبارە یاخیـبوونیـان بەرپا کرد و هەندێک لە میرە کوردەکانی سـەڵاحـەدینی تێدا کـوژرا لە نێـوانیـاندا یـەکـێک لە براکـانی هـەزبانی ناوبراو بوو، ئەو کـات

١. عمادالدین الکاتب: البرق الشامي، تلخیص البنداي ١٨٣.

سـەركردە خـۆی بەرامبـەر بە لەناوبردنیان بینییـەوە بەبێ بـەزەییی خێـرا (سـەیفـەدین ئەبـابەكر)ی برای لە تەک خـاڵۆزاكـەی (مـوسـكـی كـوڕی چكو)ی نارد كە توانییان سـەركردەی یاخیبوونەكە بكوژن و سەربازە ڕەشپێستەكان لە بنـەچەوە قـەلاچـۆ بكەن، بۆیە دەتوانـین بڵـێین سـەلاحـەدین بە شـێـوەیەكی ئارام فـەرمـانڕەوایـیـی وەرنەگـرت و ڕێگەكـەی بە كـوڵ ڕانـەخـرا بـوو كـاتێک فەرمانڕەوایی و سەركردایەتیی میسر و ناوچەكەی بەدەست گرت.

بۆیە دەبینین تالاوی چێشتووە لـە پێناو جێگیركردنی فەرمـانڕەواییـیـەكەی بەڵام بـە ورە بەرزی و حـیـكمــەتی خــۆی ســەركــەوتنی بـەدەست هـێنا لە بەڕێوەبردنی فەرمـانڕەوایییـەكەی، هـەر لەبەر ئەم هۆیە كارێكی ئاسـان نەبوو بەو شـێـوەیەی كـە ئیـبنولئـەسـیر بـاسـی دەكـات "هـەرچەندە دوو بزنیش لە یەكـیـان نـەدا"، بەڵام لە ڕاسـتـیـدا خـوێنڕشـتنێكی زۆر ڕووی دا چونكە كردارەكەی ئەم پیاوە هەڵگەڕانەوەیەک بوو هـەرچەندە مـیسرییـەكان حـەز بە خوێنڕشتن ناكـەن، بەڵام بە بەردەوامی چەندان سەدە فەرمانڕەوای میسر بە دەست مـیـسـرییـەكـانەوە نەبووە. هـەر كـەسـێک لە ڕێڕەوی ڕووداوەكـانی داهـاتوو ورد بێـتـەوە دەبینی سـەركردەكـان و مـیـرەكانی ڕێكخـراوەكـان لە حـەتین - و لە شـەڕەكـانی دواییـدا - كـورد بـوونە، ئەوەی دەسـتگیـری (گی لوزینیـان) پاشـای خـاچییـەكانی گرت كوردێكی (دەربـاز) ناو بوو هـەروەها جـەنگاوەری مـارانـی ئیـبـراهیم بـەناوبانگـترین و دڕندەترین سـەركـردەی خـاچییـەكان لە مێژووی ئەم شـەڕانەدا (رینیۆ دی شـاتیـۆ)، كە لە سـەرچاوە عەرەبییەكان بە ئەرنات ناسراوە توانی دەستگیر بكات.

لە یەكـێک لـە گـەرمـتـرین شـەڕەكـان كـە شــەڕی (الوقـعـة العظمی- ئەلوەقعـەلعوزمـا)یە سـەلاحـەدین كوڕەكان و خزمـەكانی لە باڵەكانی سـوپا دانا، لە دەسـتـەڕاسـتی سـوپادا هـەردوو كـوڕەكـەی مـەلیک ئەلفـزەلعـەلی و مـەلیک لزافرخدر، و خـوشكەزاكەی (لاشین) ئەنجا برازاكەی میر تەقیـەدین عـومەری كوڕی شـاهانشاهی دانا. بەڵام لای دەسـتـەچەپی سـوپا سـەیفـەدین

عەلی مەشتوبیی ناوبراو و، میر مەجلی کوڕی مەروان و، کۆمەڵە کوردەکانی تر لە مارانییەکان و هەکارییەکان سەرکردایەتییان دەکرد.

ئەم قورساییییەی کوردە ڕەنگدانەوەی لە سوپا و ئەنجوومەنی شەڕی سەلاحەدین دەرکەوت کە پێک دەهات لە گەورە سەرکردەکان و میرەکان کە لە ئازایەتی و بەڕێوەبردنی شەڕ ناوبانگیان هەبوو، سەلاحەدین – ئاسایی بوو – خۆی سەرکردەی ئەنجوومەنەکە بێت، ئەندامە بەشدارەکان لە سەرکردە گەورەکانی خانەوادە کە لە سەرۆک هۆزە کوردییەکان پێک هاتبوون، دیارترین سەرکردە (سەیفەدین ئەبوبەکری کوڕی ئەیووب) کە لە ڕووداوە مەترسیدارەکان ڕاوێژکاری سەلاحەدینی دەکرد، ئەنجا براکانی تری (تورانشاه، شاهنشاه) و، هەروەها لە پێشوەختدا پرسی بە باوکیشی دەکرد، لەدوای مردنی ئەمانە کوڕە گەورەکانی جێگەکانیان گرتەوە بەتایبەتی "نوورەدین عەلی، شیهابەدین غازی، پاشان شیهابەدین مەحمود" سەرەڕای سەرکردە گەورەکانی کورد وەک "ئەلەشتوب و عیسای هەکاری" کە هەردووکیان لە هەکارییەکان بوون و "ئەبولهەیجای هەزبانی".

ڕەنگە بەسوود بێت ئاماژە بەوە بکەین کە ناو لێنان بەناوی کوردی شتێکی باو بووە لە نێوان کوردەکان، بە تایبەتی نەوەی یەکەم لەو سەرکردانە یاخۆ کوڕە گەورەکانیان کە ڕاستەوخۆ لە کوردستانەوە هاتبوون، تێبینی دەکەین ئەم ناوانە ون دەبێت لە نەوەکانی دواییدا بەهۆی تێکەڵبوون بە ناوەندی عەرەبییەوە، لەوانەیە تەنیا ناوی شێرکۆ نەبێت کە خانەوادەی شێرکۆ بەردەوام بوون لە ناونانی کوڕەکانیان بە ناوی ئەم سەرکردە مەزنە، بۆ نموونە: شادی، سالار، لاشین، خەسرەو، خۆشترین، موسک، چکۆ، شاهنشاه... هتد.

بۆ ئەوەی بەتەواوی وەڵام بدەینەوە دەڵێین: ئەو ڕۆڵەی کە کورد گێڕای لەناو سوپاکەی سەلاحەدین پاڵی بە توێژەرەکان ناوە کە ناوی "دەوڵەتی

کوردی" لێ بنێن هەرچەندە ئەم وەسفکردنە پێویستی بە وردبینی هەیە. لەمەدا پشتیان بەوە بەستووە کە سەلاحەدین پایە مەترسیدارەکانی دەوڵەتی بە کورد بەخشیوە. "د. نەزیر حەسان سەعداوی" دەڵێت: سەلاحەدین زیاتر پشتی بەستووە بە کەسوکار و میرە کوردەکان نەک کەسی تر چونکە دڵنیا بوو لە پشتگیریکردنیان بۆ خۆی و سەرکردایەتییەکەی لە کاتی تەنگانە و شەڕ.

بەواتایەکی نێزیکتر "د. سەعید عەبدولفەتاح عاشور" لە زانکۆی قاهیرە لە دوایین لێکۆڵینەوەیدا ڕای گەیاند "ڕاستییەکی گەورە هەیە دەبێت لە یادی نەکەین و لە گرینگییەکەی کەم نەکەینەوە، ئەویش ئەوەیە کە سەلاحەدین و خانەوادەکەی لە نەتەوەی کورد بوونە... ئەگەر ئەم خانەوادە شانازییان بە شتێک کردبێت بەوە دەیانکرد کە موسڵمانن و، زۆرجار لە ژیان و لە دوای مردنی سەلاحەدین لە نێوان یەکتردا بە زمانی کوردی گفتوگۆیان دەکرد، بۆیە ئاساییە بنەماڵەی ئەیووب (بەڵکو شادی) بە پلەی یەکەم پشتیان بە نەتەوەکەی خۆیان بەستبێت، بەتایبەتی دەتوانین بڵێین ئەم خانەوادە بەهێز و توند بوون و، کەمتر لە ژیانی ئاسوودە و خۆشگوزەرانیدا بوون).

"د. ئەلسەید لبازلعەرینی" بەشێوەیەکی تر، دەڵێ: لەگەڵ ئەوەی سوپای سەلاحەدین لەسەر هەمان ڕێبازی سوپای نوورەدین دەڕۆیشت و هەمان سیستەمی شارستانییەت، بەڵام لە لایەنییک جیاوازی هەبوو ئەویش زۆریی کۆمەڵی کورد و کەمبوونی گرینگیی تورک لەناو سوپاکەی سەلاحەدین و، ڕەنگە بەسوودتر بێت ڕای توێژەرێکی فەرەنسایی بڵێین کە زۆر شتمان بۆ کورت دەکاتەوە و دەبێتە تەواوکەری وەڵامەکەمان، گروسییە لە کتێبەکەی (تاريخ الحروب الصليبية) کە لە ساڵی ١٩٣٥ چاپ کراوە دەڵێ:

"خانەوادەی ئەیووبی ناوبانگیان دەرکردبوو بەتێروتەسەلی بیرکردنەوە و پتەویی تەبیات و خوو، کە بووە هۆی بەدەستهێنانی سەرکەوتن و دەسەڵات

لەو دەوروبەرەی تێدا دەژیان". ئەو هێز و چالاکییەی کوردە، بەخێرایی هێز و سام و توندیی بەخشی بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لەسەر گۆڕانکاریی بارودۆخی میسر و شام ئەمەش بەسە.

* پرسیارم لێ دەکەن: بۆچی بیری نەتەوایەتیی کوردایەتی پەیدا نەبوو لە لای سەلاحەدین، بەتایبەتی لە دوای گەیشتنی بە دەسەڵات؟ و بۆچی مەڵبەندی دەوڵەتەکەی یان پایەتەختەکەی لە کوردستان دانەمەزراند؟

– پرسیارێکی شەرعییە – بەگوێرەی توانا – وەڵام دەدیەنەوە و دەڵێین: سەلاحەدین لە توانای بوو دەوڵەتێکی کوردستانی بنیات بنێت ئەگەر پلانی بۆ دابڕشتایە یاخۆ لە ڕوانگەی ئارەزووەوە بوایە، بەتایبەتی هەستی نەتەوایەتی لەگەڵ مرۆڤدا پەیدا دەبێت لە کاتی بەئاگابوونی لە خود و واقیعی خۆی. شەریعەت و یاساکان دان بەمەدا دەنێن و، زۆربەی ئاینەکان هەوڵیان داوە کە ڕادەیەک دابنێن بۆ بیری نەتەوایەتی کە دەگاتە ئاستی هەستکردن بە خۆبەرزکردن و بەزلزانین و کەمکردنەوە لە ماف و پایەی ئەوانی تر و، بەچاوێکی نزم تەماشای کەسانی تر بکرێت.

بەڵێ ئاین و دەستوورەکان هەوڵیان داوە، بەڵام نەیانتوانیوە (ڕەچەڵەکی) راسەری ڕەگەزایەتی لەناو بدات، یاخۆ لەناوبردنی هەستی لایەنگیریی نەتەوەکەی خۆت، بەلای کەمەوە. بەڵام لێم گەڕێ ئەمجارەیان من پرسیارێکت لێ بکەم: ئاخۆ سەلاحەدین بەرپرسیار دەکرێت لەسەر پێکنەهێنانی دەوڵەتێکی کوردی، لە کاتێکدا، باپیرەی و خێزانەکەی کوردستانیان بەجێ هێشت هێشتان لەدایک نەبووبوو و، (دوێن)ی زێدیان لە پشتی خۆیان بەجێ هێشت؟

پێم وایە ئێمە بەرامبەر ئەم سەرکردەیە و ئەم پیاوە و مێژوو دادپەروەر

نابین، ئەگەر داواکاری ئەمە بین، چونکە هۆیەکی ئاشکرایە کە سەلاحەدین لە کاتی پێگەیشتنی هەر لە منداڵییەوە لە کەشێکی رقاوی بەرامبەر بە داگیرکەری خاچییەکان و، لە باوەشی دەوڵەتێک پێ گەیشت هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی لەسەر شانۆ یەکەم ئامانجی بەرهەڵستیکردنی داگیرکەر بوو. "مەبەستم دەوڵەتەکەی عیمادەدین زەنکی و نوورەدین مەحموودی کوڕیشی". ئەو دەوڵەتەی کە ئامانجی کۆکردنەوەی هەموو موسڵمانانی لەپێش چاوی دانا، وێڕای سەرنەکەوتنی هەریەکە لە خیلافەتی عەباسی لە بەغدا و خیلافەتی فاتمی لە میسر و سەلجووقییەکان لەو ناوچانەی کە خاچییەکان دەستیان بەسەردا گرتبوو بەتایبەتی ولاتی شام و ولاتی ڕۆم (ئەنادۆڵ) لە بەرامبەر گرتنی ئەو کۆمەڵانەی کە لە هەموو ناوچە جیاوازەکای ئەوروپاوە دەهاتن.

تەنانەت هەردوو دەوڵەتی خیلافەتی ناوبراو، بەهۆی ململانێی مەزهەبی (ئاینزا) نێوانیان هەرچەندە پێوەندیی خزمایەتیشیان هەبوو لەگەڵ خانەوادەی پێغەمبەر (د.خ)، دەستەوسان بوون بەرامبەر یەکەم شالاوی خاچییەکان و، بە هەردووکیانەوە کاتێک هەر کامیان زەویی لە دەست دابایە، هەڵوێستی تەماشاکەریان هەبوو چونکە لە ڕوانگەیانەوە لەدەستدانی زەوی لە دەستدانە بۆ خیلافەتی دوژمن وەک ئەوەی خاکی ئیسلام نەبێت، ئەگەرچی ئەو هێزە فاتمییەی کە لە فەڵەستین بوو بەرگریی کرد لە موڵکەکانی کاتی گەیشتنی سوپاکانی خاچییەکان، دەوڵەتی فاتمی هەستا بە ناردنی شاندێک بۆ لای خاچییەکان، واتا ئەو کاتەی گەیشتنە ئەنتاکیە – کە لەژێر فەرمانڕەواییی تورکە سەلجووقییەکان بوو – داوای وتووێژیان کرد لەگەڵ خاچییەکان لە پێناو دابەشکردنی دەسەڵات، واتا دابەشکردنی ئەنتاکیە لە نێوان خاچییەکان و فاتمییەکان. کەچی خیلافەتی عەباسی هەڵوێستی تەماشەکەری هەبوو(!) تاوەکو بەدەستی هۆلاکۆ هەرەسی هێنا، پێش کۆتاییهاتن بەشەڕی خاچییەکان بە چل و پێنج ساڵ. توێژەرێکی

پسپـۆڕی هاوچەرخ دەڵێت: ڕووداوەکـانی یەکەم شـاڵاوی خـاچییـەکان – و ئـەوانی دواشـی – دووپاتـی کـــردەوە کـــە نموونـەی دەوڵـەتێک هـەیە لەژێر فەرمـانڕەواییی خەلیفەیەکە کە هیچ دەسەڵاتێکـی نییە، تەنیـا ئەوە نەبێت "لە مۆزەخانەی مێژوو دانرا"[١].

دەگـەڕێینەوە و دەڵێین: لەم بارودۆخـەدا و، لەســەر پاشــماوەی مـیـراتی ســـەلجـــووقی دەوڵـەتـی ئـەتابـەگی لـە مـــووسـڵ و حـــەلـەب دامـــەزرا و، دامــەزرێنـەرەکـەی عـیـمــادەدین زەنگی بڕیاری دا بـە ڕووی داگـیـرکـەران بوەسـتێت، کـە دەیان ساڵ بـەسەر داگیرکردنیـان بۆ خـاکی ئیسلام تێپـەڕی بوو، دەبینـین زەنگی لـە دامــەزراندنـی دەوڵەتـێکی نـەتەوەیـی بۆ تورک بیــری نـەکـــردەوە بە واتـای وشـــەکـــە، هـەر بـەدەوڵـەتـێکی ئـیـــســـلام مـــایـەوە، سـەلجووقییەکان و لە پاشیـاندا ئەتابـەگییـەکان تەنیا بە ئیسلام توانییـان بەرامبـەر داگیرکـەران بوەسـتن نەک بـە شتێکی تر، ئیسلام واتای ئەوە نییـە تەنیا ئەرکەکانی ئاین جێبەجێ بکرێت بگرە واتای خۆبەختکردن و شەهادەت و جێبـەجێکردنی شـەریعـەت لە هەمـوو لایەنـەکانی ژیان. هـەر ئـەمـەش بووە هۆی ناوبـانگی و مـەزنیی زەنگی و کوڕەکـەی کـە لە سـایەیاندا خـانەوادەی شادی گـەشـەی سـەند. ئەگەر شادی و کوڕەکانی و ئەوانەی لەگەڵیاندا بوون، ئامـانجیـان دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بوایە، لەبەرچی خـاکی خۆیانیـان بەجێ دەهێشت، لـە کاتێکدا هەزبانێکـان – کە لە خـانەوادەی گـەورەی کورد بوونە – بـەپێی وەسـفکردنی مـێـژوونـووسـان – هێـزێکی هۆزایەتـیی گـەورە بوونە، زەوییـەکـانیـان لە سنووری ئازەربایجـان و وڵاتی ئـەرران دەسـتی پێ دەکرد و بە هەولێر تێ دەپەڕی و لە مووسڵ کۆتاییی پێ دەهات، ڕەنگە لەوە دوورتریش بێت، کەچی لەو ناوچەیە هـەزبانییـەکـان دەوڵەتێکیـان دامـەزراند تایبەت بە خۆیان بەر لەم کاتە وەک باس کراوە.

---

١. د. قاسم عبدة قاسم. ماهية الحروب الصليبية. الكويت. عالم العرفة ١٩٩٠. ص ١٨٧.

ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە شادی و کوڕەکانی و ئەوانەی لەگەڵیان بوون بیریان لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی نەدەکردەوە هەروەها هەردوو کوڕەکەی ئەیووب و شێرکۆ و، هەموو دەسکەوتێکیان گرتنە ئەستۆی بەرپرسیاریەتیی کارگێڕی و سەربازی بوو لە تکریت. پاشان بەجێهێشتنی ئەم شارە لە لایەن هەردوو برا کە ڕوویان کردە مووسڵ، ئەمجا حەلەب لەوێ ئەیووب بە ڕاوێژکاری نوورەدین مەحموود دانرا و لێپرسراوی کارگێڕی لە چەند بەشێک لە وڵاتی شام وەرگرت، وەک بەعلەبەک و دیمەشق – کە سەلاحەدین تێیدا پێ گەیشت.

ڕەنگە – هەرچەندە وشەی (ڕەنگە) چەند لایەنێک دەگرێتەوە، بەڵام ئێمە لە ڕێگەی گوتنەوەی وانەی فەلسەفەی مێژوو لە ماوەی بیست ساڵ و تاوەکو ئێستا فێر بووین، کە دەڵێین: ڕەنگە ئەمە کۆتاییی ڕێگەی جێبەجێکردنی بەرخوازەکانیان بوو. (ئەگەر) کە هاوڵی (ڕەنگە) و دەڵێین: ئەگەر (یەکەم) میسر پێویستی بە فریادڕەسێک نەبوایە بۆ نەهێشتنی ململانێیە ناوەخۆییییە بکوژە لە نێوان وەزیرە تەماعکارەکان و، ئەوەی وەزیری بکوشتبایە جێگەی وەزیری دەگرتەوە و، ئەگەر (دووەم) قەوارەی دەزگا سەربازییەکان لە میسر لاواز نەبووایەن، سوپاکەی دەستەوسان نەبوایە لە بەرامبەر هێرشی تەماعکارانەی خاچییەکان و، ئەگەر (سێیەم) دەزگای ڕامیاریی فەرمانڕەوا لاواز نەبووایەن و، دوایین فەرمانڕەوا لە دەوڵەت – هەرچ دەوڵەتێک بێت – کە لێرە مەبەستمان خەلیفەی فاتمییە – هەرچەندە نیازەکانی باش بێت و، ئارەزووی چاکسازیی هەبێت، ناتوانێ بەرامبەر تەوژمی داڕووخان و کاولکردن بوەستێت کە لەپێش وەرگرتنی فەرمانڕەواییەکەی دەستی پێ کردبوو و، ئەگەر (چوارەم و دوایین) لاوازیی بارودۆخی ئابووریی میسر، بەهۆی بارودۆخی گشتی و، حاڵەتەکانی وشکی نەبوایە، لە کاتێکدا میسر گەنجینەی دانەوێڵە بوو و سامان و خێراتی وشکی نەدەکرد – لە دواییدا بەپێی وتەکانی ستیفن رنسیمان – چەند

جارێک هێزی بۆ گەڕایەوە. ئەدی ئیبن حەوقل لەپێش هەزار ساڵ نەیوتووە: میسر هەرێمێکی کەونە، شکۆمەند و مەزنە و داهاتێکی زۆری هەیە... ئەگەر هەموو هەرێمەکانی میسر ئاوەدان بکرایە، بەشی هەموو شارەکانی جیهانی دەکرد. لێقەوماوی و بەڵاکانی میسر پاڵی نا بە شێرکۆ و برازاکەی بۆ وەرگرتنی ئەم پایە بڵندە، چونکە میسر مەزنە کاتێک هەڵدەستێت و... خۆشەویستە کاتێک لێی دەقەومێ. سەرەتاییەکانی سەلاحەدین لە سەردەمی خەلیفەی ناوبراو دەستی پێ کرد، ئەفسەرێک بوو لە سوپای نوورەدین مەحموود، کە شێرکۆ سەرکردایەتیی دەکرد، دوای مردنی شێرکۆی مامی کرا بە وەزیر، گیانی خۆبەختکردن و ئامانجی یەکگرتنی وڵات دای گرت بەتایبەتی یەکگرتنی میسر و شام، ئەو لەسەر ڕێگە و ئامانجی زەنکی و مەحموود دەڕۆیشت. هەرگیز سەلاحەدین وازی نەهێناوە لە نەتەوە و، زمانی خۆی، چونکە پاڵپشتی بوونە لە تەنگانەکانی، وەک ئاماژەمان پێ کرد لە نێوان یەکتردا بە زمانی کوردی دەدوان.

* ئەمجارەیان با وەڵامی بڕگەی دووەم لە پرسیارەکەمان تەواو بکەین: لەبەرچی لە خاکی کوردستان پایەتەختی دەوڵەتەکەی دانەمەزراند؟

شتێکی ئاساییە، هەر کەسێک دەوڵەتەکەی لە خاکی خۆی دانەمەزرێنێت، بە هەمان شێوە پایەتەختەکەشی تێدا بنیات نەنێت، لە بناغەوە سەلاحەدین ئامانجی بنیاتنانی میرنشین... یاخۆ ئیقتاعێکی کوردستانی نەبوو... میرنشینێک ئەگەر لە ڕووبەرێکی بچووکیش بێت... (میرنشینێک ئەگەر لەسەر بەردێکیش بێت) بێ ئەوەی لە نرخی میرنشینەکان کەم بکەینەوە، هەروەها مێژووەکەی بێ بایەخ بکەین، لەوانەیە ئەم میرنشینە فراوان بووایە و ڕووبەرێکی فراوانی بەشەکانی کوردستانی لەخۆ بگرتایە و وڵاتی یەک بخستایە... هەرچەندە میرنشینێکی کوردی

نەدەگەیشتە ڕادەی بەدەستهێنانی ئاواتە گەورەکانی کورد، بەڵام بوونی ئەم میرنشینە لە نەبوونی باشترە.

جا لەبەرئەوەی سەلاحەدین کەسایەتییەکی مەزنی لێ هەڵکەوت، بۆیە گازندە لێکردنی بەگوێرەی مەزنیەکەی مەترسیدار دەبێت. بەڵێ سەلاحەدین دەیتوانی... هەروەک چۆن باوکی و مامی و باپیریشی دەیانتوانی میرنشینێکی کوردی دامەزرێنن، وەک چەندان لە دامەزرێنەرەکانی میرنشینەکان... وەک میرنشینەکان یان دەوڵەتەکان (قەزمەییەکان)؟ کە لە وڵاتی شام سەریان هەڵدا پێش یەکەم داگیرکردنی (فەرەنجی) خاچییەکان و داگیرکردنی (فرەنسایی) دووەم لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم. بەڵام ئەم میرنشینانە و دامەزرێنەرەکانی لە کوێن؟ دوای مردنیان لە یاد کران... جا لە شام بێت یاخۆ کوردستان.

بەڵام – بۆ نموونە – بەدرێژاییی سەردەمەکان ناوی عیمادەدین، نوورەدین مەحموود، سەلاحەدین یووسف، سەیفەدین قلاوون، روکنەدین بیبەرس بە نەمری مانەوە. بەڵی سەلاحەدین دەیتوانی مەڵبەندی دەوڵەتەکەی لە کوردستان دانابا – ئەگەر دای مەزراندایە – بەڵام بە زۆری دەوڵەتێک دەبوو پاشان دەبووە میرنشینێک ڕکەبەری میرنشینێکی تری دەکرد... یاخۆ میرنشینەکانی تر... هەموو توانای (ئابووریی، ژێرخان و هێزی مرۆیی) لە دەست دەدا هەروەک چۆن ئێستا روو دەدات. ئیتر سەلاحەدین ئەو دەوڵەتەی دانەمەزراند کە ئێمە دەمانەوێت وە لێی داوا دەکەین... بگرە ئەو دەوڵەتەی دامەزراند کە خۆی و، سەردەمەکەی، هەروەها پێویستی مێژوویی داوای دەکرد.

دەبێت ئاگەداری مەسەلەیەکی گرینگ بین ئەویش ئەوەیە کە لەدوای مردنی سەلاحەدین ساڵی ٥٨٩ك – ١١٩٣ز دەوڵەتەکەی زیاتر لە شەست ساڵی نەخایاند، ئەوە بوو دەوڵەتی (مەمالیک) لە ساڵی ٦٤٨ ك – ١٢٥٠ز هاتە کایەوە.

من بانگهێشتنی نائومێدی ناکەم بگرە داواکاری یەکگرتنی هێزە کوردییەکان دەکەم... لە هەموو سەردەمێکدا، بەپێی چەمکی هەموو سەردەمەکان، کە ڕێگەی گەیشتنە بە ئامانجەکان و بنیاتنانی ئەم قەوارەیە لە ئەنجامی ڕەنگدانەوەی واقیعی هەر کۆمەڵێک، یان میللەتێک دێتە کایەوە... بەڵام میللەتێک (لە ناکۆکی و ناتەباییدا بێت) و پێشبڕکێیەکی مەرگانەی بەرپا کردبێت لە نێوان یەکتردا، تەنیا بیانی سوودمەند دەبێت؛ لە بارودۆخێکی بەم جۆرە، دەبێتە کۆسپێک بەرامبەر دروستکردنی قەوارەیەکی کوردی گشتی و لێرەدا وتەیەکی فەلسەفیی (کروچە Croce)ی فەیلەسووفی مێژوو و ڕەوشت و سەربەستی (لە ساڵی ١٩٥٢ کۆچی دوایی کردووە) دەهێنمەوە یاد کە دەڵێت: "مێژوو هەمووی مێژووی هاوچەرخە" لە جیاتیی وتەکەی مێژوونووسی ئەغریقی توکیدیدیس (Thucydides 460-395پ. ز) کە (باوکی مێژووە) نەک هیرودوت (Herodot 484 پ. ز) کاتێک دەڵێت "وەک ئەوە بێت مێژوو خۆی دووبارە بکاتەوە" واتا بەپێی ئەم وتەیە دەتوانین بڵێین هەر کەسێک تەماشای واقیعی ئێستامان بکات، دەتوانێت لە مێژووی ڕابردوومان بڕوانێ و خوازیار دەبوو کە لەمە باشتر بوایە، نەک لەبەر بەرخوازی بگرە لە ئەنجامی هەستکردن بە ئازارەکانمان.

دەتوانین سەلاحەدین بکەین بە نموونەی بەرزی خۆمان، وەک ئەو بین، چونکە بە هەوڵەکانی و خۆبەختکردنی و کۆبوونەوەی هۆزەکانی کورد لە دەوروبەری بۆمانی سەلماند کە کورد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێک خاوەن ویست و حیکمەتە و دەسەڵاتی و، ئارەزووی یەکخستنی ریزەکانی کەم نییە... هەر کەسێک بتوانێت لەسەر خاکی یەکێکی تر قەوارەیەک ئاشکرا بکات، بێگومان دەتوانێت لەسەر خاکێکی فراوانی وڵاتەکەی خۆشی هەمان شت ئەنجام بدات "نەک میرنشینێک لەسەر بەرد" چونکە ئەم کارە دەبێتە بەڵگەیەکی ڕوون لەسەر بێدەسەڵاتیمان... یان نەبوونی دووربینییەکی نەتەوایەتی.

ئاخۆ دەبێت تۆپۆگرافیایی نیشتمانەکەمان بەرپرسیار بکەین لەبەرئەوەی یارمەتیی نەداوین لە گردکردنەوەمان؟ بەڵێ دەبێت ڕەچاوی ئەم مەسەلەیە بکەین... چونکە زۆرجار جوگرافیا ڕێڕەوی مێژوو دەگۆڕێت و، کێ هەیە لە ئێمە کاریگەری جوگرافیا نەزانێت لەسەر پێکهێنانی دەوڵەت و دروستکردنی شارستانیەتەکان. جوگرافیا بریتییە لە: زەوی، سامانەکانی سەرەوە و ژێرەوەی زەوی، ئاو، هەوا و، شوێنی بەپێی دەریا و بەپێی نێزیکی و دووریی لە هێڵی گەرمی و، نزمیەکەی لە (هێڵی ئیستوا و، هەردوو کەمەرەی زەوی).

لە ڕاستیدا نیشتمانمان لەم هۆکارانەی کەم نییە... (ئەگەر ئازاد بین لە ڕشتەکردنی) سەرمای زستان و گەرمای هاوین نەبێتە بیانووی دەستمان، چونکە ئێمە خراپترین میللەت نین(!) خراپتر نابین لە چاد و مەنغۆلیا و نیپاڵ(!) ناوی ئەم دەوڵەتانە دەهێنم چونکە دەوڵەتی دەریایی نین(!).

نهێنییەک هەیە دەبێت بەدوایدا بگەڕێین... نهێنییەکە لە خودی خۆماندایە و، ناهێڵێت دوورتر لە کەپووی خۆمان ببینین، خودی خۆمان... دوورتر لە شارەکەمان... وای لێ هات خۆشەویستیی شار لای چەندان کەس جێگەی خۆشەویستیی کوردستان بگرێتەوە... چ جای کوردستانی گەورە. هەرێمچێتی (عشقی شارێک) زاڵتر بووە بەسەر نیشتمانپەروەرێتی و نەتەوەیەتی و، بووەتە مەسەلەیەکی ئاسایی. بەڵێ، ئەگەر شارەکەت خۆش نەوێت و خەریکە دەڵێم: ئەگەر ئەو گەڕەکەی لێی لەدایک بووی خۆشت نەوێ، نیشتمانەکەت و نەتەوەکەتیش خۆش ناوێت. بەڵام جێگەی خۆشەویستیی نیشتمان واتا کوردستان بگرێتەوە ئەوە قیامەتی گەورە ڕوو دەدات، توویەکی دەغەڵی شارراوەیە، پێویستە لەبن دەری بهێنین، ڕووەکێکی ژەهراوییە لەسەر حیسابی خۆراک و گوڵە بۆندارە جوانەکان گەشە دەکات.

دەڵێم: نهێنییەکە لە خودی خۆماندایە، بێ ئەوەی نکوولی لە ڕۆڵی دەوڵەتە

چاوچنۆکەکان بکەم، بەڵام ئەو دەوڵەتانە تەماعی سامانی گەلێکی وشیاری یەکگرتووی بەهێز ناکەن، بەهێزیی ئەم دەوڵەتانە لە لاوازیی تۆدایە... ئەم لاوازییە هێز بەوان دەبەخشێ. هەر کەسێک ئەنجامی ڕووداوەکانی ژیانی بخاتە ئەستۆی کەسانی تر لە لێپرسراوێتی هەڵهاتووە. دەبێت لاوازییەکانمان لە خودی خۆماندا بدۆزینەوە. نەک لە کەموکووڕیی سەلاحەدین چونکە ئەمە وەک ئەوەیە یەکێک داوا لە مردوویەک بکات لە مردن بیپارێزێت؛ ئەمەش دەبێتە هەڵهاتن لە بەرپرسێتی. وەک ئەوەی بڵێین: هەستە ئەی سەرکردە لەسەر هەڵەکانت بەرپرسیار دەکرێیتەوە، لەسەر کارێکی ناپەسند، لە دوای مردنت بە هەشتسەد ساڵ زیاتر و پرسیارت لێ دەکەین: بۆچی لە پێناو ئێمەی کورد و نیشتمانەکەت هیچ کارێکت ئەنجام نەدا؟

بەڵام ئەمە لێپرسینەوەیەکی ساردە، شایەن بە گەلێکی بەئاگا و وشیار نییە کە مێژووەکەی بەرپرسیار بکات، نەک خۆی... واقیعی... بگرە باپیرانیشی بەرپرسیار دەکات. سەرەڕای ئەمە سەلاحەدین دارێکی سیحری هەڵنەگرتووە بۆ جێبەجێکردنی خواستەکانی ئەو گەلە.

ئاخۆ سەلاحەدین لە بناغەوە دەیویست دەوڵەتێکی کوردی بنیات بنێت؟ نکووڵی لەو ئارەزووە دەکەم. دەگەڕێمەوە بۆ پرسیارەکە: ئاخۆ لە کوێ پایەتەختەکەی ئاشکرا بکردایە...؟ کوردستانی ڕۆژهەڵات لەژێر دەسەڵاتی نەبووە، سەبارەت بە بەشەکانی تری کوردستان لە لایەن میرەکان (بەبێ میرنشینەکان) فەرمانڕەوایی دەکرا و هەموو هاتنە ژێر ڕکیفی سەلاحەدین. ئاخۆ دەکرا سەلاحەدین خاکی میسر و شامی بەجێ بهێشتایە و بگەڕایەتەوە بۆ خاکی باپیرانی و، دەوڵەتێکی کوردی تێدا بنیات بنایە؟ لێرەوە سەلاحەدین لە سوڵتانێکی مەزن کە فەرمانڕەواییی بەشێکی فراوانی جیهانی ئیسلامی دەکرد کە دەسەڵاتی بەسەر هەردوو حەرەم (مەککە و مەدینە) هەبووە و خەتیبەکانی دوعای سەرکەوتنیان بۆ دەکرد، دەبووە

میرێک، کە میرەکانی تری کوردستان ڕکابەرییان دەکرد، یاخۆ دەبووە پاشایەک فەرمانڕەواییی خاکێکی فراوانی دەکرد، هەرکە بمردایە خێرا دەوڵەتەکەی بەش دەکرا، لە ڕاستیدا هەر ئەوەش بەسەر دەوڵەتە فراوانەکەی هات لە دوای مردنی. ئەگەرچی بۆ ماوەیەک جێنشینەکەی (مەلیک لعادل سەیفەدین ئەبابەکر) تا ڕادەیەک ئەم ڕووداوەی دواخست.

ڕەنگە پێویست بێت ڕوونی بکەینەوە کە دامەزراندنی دەوڵەت بەرهەمی تاکەکەسێک نییە هەرچەندە پایەشی بەرز بێت، ئەگەر ئەو کەسە سەلاحەدینیش بێت، بگرە وەک ئاماژەمان پێ کرد پێوەستە بەکۆمەڵێک هۆکاری (خودی) و (بابەتی). لە کاروبارە سەرنج ڕاکێشەکان کە پێویستی بە وردبینی و لێکۆڵینەوە هەیە، ئامادەکردنی شالاوێک دوور لە کوردستان بۆ بنیاتنانی دەوڵەتێک لە شوێنێک کە مەبەستمان میسر نییە چونکە زانیمان چۆن دەوڵەتی ئەیووبی تێدا دامەزرا، بگرە مەبەستمان لە وڵاتی یەمەنە کە دوورترین ناوچەکانی نیمچە دوورگەی عەرەبە، کاتێک سەلاحەدین هێرشێکی بە سەرکردایەتیی تورانشاهی برای نارد بۆ وڵاتی یەمەن ساڵی (٥٦٩ / ١١٧٣ ز) و سەرکەوتنی بەدەست هێنا. دەوڵەتێکی بەناوی دەوڵەتی ئەیووبی دامەزراند، کە ڕۆڵی گەورەی شارستانییان تێدا گێڕا، وەک بنیاتنانی شار، قەڵا، شورە، چاککردنی ڕێگەوبانەکان و هەروەها بایەخدان بە زانست و ڕۆشنبیری وەک دامەزراندنی چەندان مەڵبەندی فێرکردن بۆ نموونە قوتابخانەکان و... هتد. من خۆشحاڵم و شانازی بە ڕۆڵەکانی ئەیووبی و دەسکەوتەکانیان لەو وڵاتە دوورە دەکەم، ئەگەرچی خۆشحاڵیم زیاتر دەبوو ئەگەر ئەم دەسکەوتانە لە نیشتمانەکەی خۆیان ئەنجام بدایە، کە بە یەکجاری بەجێیان هێشت وەک ئەوەی دەرکرابێتن. بۆ مێژوو ئەم خانەوادە خراپە ناکەم ئەگەر بڵێم: ئەیووبییەکان یەکەتیی ڕامیاریی وڵاتی یەمەنیان بەجێ هێنا - ئەگەر بۆ ماوەیەکیش بێت - ئیتر لەبەر چی ئەم یەکەتییە ڕامیارییەیان بۆ وڵاتی خۆیان ئەنجام نەدا؟ نکوڵی دەکەم کە

سەلاحەدین و خانەوادەکەی ئەو جۆرە ئارەزووەیان لە لا پەیدا بووبێ... سەبارەت بە وڵاتی یەمەن دەڵێم: لە کاتی بێزاربوونی تورانشاه لە وڵاتی یەمەن کە لە ڕووی جوگرافیاوە دوورە لە میسر و شام سکاڵای بۆ سەلاحەدین بەرز کردەوە داوای ڕەزامەندیی کرد لەبارەی بەجێهێشتنی وڵاتی یەمەن و، شیعرێکی بۆ سەرکردە هۆنییەوە لەم بارەیەوە کە باس لە هەستکردنی بە نامۆییی خۆی لەو وڵاتەدا دەکات و تامەزرۆکردنی گەڕانەوەی نەک بۆ کوردستان بگرە وڵاتی شام... دیمەشق، حەلەب، یان میسر، یان بەغدا دەردەبڕێ:

"مالدار الا دمشق والمني حلب والسول مصر و في الزوراء داري"

داواکارییەکەی جێبەجێ کرا لە لایەن سەلاحەدینەوە، پاشان تورانشاه لە شاری ئەسکەندەرییە کۆچی دوایی کرد و نێژرا ئەمەش لە ساڵی (٥٧٦ک – ١١٨٠ز) ئەمجا (ستولشامی کچی ئەیووب)ی خوشکی بڕیاری گواستنەوەی تەرمەکەی دا نەک بۆ زێدی باپیرانی لە کوردستان، بگرە بۆ دیمەشق، لەو قوتابخانەی کە لە دەرەوەی دیمەشق بنیات نرابوو و نێژرا[١].

دەبێت بزانین دەوڵەتی ئەیووبی لە یەمەن زۆری نەخایاند، بگرە دوای پەنجا و پێنج ساڵ کۆتاییی پێ هات[٢]. دەگەڕێنەوە و جەخت دەکەین لەسەر ئەوەی کە سەلاحەدین هەڵەی نەکرد کاتێک ئەو ڕێگەیەی گرتە بەر، ئاخۆ گەر ئەم کردەوەی ئەنجام نەدایە ناوی بەم جۆرە دەدرەوشایەوە؟ ناو بەخۆڕا نادرەوشێتەوە هەرچەندە ئاشکراکردنی بەهێز بێت، یاخۆ بە شەو و ڕۆژ زل بکرێتەوە.

دەڵێین: ئاسایی نەدەبوو ئەم ڕێز و شکۆمەندییەی بەدەست بهێنایە ئەگەر

١. ابن خلكان، ١ / ٣٠٧

٢. دلير اسماعيل فرحان: الكورد في اليمن. رسالة ماجستير. تمت مناقشتها في كلية الآداب/ اربيل في (٣١-١-٢٠٠٢).

ئەم کـردەوەی ئەنجـام نەدایە، چونکە هیچ سـەرکـردەیەک وەک سـەلاحـەدین ناوی نەدرەوشـایەوە لە شـەڕی خـاچییـەکـان، کە خـاچییـەکـان بە نموونەی سـەرکـردەی دڵغورپێنـەر دەیژمێرن و مێژوونووسەکـانیـان چەندان کتێبیـان ناونیـشـان کرد بە سـیـفـەتـەکانی، چـارڵز، رۆز بۆڵت (Charles،Rosebault) کتێبێکی نووسـیـیـەوە لەژێر نـاوونیـشـانی "سـەلاحـەدین میـری دلاوەری یان سوارەیی" (Prince Of Chivatry).

هەندێک لە مـێژوونووسـەکـانی رۆژئاوا پێـیـان وایە کە پاشـای ئینگلیـزی بەناوبـانگ (ریـچـــارد شــــێــــردڵ) ئەم نـاوبـانگەی بەدەسـت نەهـێنا بەهـۆی ئازایەتیـیـەوە یاخـۆ سـەرکـەوتنەکـانی لـە ئاست توانای سـێـیـەم شـالاوی خـاچییـەکان نەبووە کـە ئەوروپا ئەنجـامی دا لە دوای سـەرکەوتنی شـەڕی حـەتین و رزگـارکـردنی بەیتـولـەقدیس و، کـەوتنی پایەتـەخـتی مـەملەکـەتی خاچییەکان و، دەست بەسەرداگرتنی هێزەکانی سـەلاحەدین بەسەر زۆربەی شـارەکـانی کـەناری درێژی شـام، بگـرە ناوبـانگی (ریچـارد) بـەهۆی ئەوە بوو کـە هـاوچـەرخ و ڕکـابەری سـەلاحـەدینی کـردووە و، ئاگـربەسـتی (پـەیمانی رەملـە)ی لەگـەڵ سـەلاحـەدین مـۆر کـرد پێش گـەڕانـەوەی بۆ ئینگلتـەرای نیـشـتـمـانی. سـەلاحـەدین لەپاش مردنیـەوە بـووە بابەتی ریوایەت و ڕۆمـان و زنجیرەکـان و فیلمـەکان و شـانۆگـەرییەکـان لە رۆژهـەڵات و رۆژئاوا، تەنانەت ئەو کــەســانەش کــە خــراپەیان بـەرامــبــەری نـواند لە نـووســینـەکــان و شیعرەکانیان بە ئامـانجی پەیداکردنی برەو و بازاڕ بوونە بۆ بەرهەمەکانیان لەسـەر حـیـسـابی ئەم سـەرکـردەیە. ئاخـۆ بەم جـۆرە نـاوی کـورد بـەبێ ئەم سەرکردەیە دەدرەوشایەوە؟

مــەزنی و پایە بەرزیی ســەلاحــەدین لـەوەدا ڕوون دەبێــتــەوە کــاتێک ئیـمـپـراتۆری ئەڵمـانیـا (ولهلم) دەیـەوێت پێـوەندییـەکـانی ولاتەکـەی لەگـەڵ جیـهـانی ئیسـلام و موسـڵمـانەکـان (نەک کـورد، چونکە کورد بەشـێکن لە ئیسلام) جێگیر بکات. ئەوە بوو قەفەسێکی بـە دیاری نارد بۆ ئەوەی بخرێتە

سەر گۆڕی دیاریترین سەرکردەکانی ئیسلام، گۆڕی پاشایەک، خەلیفەیەک، سوڵتانێک، یان سەرکردەیەکی تری هەڵنەبژارد جگە لە سەلاحەدین. لە پاڵ گۆڕەکەیدا قەفەسێکی قەشەنگ دەبینین کە لە لایەن ئەم ئیمپراتۆرە گەورەیەوە بە دیاری پێشکێش کراوە، چونکە بۆ ئەو سەلاحەدین بە هێمای هەموو موسڵمانان دێتە ژماردن و، سەرکەوتن بەسەر جیهانی رۆژئاوا. لەبەرئەوەی وڵاتەکەی بەشداریی لە گەورەترین شاڵاوی خاچی[1] ئامادەکراو لە لایەن یەک دەوڵەت بە سەرکردایەتیی ئیمپراتۆر (فردریک بارباروسا – ناسراو بە خاوەن ڕدێنی سوور). سەلاحەدین هەزار حیسابی بۆ ئەم شاڵاوە کردووە، کاتێک گوێبیستی قەوارە و جموجۆڵی بوو، داوای کرد لە کوڕەکەی خاوەن حەلەب (مەلیک لزاهر غازی)، بە دوای دەنگوباسی ڕێڕەوی شاڵاوەکە بێت. بەڵام ئیمپراتۆری سەرکردە (فردریک بارباروسا) خنکا لە ئاوی ڕووبارێک لە وڵاتی ئەنادۆڵ، تەنیا پاشماوەی هێزەکان بە سەرکردایەتیی کوڕی ئیمپراتۆر گەیشتە قودس. دیاریی ئیمپراتۆر (ولهلم) پۆزشێک بوو بۆ سەلاحەدین چونکە باپیرانی پێش هەشتسەد ساڵ لە شاڵاوێکی ترسناکدا بەشدار بوون. داوای لێبووردنی لە سەلاحەدین، نەک کەسێکی تر، لە

١. ئەم هێرشە لە لایەن سێ پاشای ئەوروپایی ساز کرا ریکاردوس شێردڵ پاشای ئینگلیز، فردریک بارباروسا پاشای ئەڵمان و فیلیب اغسطس پاشای فرەنسا، لە ئەنجامدا بارباروسا لە ڕووباری سالف خنکا و سووپاکی پەرتەوازە بوون، ریکاردوس و فیلیب اغسطس پێوەندیی نێوانیان تێک چوو، فیلیب فەڵەستینی بەجێ هێشت و ریکاردوس دووچاری سوپای ئیسلام بووەوە و زیانێکی زۆری لێ کەوت و تەنگی پێ هەڵپێچا و، ناچار ئاشتیی بەست لەگەڵ سەلاحەدین وا بڕیاری دا خوشکەکەی بدا بە مەلیک لعادل برای سەلاحەدین و وڵاتەکان کەنار بە دیاری پێشکێش بە خوشکەکەی کرد و قدس بەبێلایەنی مایەوە و دەرگەی فەڵەستین بۆ هەردوو لایەن کرایەوە لە موسڵمان و دیان. (و) بڕوانە الامیر شەرەفخان البدلیسي، شەرەفنامە. ترجمة محمد جمیل الملا احمد الروژبیاني، ط٢، ٢٠٠١، مؤسسة موكریاني للطباعة والنشر، اربیل – کوردستان، ص ١٨٧.

مردوویەکی زیندوو، چونکە لە ڕۆژگارێکدا نوێنەر و داکۆکیکاری مەسەلەی هەموو موسڵمانانی کردووە.

کێمان هەیە لە مێژوو وەک سەلاحەدین بەرز بووبێتەوە، لە گۆڕەکەیدا ئیمپراتۆرێک قەفەسێکی بە دیاری پێشکێش بکات، لە گۆڕەکەیدا بێت. سەرکردەی داگیرکەری فرەنسایی جەنەراڵ گورۆ کاتێک هاتە ناو دیمەشقەوە لەگەڵی دوا بە سیفەتی ئەوەی بەرپرسی ڕووداوەکانە، سەرەڕای تێپەڕبوونی سەدان ساڵ و دەڵێیت: هەستە ئەی سەلاحەدین، گەڕاینەتەوە هێشتان ڕمبازێکەی نێوانمان بەردەوامە، کە سەلاحەدین دەنیوێنی... نەک خەلیفەیەک... سوڵتانێک... سەلجووقی... ئەتابەگی... مەملوکی، سەرەڕای ئەو ڕۆڵ و لاپەڕە پرشنگدارەی هەیانە. ڕووی نەداوە سەرکردەی سوپایەکی داگیرکراوی (سەرکەوتوو) لەگەڵ کەسێک بدوێت کە چەند سەدەیەک بەسەر مردنی تێپەڕیوە، بەڵام گورۆ لەگەڵ سەلاحەدین دوا، بۆ ئەوەی بڵێیت شالاوێکی خاچی نوێ دەستی پێ کردووە، بۆیە هەستە و بەرامبەرمان ڕاوەستە. بێگومان ئەم بانگهێشتنە برینداری و گاڵتە پێکردنە بە هەستی گەلێکی داگیرکراو، واتا گەلی سووریا، لە هەمان کاتدا لووتکەی ڕێزگرتن و پایە بەرزییە بۆ سەلاحەدین، چونکە کەسێک لە زیندووەکان بەرامبەری لێ نەگرتوون، ئیتر تۆ هەستە و سەرکردایەتیی سوپاکەت بکە و بەرهەڵستیمان بکە، ئەی هێمای سەرکەوتنی موسڵمانان بەسەر ڕۆژئاوا. هەستە و سەرکەوتنی ئێمە و شکستی موسڵمانان ببینە، ئایەتەکە هەڵگەڕاوەتەوە هەستە و بە چاوی خۆت ببینە. گورۆ مەبەستی بوو لە قسەکانی ئەویش دووپاتکردنەوەی بێ سوودی بەرهەڵستیکردنی سوپای داگیرکەر.

ئەم وتارەی جەنەڕاڵی فرەنسایی لە سەدەی بیستەم، چەند هاوشێوەیە لەگەڵ وتەکەی میری فرەنسایی لە سەدەی دوازدەم ئەویش (رینو دی شاتیو) لە ئەنجامی دەستگرتن بەسەر کاروانێکی پڕ لە ئازووقەی موسڵمانان کە لە میسرەوە بەرەو وڵاتی شام دەهات، بە پیاوانی کاروانەکەی ڕاگەیاند: بچن

بۆ لای (مـحـەمـەدەکـەتان) و داوای لێ بکەن فـریادڕەسـتـان بکات. لە دوای شـەشسـەد ساڵ داوای کرد پێغەمبەر (د.خ) بە هانای مـوسڵمانانەوە بێت. هەر بۆیە سـەلاحـەدین سوێندی تۆڵەسـەندنەوەی لێ خـوارد و سوێندەکـەی بەجێ هێنا لە ڕۆژی سـەرکەوتنی بەسـەر (رینو) و تیپەکەی و بە نیـمچـەکەی دەستی کوشتی و نەیکوشتووە لە رمبازیکردنێکدا وەک هەندێ لە فلیمـەکان یان ریوایەتەکان نیشانی دەدەن.

واتا وتەکەی (گورۆ) و، لەپێشدا رینو ئەوە دەگەیەنێت کە سەرکردە هەیە نەمرن – نەک تەنیـا پێغـەمبـەرەکـان – بەنەمری دەمـێننـەوە، نەک تەنیـا لای گەلـەکانیـان، بگرە هەروەها لای دوژمنیش. ئاخۆ شـتێکی سـەیر نییـە زیندوو لەگـەڵ مـردوویـەک بدوێ یان بە پـێـچـەوانەوە؟ چونکـە زیندووەکـان (ئەوان) مردوو بوون و مردووکان زیندووی نەمر بوون.

دەبێت ئاگەداری مـەترسییـەکانی گێڕانەوەی ڕۆژگاری ئێستـامـان بین بۆ ڕۆژانی ڕابردوو و، بەرپرسیار و دادگەکردنی ئەم ڕابردووە لەسەر تیشک و تێڕوانینی ئەمڕۆدا بکرێت، چونکە پێوانەی سەردەم و، چەرخەکانی مێژوو جیاوازیی هەیە لە خـەملاندنی کاروبارەکان لە چەرخێکەوە بۆ چەرخێکی تر، ئاخـۆ دەبێت داوونەریتـی ڕۆژگاری ئـەمڕۆمان پـێوانە بکەین بەو شـێـوەیە کـە باپیرانمان پێوانەیان کردووە؟ یان بە پێچەوانەوە؟

لە ڕاستـیدا (کروچە)ی ناوبـراو ئەمە مـەبەستی نەبـوو، ئەگینا دەبێت کـات لە خـاڵێکی دیـاریکراو ڕاوەسـتێت ئـەمـەش تەنیـا لە کۆمـەڵە بەسـتـەڵەکەکان (Static) ڕوو دەدات. بەم واتـایە دەبێت چەمکەکـانی ئەم سـەردەمـە پـەیڕەو بکەین لە سـەرکـردەوە و ئامـانجـەکـانی باپیـرانمان، بە پلـەی یەکـەم پەیڕەو دەکرێت لەسەر سـەلاحەدین و بەرپرسیار دەکرێت لەسەر شـتێک لەو سەردەم و ژینگەیە نـەبووە کـە لەم سـەردەمـەی ئێـمـە هەیە، ئەویش پێکهـێنانی دەوڵەتێکی کوردییـە. لە بریی بەرپرسـیـارکردنی خـۆمـان. مەزنەکانی مێـژوو ئەو کەسـانەن کە شـوناسـی سـەردەمی خـۆیان بوونە و، ئاگەداری پێویستیی

ڕووداوەکـانی سـەردەمـیـان بوون پاڵەوانی مـێـژوو بە ویسـتـی خـۆی نـابێـتـە پاڵەوان و لە نـاولەپی قـەدەر نەنووسـراوە، بەگـوێرەی بـۆچوونی ڕووناکـبـیری ئینگلیزی (تومـاس کـارلیل ١٧٩٥ –١٨٨١ Thomascarlyle) لە کـتێـبـەکەی (في الابطال وعبادة البطولة – On heroesand Herowrship) و پەیڕەوکەرانی، بەگـرە پاڵەوان بـە ژیرییـەوە یاسـاکـانی سـەردەمـی خـۆی دەقـۆزێتـەوە و، شـوناسـی هـاوکێشـەی بزووتنەوەی کۆمـەڵگەی دەبێت، بـەرەوپێش دەچێت بۆ جێبـەجێکردنی ئامانجەکانی بە یارمەتیی بارودۆخە لەبارەکانەوە. هەرچەندە دەستکەوتەکانی لە چاو کەسانی تر وا دەردەکەوێت کە ئەنجامی عەبقەریەتی خۆیەتی.

ڕەنگە ئەم کـەسـە باشـتـرین و بەهێزترین کەسـەکانی گرووپی خـۆی نەبێت، بەڵام باشـتـرینیـانە لە خـەمـڵاندنی کـاروبـارەکان و خـێـراترە لـە سـواربوونی کـەشـتـی (یان زرێپـۆش جیـاوازیی نییـە!) بـۆیە کـەژاوە پاڵەوان ڕاناکـێـشـێ، بگرە پـاڵەوان پاڵ بە کـەژاوەکـە دەنێت و کـەژاوەکـانی تریـش ڕادەکـێـشـێ و بەڕێ دەکـەون. ئێمـە هـەرگیـز لە پایە و مـەزنیی پاڵەوانەکان کەم ناکـەینەوە و بەدەگمەنی سـەردەمی خۆیان نەژمێردرێن، یان کەسێکی تر بتوانی جێگەیان بگرێتەوە. مـەبەستمان لێرە تەنیا سـەلاحـەدین بارودۆخی بە بەرهـەم هێنا کە بۆی ڕەخسێنرا و دەسـەڵات و ئەقڵی یەکیان گرت و، بە یارمەتیی سـەرکردە و جـەنگاوەرەکـانی کـورد توانی پێـویسـتـی سـەردەمـەکـەی ئەنجـام بدات نەک بەشێوەی داسەپاندن بگرە بەشێوەیەک کە شایستەی پاڵەوان بێت.

ئیـتـر ئەو بارودۆخـە هـاتە کـایەوە بـۆ سـەلاحـەدین لـە سـایەی بـاوکی و، دەوڵەتەکەی نوورەدین مـەحـموود، پاشـان لەگـەڵ شـێرکـۆی مـامـی لە هـەرسـێ هێرشـی مـیسر و، لـەژێر چاودێریی نوورەدین مـەحـموود و خـەلیـفـەی فـاتمی، سـەبارەت بەمە؛ لە دوای مـردنی ئەم کەسانە، خۆی بەرپرسـێتیی بەڕێوەبردنی سوپای هـەڵگرت و، لاپەڕەیەکی نوێی تۆمار کرد لە مێژووی میسر. ئەم هەموو بارودۆخـە بواری نەدا بە سـەلاحـەدین بیر لـە گـەڕانەوە بکاتەوە بۆ کـوردسـتـان

و، بناغەی دەوڵەتێکی کوردی دابنێت، بگرە ئەو بارودۆخە میسری بانگهێشتن کرد، بەپێی تێڕوانینی مێژوونووسی ناوبانگ ئارنۆڵد توێنبی (Arnold Toynpee١٨٨٦–١٩٧٥) بەرەنگاربوونەوەیەک بوو کە دەبوایە وەڵامی بدرایەتەوە، یان نا، ئەگینا سەلاحەدین ژیانێکی هێمن و ئاسوودەیی دەبردە سەر، دوور لەم پایەی کە بەدەستی هێنا و، ڕەنگە بە میرێک، یاخۆ بەرپرسێکی گەورە لە دەوڵەتەکەی نوورەدین مەحموود، بەڵام ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە وای دەویست. لە مێژووشدا تەنیا لۆجیکی ڕوو دەدات.

هیچ کەسێک هەلی وەها لە دەست نادا، دامەزراندنی دەوڵەتێ کە لە میسر و هەرێمەکانی تر بهێنێتە ژێر ڕکێفیەوە، دەوڵەتێک کە لە وڵاتی بەرقەوە (لیبیای ڕۆژهەڵات) دەستی پێ دەکات تاوەکو یەمەن و پاشان درێژ دەبێتەوە بۆ وڵاتی شام و بەشێکی فراوان لە کوردستان و، هەموومان دەزانین میسر واتای چی دەگەیەنێت، یەکەم، لە ڕووی سەنگی ئابووری و رامیارییەوە و پێکهاتەی دانیشتوانی (ئەسنۆگرافیا)وە، ئاخۆ ڕەوایە سەلاحەدین ئەم هەموو شکۆدارییە لە دەست بدایە لەم وڵاتە و، بڕیاری گەرانەوەی بۆ کوردستان بدایە، کە نەیبینیوە و، نە لەسەر خاکەکەشی لەدایک بووە. ئەگەر ئەو هەلومەرجە بۆ باوکی و مامی بڕەخسایە ڕەنگە ئەو دەوڵەتە بهاتایەتە کایەوە.

ڕەنگە جێی خۆی بێت باسی دامەزراندنی دەوڵەتێک لە دەوروبەری کوردستان لە لایەن کوردەوە بکرێت، تاقیکردنەوەیەکی دەگمەن نییە لە مێژووی ئیسلام، کوردی جاوان (گاوانێیەکان) نموونەیەکی ئاشکرایە لەم بارەیەوە کە لەپێش ئەیووبییەکان میرنشینێکیان دامەزراند لە دەوروبەری بەغدا گەیشتە ناوچەی (واسط) لەسەر ڕووباری دیجلە، لە سەدەی چوارەم و پێنجەمی کۆچی – دەیەم و یازدەمی زاینی. هەرچەندە زۆر دوور نەکەوتنەوە لە زێدی خۆیان بەپێچەوانەی تاقیکردنەوەکەی ئەیووبییەکان لە میسر. میر (ئەبولفەتح کوڕی وەرامی کوردی جاوانی) کە بەناوبانگترین میرەکانی بوو،

پتر له نیو سەدە (٤٠٣ – ٤٥٥ ک، ١٠١٢– ١٠٦٣ ز) فەرمانڕەواییی کردووە واتا دووجاری فەرمانڕەواییەکەی سەلاحەدین کە هیچ کەسێک گلەیی یان لێپێچینەوەی ئەم میرە جاوانییەی نەکرد لەبارەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردییەوە لە کوردستاندا، تەنانەت کەسێکی زۆر هەن ناوی ئەم دەوڵەتەیان نەبیستووە، جگە لەو کەسەی کە بایەخ دەدا بە مێژوو[١].

ئەمەش – جارێکی تر – دووپاتی دەکاتەوە کە سەلاحەدین سەرکردەیەکی پلە یەک و دەگمەن بووە، تەنیا لە ئەم گلەیی دەکرێت، ئەمەش لە بەرژەوەندیی سەلاحەدینە. گلەییکردنی نەوەکانی کورد لەدوای هەشتسەد ساڵ دادگەی ئەم دەکەن نەک سەرکردەیەکی تر. دەبێت ڕادەیەک بۆ ئەم دادگەیە دابنێین. واز بهێنین لە هەڵواسینی هیواکانمان بە سەلاحەدینەوە لە کاتێکدا بە یەکجاری کۆتا بە ڕۆڵی هاتووە، تەنیا ئەوە نەبێت کە بە نموونەیەکی بەرز ماوەتەوە، دەڵێم واز بهێنین لە هەڵواسینی هیواکانمان، چونکە منداڵدانی دایکانی کورد واز ناهێنن لە وەچە خستنەوەی پیاوانێک شایستەی سەردەمی خۆیان بن، بگەڕێنەوە بۆ لای زیندووەکان جێبەجێی ئەوە بکەن کە سەلاحەدینی لەسەر بەرپرسیار دەکەن و، هەوڵەکان یەک بخرێت بۆ بنیاتنانی پایەتەختێکی یەکگرتوو... لەو کاتەدا داوا ناکەین لە سەلاحەدین پایەتەختەکەی لە قاهیرە... یان دیمەشق بگوێزێتەوە بۆ شارێک لە شارەکانی کوردستان. ڕەنگە درێژەم دابێت لە وەلامدانەوەی پرسیارەکە چونکە پرسیاری زۆری هاوچەشن هەن.

---

١. بڕوانە: د. مستەفا جواد: جاوان القبيلة الكردية المنسية / كۆواری کۆڕی زانیاری عێراقی. بەشی یەکەم، بەرگی چوار، ساڵی ١٩٥٦ و ب. شرف خان: الامارة الجاوانية. کۆواری مەتین/ دهوک / ژمارە ٥٤ – تەمموز –١٩٩٦. توێژەر دەتوانێ دەنگوباسی ئەم میرنشینە کۆ بکاتەوە لە سەرچاوەکانی: ابن الجوزی المنتظم ج ٨. أبن الأثير الكامل في التأريخ ج ٨ سبط أبن الجوزي في مرأة الزمان. و باسی ئەم تاقیکردنەوەی ئەیووبی دەکەین لە جێگەی خۆی.

* پرسیار دەکەیت: ئاخۆ سەلاحەدین پێوەندیی هەبووە لەگەڵ سەرکردەکانی هاوچەرخی؟ و ئاخۆ لەو سەردەمەدا میرنشینێک یان دەسەلاتێکی کوردیی دامەزراو هەبووە؟

– دووپاتی دەکەمەوە کە سەرکردەکانی کورد لەنێو دەوڵەتەکە و، لە پەیڕەوانی سەلاحەدین بوونە، لەناو کاروانی رزگارکردنی خاکە پیرۆزەکانی ئیسلام (بەیتولەقدیس و جێگەکانی تری فەڵەستین و شام و، بەرگریکردن لە میسر لە وێچوونی داگیرکردن، هەموو سەرۆک هۆزەکانی کورد لەناو پێکهاتەی ئەم سەرکردەیە بوون تەنانەت ئەو کەسەشی دوور بوو لە گۆڕەپانی شەڕ دەمایەوە، بۆ بەرگریکردن و پاراستنی کۆمەڵ لە هێرشەکانی خاچی یان بێزەنتی ڕەنگە ئەرمەنیش، بەلام ئەم سەرکردانە فەرمانڕەوای میرنشینەکان نەبوونە، بگرە لە سەرۆک هۆزەکانی کورد بوون.

سەبارەت بە میرنشینێک یان دەسەلاتێکی کوردیی دامەزراو – لە ئەو سەردەمە – نکوولّی دەکەم لە بوونی دەسەلاتێک بەم جۆرە، کە دیاریترین هۆیەکانی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی دەوڵەتی سەلجووقی کە گۆڕەپانەکانی کوردستان و ئەو زەوییانەی دەستی بەسەردا گرتبوو راپێچ کرد. لەدوای سەلجووقییەکان، ئەتابەگی میراتگریان هات و، لەسەر هەمان رێبازی گەورەکانیان دەرۆیشتن.

ئەگەر سەرنجی سەدەکانی رابردوو بدەین تەماشا دەکەین میرنشینەکان لەسەر شانۆی رامیاری ون دەبن و، هیچ فەرمانڕەوایەکی کوردی نابینین ڕۆڵی هەبێت لەناو یان دەرەوەی سوپاکەی سەلاحەدین، لە پێشوەختدا میرنشینێکی کوردی دامەزرا لە لایەن هۆزەکەی سەلاحەدین بەناوی میرنشینی (هەزبانی)، هەروەها رەوادی کە لە سکەوە پێوەندیی خزمایەتیی هەبووە لەگەڵ هەزبانییەکان، لە ساڵی (٤٦٣ک – ١٠٧١ز) لەدوای هێرشەکەی سوڵتانی سەلجووقی ئەلەب ئەرسەلان کە هێنایە سەر

میرنشینەکە لەناوچوو[1]. بەڵام میرنشینی دۆستەکی لە سەدەی پێنجەمی کۆچی، یازدەمی زاینی کۆتاییی پێ هات[2].

بۆیە دەتوانین بڵێین: یەکەم جار ڕاپێچکردنی سەلجووقییەکان بۆ ناوچەکە، ئەمجا دەرکەوتنی مەسەلەی خاچییەکان کە هەموو هێزەکانی ئیسلام ڕووبەڕوویان ڕاوەستان، جگە لە خیلافەتی عەباسی، دووەم بەهۆی لەناوچوون و نەمانی ڕۆڵی میرنشینەکان کە دەشێ هەمان شت پەیڕەو بکرێت لەسەر میرنشینە عەرەبییەکانی وڵاتی شام و، میرنشینی کوڕەکانی عمارە لە تەڕابلووس و، میرنشینی کوڕەکانی منقز لە (شیزر) نێزیک حماه، پێویست بە نموونەی زیاتر ناکات، هەروەها وەک ئاماژەمان کرد بۆ ناکۆکیی مەزهەبی (ئاینزا) نێوان هەردوو خیلافەتی (عەباسی لە بەغدا و فاتمی لە میسر) کە بووە هۆی لاوازکردنیان لە ڕووی شاڵاوی خاچییەکان.

میرەکانی حمص (حومس) و تەڕابلووس لە ململانێیەکی خوێناویدا بوون، دوای جیابوونەوەیان لە یەکتر، هەریەکەیان شارەکەی وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ ڕاگەیاند و ڕکابەری شارە ئیسلامەکانی هاوسێی دەکرد و، بەهیوای هێرشی خاچییەکان بوو بۆ سەر میرنشینی بەرامبەر و، لاوازکردنی توانای شەڕی، تەنانەت گەیشتنە ڕادەی پەیمان بەستن لەگەڵ دوژمنی داگیرکەر لە پێناو دەست وەشاندن لە میرە دوژمنەکانیان[3].

ئەم حاڵەتی بڵاوبوونەوە تەنیا میرنشینە کوردییەکان و عەرەبییەکانی نەگرتەوە، بگرە هەندێک لە هەرێمەکان دەوڵەتی سەلجووقیشی گرتەوە، بە تایبەتی لە وڵاتی شام، میری دیمەشق (دوقاقی کوڕی تتش سەلجووقی) لە

١. د. أسماعيل شكر رسول: الامارة الشدادية الكوردية في بلاد اران. دار موكرياني للطباعة والنشر – اربيل ٢٠٠١. ص ٧٨.

٢. عبدالرقيب يوسف: الدولة الدوستكية في كوردستان الوسطى. بغداد ١٩٧٢.

٣. تيسير بن موسى: نظرة عربية على غزوات الفرنج: الدار العربية للكتاب – طرابلس/ ليبيا (د. ت.) ص ٧٣.

ملمـلانێـیـەکی خـوێنـاویدا بوو لەگـەڵ براکـەی (رزوانی کـوڕی تـتش) مـیـری حــەلەب. بۆیـە نەبوونـی مـیـرنشـیـنێک یان دەســەڵاتێکی کـوردی لە کـاتی دەرکـەوتنی سـەڵاحـەدین شـتـێکی ئاشـکرایە و، ئەم کـارەش پێـویسـتی بە لێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە. خـاچییەکان سوودیان زیاتر لەم بارودۆخـەی نێوان هەردوو خـەلافەت و لقـەکانی (سەلجـووقـییـەکان و ئەتابەگـییـەکان) وەرگـرت، هەروەها میرنشینە بچووکەکان و هێزەکانی ئیسلامیان دەبینییەوە، تەنانەت خەلیفە، سولّتان، یاخـۆ میرێک کە لە پێنـاو تەپۆڵکە، یان ڕێرەوێکی ئاو، یان کێڵگـەیەک بە شـەڕ دەهاتن. ئەمـەش یەکـێک بوو لە هۆیەکـانی سـەرکـەوتنی خاچییەکان لە یەکەم هێرشیان لە هەموو ڕوویەکەوە.

* سەبارەت بە خیلافەتی عەباسی ئەم دەزگا ڕامیاری و شەرعییە (ئاینییـە) هەندێک بە درێژی باس لە هەڵوێستی بکە بەرامبـەر بە هەوڵەکانی خۆبەختکردنی سەڵاحەدین بەسیفەتی جەنگاوەرێک لە پێناو رزگارکردنی خاکی موسڵمانان بە تایبەتی بەیتولمەقدیس "یەکەمی هەردوو قیبلە و سێیەم حەرەمی موسڵمانان".

لەدوای مـردنی سـەڵاحـەدین خـیلافـەتی عـەباسی نێـزیکەی سێ چارەگـە ســەدەیەک مــایەوە. واتـا نێــزیکەی ســەدە و نیــوێک هاوچـەرخی شــەڕی خاچییەکان بوو کە نێزیکەی دوو سەدە بەردەوامیی کێشا. بەڵام ئەم دەزگایە "مـەبەست لە خـیلافـەتی عـەباسـی" وەک هێـمـای هـەمـوو هێـز و کـۆمـەڵەکانی فـەرمـانڕەوا لە جیـهـانی ئیـسـلامی مایەوە، بە تایبـەتی لە رۆژهەڵات، تەنانەت میـسـریش "جگە لە مـاوەی خـیلافـەتی فـاتمی کە دووسـەد سـاڵی خـایاند". بە هۆی ئەم پایـە بەرزەی خـیلافـەتی بەغدا، چاوەڕوان دەکرا بـاڵادەست بێت – ئـەگــەر داوای لـێ نەکــەن پـێــشــەواتـیش بکـات – لە ڕووبـەڕووبوونـەوەی داگیرکەران. بەڵام هیچ شتێکی لەم جۆرە ڕووی نەدا. وەک ئەوەی مەسەلەکە پێوەندیی بەو نەبێت و لە ئەرکەکانی نەبێت.

ئەرکی سەرەکیی خەلیفە ئەوە بوو موڵکەکانی کە لە بەغدا و دەوروبەری تێ نەدەپەڕی بپارێزێت و زیاتر لە میرنشینێک یان مەملەکەتێکی بچووک دەچوو، دەبێ بزانین شاری (حلە)[1] لە نێزیک بەغدا لەژێر ڕکێفی خیلافەت دەرچوو و، هەروەها داقوق و تکریت، ئەمە و جگە لە هەولێر و شارەزوور و مووسڵ. بگرە خیلافەت نەیتوانی بەرگری لەم مەملەکەتە بچووکە بکات جار نا جارێک دووچاری تەماعکاریی هێزەکانی ناوەخۆ، لە هێزە ئیسلامییە نێزیکەکان یان دوورەکان لێیەوە دەبوو. وەک هێرشەکەی خوارزمشاه و، پێویست ناکات باس لە بویهییەکان و سەلجووقییەکان بکەین، چونکە لەگەڵ ئەوان خەلیفە هیچ دەسەڵاتێکی بۆ نەمایەوە جگە لە ناو و نازناوە زلکراوەکانی.

بەڵام هەندێ کات خیلافەت هێزی بۆ دەگەڕایەوە لە سەردەمی هەندێ لە خەلیفەکانی، بە تایبەتی دوای لاوازیی دەسەڵاتی سەلجووقییەکان. هەر لەو ماوەیەش بوو سەلاحەدین دەرکەوت کە خیلافەتی بە دەزگایەکی شەرعی دادەنا و لەژێر فەرمانی ئەودا شەڕی دەکرد و، لە ڕۆژی هەینی خەتیبەکانی دوعایان بۆ دەکرد و بەناوی خەلیفەوە دراو لێ دەدرا. لە کاتی ڕاگەیاندنی سەرپێچیکردنی فەرمانڕەواییی فاتمی (شیعی ئیسماعیلی)، سەلاحەدین ئاشکرای کرد کە لە پەیڕەوانی خیلافەتی عەباسی (سونی)یە. ئەو لە هەموو بۆنەیەکدا نامەی بۆ بەغدا دەنارد بەم واتایە و، هەموو ڕووداوەکانی ناو دەوڵەتەکەی پێ ڕادەگەیاند، دەیگوت پێویستی بەپشتگیریکردنی واتایی (مەعنەوی)ی خیلافەتی هەیە و، دیاریی بەنرخی پێشکێش بە خیلافەت دەکرد، بەهاترین ئەو شتانەی نارد کە لە گەنجینەکانی خیلافەتی فاتمی بەجێ مابوون.

---

١. شاری (حلە) پێی دەوترا (حلەی کوردەکان) ابن الجوزي، المنتظم، ج ,٨ ص٢٢٥. چونکە کوردەکان بنیاتیان نا.

بەڵام خیلافەت بێباک بوو لە ڕووداوەکانی گۆڕەپانەکە لە داگیرکردن و بەرهەڵستی، بە بەڵگەی ئەوە کە مێژوونووسێک لەناو بەغدا بایەخی نەداوە بە تۆمارکردنی دەنگوباسی شەڕی خاچییەکان و داگیرکردنی شارە عەرەبییەکان و ڕەشەکوژەکانی قودس لە کاتێکدا ئەم بابەتانە یەکەم مەسەلەی باسکردنی مێژوونووسەکانی وڵاتی شام بوو – بۆ نموونە – مێژوونووسی عێراقیی بەناوبانگی هاوچەرخ بۆ ڕووداوەکانی ئەم سەردەمە (ئیبن لجەوزی کۆچی دوایی کردووە لە ٥٩٧ک – ١٠٢١ز) کە خاوەن جۆرەها کتێبە لە بەناوبانگترین کتێبەکانی (المنتظم في تاريخ الملوك) لە یازدە بەرگدایە، مێژووی ماوەکانی پێشووی تۆمار کردووە تاوەکو دەگاتە ساڵی ٥٧٤ک، نە لە نێزیک نە لە دوورەوە ئاماژەی بۆ سەلاحەدین نەکردووە، بەڵام کاتێک باسی مردنی نوورەدین مەحموود دەکات، تەنیا ناوی دەهێنێت بێ ئەوەی مافی ڕێز لێنانی بداتێ. کاتێ باسی دەنگوباسی ناردنی هێزێک بۆ میسر دەکات ئەوەندەی وتووە "سەربازی نارد و وڵاتگیری میسری کرد" ناوی شێرکۆ و سەلاحەدینی نەهێنا و پشتگوێی خستووە. دەنگوباسی شالاوی خاچییەکان و کەوتنی بەیتولمەقدیس و، دامەزراندنی چەندان قەوارە لە ئەوپەڕی باکوری مەملەکەتی بەیتولمەقدیس لەدوای ئەنجامدانی ڕەشەکوژەکان لەو شارە پیرۆزەدا باسی نەکردووە، لە کاتێکدا بە گوێرەی وەسفکردنی مێژوونووسانی شالاوی خاچییەکان بە تایبەتی مێژوونووسی بەناوبانگ ولیم ئەلصوری (William Of Tyre) ئەو ڕەشەکوژانە مرۆڤی دەهێنایە لەرزین بەڵام ئەوە بابەتی ئێمە نییە. دەمانەوێ باسی بێدەنگیی مێژوونووسی بەغدا لە ڕووداوەکان بکەین[1] کە کەمتەرخەمیی خەلیفەی ئاشکرا دەکرد بەرامبەر بە سەلاحەدین.

١. لە کاتێکدا ئیبن جەوزی باسی ئەم هەواڵە دەکات "ئافرەتێکی دراوسێمان سێ منداڵ، کوڕێک و دوو کچی بە یەک سگ هێنا" المنتظم في تأريخ الملوك ج٨ . ص٢٨٣. یاخۆ "هەواڵێک لەوبەری بەغداوە هات کە کەڵەشێریک هێلکەی کردووە".

له ڕاستیدا سەلاحەدین چاوەڕێی هیچی نەدەکرد لە خەلیفە کە لە بەرژەوەندیی مەسەلەی جیهادییەوە بێت، سەرەڕای ئەمە نامە و، نووسراوێکی زۆری ڕەوانەی خەلیفە کرد بۆ ئاگەدارکردنەوەی لە پەرەسەندنەکان، لە کاتی جێگیر بوونی دەسەلاتی لە میسر، لە هەوڵدانێ بۆ دانان بە شەرعیەتی فەرمانڕەوایەتییەکەی و، ئەو کاروبارانەی ئەنجامی دەدا، یان نیازەکانی داهاتووی ڕوون دەکردەوە، هەروەها - بەم نووسراوانە - دەیویست سۆزی خەلیفە بجوولێنێ تا هەست بە مەترسیی ڕووداوەکان و ئەشکەنجەکانی بکات لەگەڵ هێزەکانی ناوەخۆی ئیسلام دەربخات کە بایەخیان نەدەدا بە هیچ شتێک جگە لە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان، کە ئەویش برێتییە لە مانەوەی دەسەلاتیان و هۆی تر کە دەیبینین لە داهاتوودا.

بەلام سەلاحەدین هیچی لە بەغدا بە دەست نەکەوت، سەرەڕای ئەو نووسراوە رازاوانەی کە، لە هەموو قۆناغەکانی مێژووی خۆی بۆ خەلیفەی دەنارد، سەلاحەدین پێوەست بوو بەم سیاسەتە ژیرەی هەر لە سەرەتای وەزارەتەکەی لە میسر، تاوەکو بەستنی دوایین ئەنجوومەنی شەڕەکەی کە ڕاوێژکارییان تێدا کرد لەبارەی بەستنی ئاگربەستێکەوە لەگەڵ خاچییەکاندا.

ئەم نووسراوە پاراوانە دوو کەس لە گەورەترین سەرکردەکانی خامە و نووسەرانی نامە لەو رۆژگارەدا دەیاننووسییەوە، ئەوانیش (عەبدوڕەحیم کوڕی عەلی بێسانی) کە ناوبانگی بە (ئەلقازی لفازل، لە ٥٩٦ک -١٢٠٠ز کۆچی دوایی کرد) دەرکردووە خاوەن نووسینی قەشەنگ و بێ هاوتای سەردەمی خۆی بوو لە ژیری و نووسینی نامە و، عیمادلکاتب لئەسفەهانی شووبهاندوویەتی بە شەریعەتی محەمەد دوایین شەریعەتەکانی ئاسمان و، ناوی (هاوەڵی قورئان)ی لێ نا چونکە شەو و ڕۆژ قورئانی دەخوێندەوە. دووەمیان عیمادەدین محەمەد کوڕی سەفیەدین محەمەدی کوڕی حامد، کە

به عیمادەدین لئەسفەهانی ناسراوە (لە ساڵی ٥٩٧ک – ١٢٠١ز کۆچی دوایی کردووە) و کتێبی لەسەر سەلجووقییەکان و ئەتابەگییەکان داناوە، ئەمجا لەسەر شەڕەکانی سەلاحەدین کە کتێبە ناسراوەکەی (الفتح القسي في الفتح القدسي) و (البرق الشامي) کە لە پێنج بەرگدا نووسیوە سەرەڕای (فەرهەنگێکی گەورە) بە ناوی (خريدة القصر وجريدة العصر) و هەندێ کتێبی تر کە هەندێکی ون بوونە. ئەو نامانەی کە دیاننووسییەوە بۆ خەلیفەی عەباسی وەک (بارۆمەتر)ـێک بوو بۆ پێوانەکردنی ئاستی پێوەندیی سەلاحەدین لەگەڵ بەغدا[1]. هەڵوێستی خەلیفە (المستضيء بالله)[2] بەڵێڵی مایەوە و ئاشکرا نەبوو لە لایەن سەلاحەدین، ئەو لایەنگیری مەسەلەی یەگگرتن و قایمکردنی بەرەی ئیسلام، یان رزگارکردنی زەوییەکانی نەکرد و، دەستی نەهێنایە ڕێگەی میرەکان بە تایبەتی پاشایەکانی مووسڵ لە ئەتابەگییەکان– لە هاوپەیمانیکردنی خاچییەکان و پەلاماردانیان.

بەپێچەوانەوە خەلیفە لە جێگەی خۆی نەجووڵایەوە کاتێک خاکی هەردوو حەرەم دووچاری داگیرکاریی ترسناکی خاچییەکان بووە و قۆناغی پێشکەتووی بڕی بە گەیشتن بە ئامانجەکانی و، دەستدرێژیی کردە سەر گۆڕی پێغەمبەر[3] (د.خ). هەرچەندە سەلاحەدین زیاتر لە نامەیەکی نارد بۆ خەلیفە کە باسی سەرکەوتنە دەریایی و وشکانییەکەی کرد بەسەر

١. بەپێویستی نازانم باسی بوونەوەییەکانی بکەین کە سەلاحەدین تێیدا نامەکانی بۆ خیلافەت ناردووە، چونکە لە چوارچێوەی بابەتەکەمان نییە. وە هەر کەسێک بیەوێ ناوەڕۆکی ئەو نامانە بزانێت، بگەڕێتەوە سەر لێکۆڵینەوەی بڵاوکراوەمان لە کۆواری مەتین لەژێر ناونیشانی (رسائل صلاح الدين... الفحوى والمغزى) بە زمانی کوردی ژمارەی ٥٤ ساڵی ١٩٩٦.

٢. فەرمانڕەواییی کرد لە نێوان (٥٦٦ – ٥٧٥ ک /١١٧٠– ١١٧٩ ز) و یەکەم خەلیفەی هاوچەرخی فەرمانڕەواییی سەلاحەدین بوو.

٣. بڕوانە لێکۆڵینەوەیەکمان "هەوڵدانەکان بۆ دەربازکردنی گۆڕی پێغەمبەر لە نێوان خەیاڵ و ڕاستیدا" کۆواری "الرسالة الاسلامية" بەغدا. ژمارە ١٠٣–١٠٤ ساڵی ١٩٨٤.

دەستدرێژکەران، کە زیاتر لە پایەی سەلاحەدینی بەرز کردەوە و ئەو تۆڵەی لێ سەندنەوە کە شایستەی بوون[1]. ئەوەی سەرنج ڕاکێشە (ئەلقازی لفازل) ئەم داگیرکردنەی شوبهاندە ئەو هێرشەی کە شارەکەی پێغەمبەر (د.خ) پێش شەشسەد ساڵ زیاتر لەسەر دەستی خاوەنەکانی فیل بەسەرکردایەتیی ئەبرەهە دووچاری بوو[2].

بە خامەی هەردوو نووسەرەکەی نامەی بۆ خەلیفە نارد بەبۆنەی سەرکەوتنی لە شەری حەتین، باسی لە ئامادەکردنەکانی شەڕەکەی کرد و چۆنیەتیی بە دەستهێنانی ئەو سەرکەوتنە گەورەیە و دیلگرتن و کوشتنی خاچییەکان و، شوبهاندنی شەڕی حەتین بە شەڕی بەدری گەورە و، سەردەمی سەلاحەدین بە سەردەمی پێغەمبەر (د.خ)، هەردوو نووسەرەکە پێشبڕکێیان دەکرد لە نووسین و پڕکردنەوەی نامەکان بە ئایەتەکانی قورئان و فەرمووده و پەندەکان، تەنانەت سەلاحەدین تاجی پاشای خاچییەکان (گیلوزینیان) کە لە حەتین دەستگیر کرا بۆ خەلیفەی ڕەوانە کرد، لەگەڵ خاچی (صلبوت) کە پارچەیەک لەو تەختەیە کە حەزرەتی مەسیح لە سەری لە خاچ درا و موسڵمانەکان لە دوای فەتحی شاری قودس دەستیان بەسەر داگرت[3]. ئەم پێوەندییە سارده لە نێوان هەردوو لایەن بەردەوام بوو هەندێک جار لە دوا ڕۆژەکانی خەلیفەی ناوبراو (المستضيء) سۆزدارانە بوو، ئەم جۆرە پێوندییە بەردەوام بوو لە سەردەمی "الخليفة الناصرالدين الله" (٥٧٥-٦٢٢ک/١١٧٩- ١٢٢٥ز) ئەویش هاوچەرخی سەلاحەدین بوو لە پێش مردنی بە ماوەیەکی کەم کۆچی دواییی کردووە لە (٥٨٩ک - ١١٩٣ز).

لە سروشتی ئەم پێوەندییەدا دیارە خەلیفە بەدوای بیانوویەک دەگەڕا بۆ تێکدانی پێوەندیی نێوانیان دوای بەرزبوونەوەی پایەی سەلاحەدین،

١. بڕوانە: أبن جبير في رحلته . ط, ٦٤ ص٣٤. ئەمەش هەندێک لە ڕووداوەکانی بینیوە.
٢. أبن واصل: مفرج الكروب. ٢/١٢٨.
٣. عمادالدين الكاتب: الفتح القسي. ص١٧٠ - ١٧٢.

بەتایبەت لەپاش شەڕی حەتین و رزگارکردنی بەیتولەقدیس ساڵی (٥٨٣ک – ١١٨٧ز)، خەلیفە پیرۆزبایی سەرکەوتنی لە سەلاحەدین نەکرد بەبیانووی ئەوەی کە هەواڵی سەرکەوتنی بە یەکێک لە پیاوانی چینی ڕەشەخەڵک ناردووە کە هەڵهاتووی دەستی خەلیفە بووە لە پێناو بەشداریکردن لە بزووتنەوەی خۆبەختکردن لە سوپای سەلاحەدین و ناوی (رەشیددین بوشنجی لبەغدادی) بوو، کە بەبۆچوونی خەلیفە شایستەی گەیاندنی ئەو هەواڵە نەبوو، بگرە دەبوایە بە کەسێکی پایە بەرزی خێڵەکەی ناردبایە، بۆیە خەلیفە ڕەفتارێکی ناشیرینی نواند بەرامبەر بە بوشنجی و هانی سەرپەرشتیارانی دیوانی خیلافەتی دا کە سووکایەتی بە پەیامنێری سەلاحەدین بکەن. جگە لەمەش خەلیفە سەلاحەدینی تاوانبار کرد بەهەڵگرتنی نازناوی (الملك الناصر) کە هەمان نازناوی (الخليفة الناصر)ـە، کە پێی وا بوو بەم کارە سەلاحەدین دەیەوێ هەڵگەڕانەوەیەک لەناو دەوڵەتی عەباسی بەرپا بکات، بۆیە لەم بارەیەوە خەلیفە نووسراوێکی توندی بۆ سەلاحەدین نارد، ئەم کارەی خەلیفەش سەلاحەدینی سەرسام کرد بەڵام خۆی ڕاگرت و ڕای گەیاند کە باوەڕ بەم ڕووداوە ناکات و، خەلیفە ئەم ڕەفتارەی لێ ناوەشێتەوە، چونکە هێشتان لە هەموو جێگەکانی ژێر دەسەڵات سەلاحەدین بە ناوی خەلیفەوە (خوتبە) دەخوێندرێتەوە و، گوتیشی نازناوی (الناصر) لە لایەن خەلیفەی فاتمی (العاضد) و لە سەردەمی خیلافەتی "المستضیء" کە باوکی خەلیفەی ئێستەیە پێی بەخشراوە، واتا کاتێک (یوسف – سەلاحەدین) بە وەزیری دەوڵەتی میسر دانرا لە جێگەی شێرکۆی مامی.

سەلاحەدین بۆ پەیامنێری بەغدای دووپاتی کردەوە لە وتەیەکیدا "ئەوەی من بەرز بکات ئەوەیە کە لە لایەن میری باوەڕدارانەوە دێت بەرزترە لەو ناوەی کە پێم بەخشراوە... تەنیا بە نیازی رزگارکردنی ناوچەکانم بۆ میری باوەڕداران". تەنانەت لەدوای ئەم هەڵوێستە دۆستانەی سەلاحەدین، خەلیفە

بەردەوام بوو لە گەڕان بە دوای بیانوو بۆ ئەوەی نەهێڵێت سەربازەکانی شان بەشانی سەربازەکانی سەلاحەدین بەشدار بن لە شەڕی خۆبەختکردن. لە ڕاستیدا ماوەیەکی زۆر بوو کە سەربازانی خەلیفە تەنیا ئەرکیان پارێزگاریکردن بوو لە دەسەلاتی خەلیفە، واتا بوو بە ڕێکخراوێک بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوەخۆ یان لە پۆلیسی ناوەخۆ دەچوون.

سووکایەتیکردنی خەلیفە بە سەرکەوتنەکانی سەلاحەدین گەیشتە لووتکە کاتێک نامەیەکی بۆ سەلاحەدین نارد و تێیدا وتی: "سەلاحەدین بە قودسەوە شانازیمان بەسەر دەکات(!) ئاخۆ بە سەربازەکانی ئێمە و لەژێر ئالای ئێمە ڕزگاری نەکردا!". ئەمەش ئەوپەڕی خۆبەزلزانینە و گۆڕینی ڕاستییەکانە، چونکە لە هیچ ڕۆژێکدا سەربازی خەلیفە لەگەڵ سەربازانی کورد بەشدار نەبوونە و ئەوان لەژێر ئالای ڕەشی عەباسییەکان شەڕیان نەکردووە، بگرە تاوەکو مردن خۆیان بەخت دەکرد بەلام لەژێر ئالای زەردی سەلاحی.

سەلاحەدین چاوەڕوانی ئەم جۆرە هەڵوێستەی نەکرد لە خەلیفە "الناصرالدین الله"، کە دەبوایە سوپاسی هەوڵەکانی لە ڕزگارکردنی بەیتولمەقدیس بکردایە، بۆیە بە تووڕەییییەکی چاوەڕواننەکراو، وەلامی نێردراوی خەلیفەی دایەوە: سەبارەت بە بوشنجی لە لای ئێوەوە هاتووە بۆ لای ئێمە. پێمان ڕاگەیەندرا کە لە خانەوادەیەکی گەورە و ناسراوە و داوای لێ کردین پەیامنێرمان بێت بۆ بەغدا بۆ چاوپێکەوتنی کەسوکار، سەبارەت بە نازناو خۆم هەڵم نەبژاردووە بگرە کاتێک کە دەوڵەتی دوژمنەکەتانم لەناو برد "مەبەستی فاتمییەکانە کە پتر لە دووسەد ساڵی خایاند" خەلیفە "مستضیء" ئەو ناوەی پێ بەخشیوم و ئەمەش لە سەردەمی ئێوەدا نەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا لەنێو سەربازەکانم دە هەزار سەرباز هەیە نازناوی هەریەکەیان (سەلاحەدین)ە. تەنانەت وڵاتگیری بەیتولمەقدیس بە سەربازەکانی خۆم و، لەژێر ئالای خۆم بوو.

بەمەش پێوەندییان لە کرۆکەوە پچڕا، بەڵام سەلاحەدین – بە ڕووگەشی خۆی پێ ڕاگیرا و قازی لفازل داوای لێ کرد دەرگەی پەشێوی دابخات و بگرە برینەکان سارێژ بکرێت. سەبارەت بە بەسەرهاتی بوشنجی، گەڕایەوە بۆ ناو سوپای خۆبەختکردن و شەهید بوو.

خەلیفە لەسەر هەڵوێستی خۆی مایەوە، لە هەمان کاتدا تێکچوونی پێوەندییەکانیان بەردەوام بوو. بە تایبەتی دوای کوشتنی میری حەج (شەمسەدین ئیبن مەقدەم محەمەد) شێخی میرەکانی ئیسلام کە سەلاحەدین دای مەزراند بۆ سەرپەرشتیکردنی کاروباری حاجییەکانیماڵی خوا لە دانیشتوانی دەوڵەتەکەی، مێژوونووس (ئیبن لواسڵ) وەسفی کوشتنی ئیبن لەقدەمی کردووە بە دەستی پیاوەکانی میری حەجی عێراق (تاشتکین موحیەدین لموعین) کە لە لایەن خەلیفەی عەباسییەوە دانرا بوو. سەلاحەدین بەم کارە خەمبار بوو و سوێندی تۆڵەسەندنەوەی ئیبن لەقدەمی خوارد و وتی: "خوا بمکوژێ ئەگەر تۆڵەیم نەسەندەوە". لەو کاتەدا خەلیفە مەخابنیی خۆی پێشان دا لەسەر ڕووداوەکە. مێژوونووسەکانی سەردەم (ئیبن لەقدەم)یان بە شەهیدی خۆبەختکردن و کردنەوەی بەیتولەقدیس لە قەڵەم دا[1]. سەرەڕای ئەو هەموو ڕووداوانە سەلاحەدین بە هیوای دۆستایەتیکردنی خەلیفە مایەوە، دووبارە دەستی کرد بە ڕەوانەکردنی نامە و نووسراو بە تایبەتی لەدوای ساڵی (٥٨٥ک– ١١٨٩ز) کاتێک داوای یارمەتیی کرد لە بەغدا وەک بەشێک لە کەڕنایی گشتیی ئیسلام، بەهۆی سەختیی گەمارۆدانەکەی خاچپییەکان بۆ سەر شاری عەککا کە بیست و دوو مانگی خایاند، بە درێژترین گەمارۆدان لە مێژووی شەڕی خاچپییەکان و ڕەنگە لە مێژووی سەردەمیی ئیسلامی ناوەندیش دەژمێردرێت، ئەمە سەرباری بەرهەڵستکردنی هێرشی گەورەی ئەڵمانیا. دادوەری

١. مفرج الكروب: ٢/٢٥١.

سەربازەکانی و مێژوونووسی بەناوبانگ (ئیبن شەدادی) بە پەیامنێری خۆی بۆ بەغدا هەڵبژارد بۆ راڤەکردنی رووداوەکانی ناو گۆڕەپانی لە فەڵەستین و شام و بزواندنی خەلیفە بۆ پێشکێشکردنی هاوکاری[1]. خەلیفە وەک پێویست نەهات بە هاناوە، تەنیا دووان لە هەڵگرەکانی نەوت و پێنج زەراق[2] سەرەڕای کاغەزێکی ئیمزاکراو لە لایەن خەلیفەوە کە رێگەی بە سەلاحەدین دەدا بیست هەزار دینار بە قەرد لە بازرگانەکانی شام وەربگرێت و خەرجی بکات لە پێناو بزووتنەوەی خۆبەختکردن، لەسەر حیسابی گەنجینەی خەلیفە، ئەمەش یەکەم و دوایین یارمەتیی خەلیفەی بەغدا بوو پێشکێشی کرد بە هاوەڵەکانی شەڕی ئیسلام بۆ رزگارکردنی خاکە پیرۆزەکان و داکۆکیکردن لە فەڵەستین دژی خاچییەکان. سەلاحەدین سەرسام بوو لە کەمیی یارمەتیی خەلیفەی عەباسی و، رەحمەتی نارد بۆ خەلیفەی فاتمی (العاضد) کە درێغیی نەکرد و هەموو هەوڵێکی خستە گەڕ بۆ دوورخستنەوەی خاچییەکان لە دمیاگساڵی (٥٦٥ک –١١٧٠ز)، بۆیە بە تووڕەییەوە بیری لەوە کردەوە کە ئەو یارمەتییە رەت بکاتەوە و بینێریتەوە بۆ بەغدا بەڵام هاوەڵانی پاشگەزیان کردەوە و بەناچاری زەراقەکانی نەناردەوە و، پارەی لە بازرگانەکان وەرنەگرت.

ئەم هەڵوێستە سەیرە لەگەڵ پایەی بەرزی خیلافەت نەدەگونجا، ئەلقازی لفازل چەند تێبینییەکی نووسییەوە: "نووسراوەکەی بەغدا نووسراوێکی سارده، لاواز و بەستێنراوە، مەبەستی داواکار بەجێ ناهێنێ، نە پێوەندی و نە داهات، ئێمە داوای زێڕی گەرم دەکەین، کەچی ئاسنی سارد دەکوتی"[3]. لەبارەی ئەم هەڵوێستەوە توێژەرێک نووسیویەتی: هەڵوێستی خەلیفە لە شەڕی خاچییەکان جێگەی دڵدانەوە بوو چونکە نەیتوانی مەترسیی

١. أبن شداد: النوادر، ص١١٥.

٢. ئەوانن کە بە بۆڕی نەوتیان دەهاوێشتە سەر دوژمن بۆ سووتاندنیان.

٣. ابوشامه: كتاب الروضتين: ١٧٦/٢.

خاچییەکان لەسەر وڵات مەزەندە بکات، سەرەڕای هەوڵدانی بۆ یەکنەگرتنی موسڵمانانی ناوچەکە لە پێناو پاڵپشتیکردنی هێزی ئەیووبی کە بەرهەڵستییانی دەکرد[١].

پێوەندییەکانی نێوانیان گەیشتە ڕادەی پێوەندیکردنی خەلیفە بە ناحەزان و سەرپێچیکەرانی سەلاحەدین کە هەوڵیان دەدا کۆسپ دروست بکەن و پایە و خۆشەویستیی خەڵک بەرامبەر بەم سەرکردەیە کەم بکەنەوە. لە نێوان ئەمانەدا (سەیفەدین بەکتمر) لە شاری (خەلات)ی ئەرمینیا هەڵهاتبوو لە ئەنجامی هەوڵدانێکی سەرنەکەوتوو بۆ دەست بەسەراگرتنی ئەو ناوچەیە دوای مردنی شاهی ئەرمەنەکان[٢]، هەروەها خەلیفە پێوەندیی کرد بە میر (حەسەن کوڕی یەعقووب کوڕی قەفجاقی) کە لە بنەماڵەیەکی تورکمانییە و دەسەڵاتی بەسەر ناوچەی کرخینی (کەرکووک) و قەلاکانی شارەزوور سەپاندبوو[٣]. ئەم میرنشینە هاتە ژێر ڕکێفی خەلیفەوە بۆ ئەوەی ببێتە کۆسپێک بەرامبەر بە دەوڵەتەی ئەیووبی.

میر حەسەن کاتێک دەستی کرد بە ئاژاوەنانەوە بۆ (الملك المعظم مظفرالدين كوكبري)، زاوای سەلاحەدین و خاوەن میرنشینی هەولێر هاوسنووری میرنشینی قەفجاقی[٤]. بەلام کۆکبەری ئەم میرەی دەستگیر کرد ئەمەش بووە هۆی تووڕەبوونی خەلیفە و ناڕەزاییی دەربڕی و، پەیامنێرێکی ڕەوانەی لای سەلاحەدین کرد و بەم شێوەیە داواکارییەکانی تێدا تۆمار کرد: پەلاماری سەیفەدین بەکتمر نەدرێت، فرمان بدات بە زاواکەی خاوەنی هەولێر میر حەسەن بەرەڵلا بکات، ناردنی (ئەلقازی لفازل) ڕاوێژکاری

١. د. محمد صالح القزاز: الحياة السياسية في العراق في العصر العباسي الآخير. ص١٥٥.

٢. ئبین واصل: ٢ /٢٨٨.

٣. بڕوانە کتێبەکەمان: أربيل في العهد الأتابكي. ص ١٧٩ – ١٨٢.

٤. ابن خلكان: ط ١٩٤٨، ١٨٩/٦

سـەلاحـەدين بۆ بەغـدا بـە مـەبەسـتی ڕێككەوتن و دانانی سنوورێک بۆ هەڵوێستەكانی هەردوولا.

بەلام سـەلاحـەدين لە ڕوانگەی خـۆيـەوە وەلامی داواكارييـەكانی خـەليفـەی دايەوە، كە بەڵگەيەكە لەسەر تێكچوونی پێوەنديی نێوانيان. بەپێی بۆچوونی ئەو دەسـتگيـركـردنی مـيـر حـەسـەن لە لايەن (مـوزەفـەرەدين كـۆكـبـەری) دەگـەڕێتـەوە بـۆ ئەوەی ئەو مـيـرە ئاشـووب و ناهەمـواريی بلاو دەكـردەوە لە ناوچەی نێوان مەملەكەتی خەليفە و ميرنشينی كۆگبەری لە هەولێر[1].

هەروەها ڕوونی كـردەوە كـە فـەرمـانی دابـوو بۆ چوونی مـيـر حـەسـەن بۆ شـام بۆ ئـەوەی ئەركـەكانی بـەرامـبـەر بە بزووتنـەوەی خـۆبەختكردن ئەنجـام بدات. سەبارەت بە (ئەلقازی الفازل) داوای لێبووردن دەكات بەهۆی خراپيی باری تەندروستييەوە ناتوانێ ڕێگەی دووری بەغدا ببڕێ.

ئەم جـۆرە پێـوەنديـيـەی نێـوان خـيـلافـەتی عـەباسـی و سـەركـردايـەتيی سـەلاحـەدين بووە قـسـەوباسـی خـەڵكی، تايبـەت و گـشـتی، بـەهۆی خـۆشـەويستی و ڕێز لێنانـی خەڵكی بۆ ئەم سـەركردەيە، خـەليفـە بە هەمـوو توانـايەكی هـەوڵی دەدا ڕادەيەک دابنێت بۆ ئـەم خـۆشـەويسـتـيـيـە، بگرە قـەدەغـەشی كـرد ناوی سـەلاحـەدين بهـێنرێت و بە تاوان دادەنرا و سـزای لەسـەر بوو. ئەمـەش ڕێگەی دا بـە هەندێ كـەس كە بـوختـان بۆ كـەسـانێک هەڵبەستن و تاوانبار بكرێن بە خۆشويستنی سەلاحەدين[2].

بێگومـان ڕووداوەكـانـی نێوان ئەم دوو جـەمـسـەرەی جيـهـانی ئيسـلامی جـێگەی سـەرسـووڕمـان بـووە، دەبوايە ڕێزەكـانيـان يەک بخـسـتـايە و ڕێک بكەوتنايە لەسەر چارەسەركردنی ناكۆكييەكان – ئەگەر ناكۆكييەک هەبوايە لە بنەڕەتدا – و پڕكردنەوەی كەلێنەكان بە ڕەچاوكردنی بەرژەوەنديی ميللەت

---

١. أبن شداد: ١٩٩.

٢. د. القزاز: سەرچاوەی پێشوو. ل ٢٩٦.

له پێناو بەرهەڵستیکردنی دوژمن کە خاکە پیرۆزەکانی موسڵمانیان داگیر دەکرد. بە بەڵگەوە سەلماندمان کە سەلاحەدین بۆ یەک ڕۆژ ڕکابەری خەلیفەی نەکردووە بگرە بە پێچەوانەوە هەستی بە بەرپرسیاریەتی کردووە بەرامبەر بەخاکی موسڵمانان و هەوڵی بۆ ئەوە بوو خەلیفە بخاتە پێش بەرپرسیاریەتیی خۆی و، سوودمەند بێت لە توانای مادی و (مەعنەوی)یەکانی دەسەلاتی رۆحی دەوڵەتی عەباسی. ئەمڕۆ ئێمە خیلافەت لە بەردەم دادگەی مێژوو دەبینینەوە کە بەرپرسیاری دەکات لە کەمتەرخەمی و درێغیکردنی تاوەکو ئەو ڕادەیەی یەک سەربازی خەلیفە شەهید نەبوو لەسەرخاکی فەڵەستین یان لە پێناو داکۆکیکردن لە بەیتولمەقدیس، ئەنتاکیا، تەڕابلووس، صور، بەیرووت، یافا و عەسقلان.

ئێمە لە کاتێکدا بۆ دووپاتکردنەوەی ڕووداوەکان پشتمان بەنامەکانی سەرکردە بۆ خەلیفە بەستووە سەرەڕای سەرچاوەکانی سەردەمی سەلاحەدین و هەروەها لێکۆڵینەوەکان کە بەبێ لایەنی و دادپەروەرانە چارەسەری بابەتەکەیان کردووە. دەبینین کەسێک بەناوی (حەسەن ئەلئەمین) لە ژمارە (٤٤٢ سێپتەمبەر ١٩٩٥)ی کۆواری (العربي) کە لە کوێت دەردەچێ لەژێر دروشمێکی بریقەداری درۆینە "بەردەوامبوونی پێویستیمان بۆ گێڕانەوەو تەماشاکردن و نیگایەکی ڕەخنەگرانە... وردبینیکردنی جێگیرەکان" ڕاستییەکانی مێژوو دەشێوێنی. بێگومان قسەیەکی جوانە، نووسەر لە سەرەتای وتارەکەی دەڵێ: تاکو کەی ئێمە مێژووی تۆمارکراو بەخەڵتە و خەوەشەکانی بەبێ جیاوازیکردن لە نێوان نووسینی نووسەری ڕاست و نووسینی بوختانچییەکان وەربگرین(!) (نیشانەکانی سەرسوورمان لە لایەن دانەرەوەیە) چەکی نووسەرمان ئەوەیە کە پێویستە باشییەکانی هەردوو خۆبەختکەر (عیمادەدین زەنکی و نوورەدین مەحموودی کوڕی) بخرێتە ڕوو و ڕوون بکرێتەوە، کەچی مێژوونووس و توێژەرانی مێژوو ئەم دوو پاڵەوانەیان پشتگوێ خست و پایەی سەلاحەدینیان بەرز کردەوە

"سوپاسکردنەکە هەمووی بۆ سەلاحەدین مایەوە و بەپاڵەوانی دەربازکەر و سەرکردەی فریادڕەس دانرا... هتد"، بە ماقووڵی نابینم هەموو نووسینەکانی ئەم نووسەرە بگێڕمەوە کە دەستکاریی ڕووداوەکان دەکات بەڵام هەوڵەکانی لە باسکردنی مەزنێتیی عیمادەدین زەنکی زۆر ڕاستە و کەس نکووڵیی لێ نەکردووە تەنیا ئەو کەسە نەبێت کە بیەوێت بە هەڵەدا بچێت و ڕاستییەکان بشێوێنێ.

حەسەن ئەلئەمین دێتە سەر باسی سەرهەڵدانی عیمادەدین ئەمجا خۆبەختکردنی نوورەدین مەحموودی کوڕی، بەلام بەڕای ئەو سەلاحەدین هیچی ئەنجام نەدا(!) جگە لە سەرکەوتنەکەی حەتین و ڕزگارکردنی بەیتولمەقدیس کە هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ شارەکانی تری فەڵەستین(!) وەک ئەوەی یەکێک لە هەردوو قیبلە و سێیەم حەرەمی، هەموو موسڵمانان نەبێت و (مەسجدی ئەقسا)ی تێدا نەبێت کە لە قورئانی پیرۆز باس کراوە، یاخۆ قووبەت لسەخرە و حەرەمی حەزرەتی ئیبراهیمی لێ نەبێت و، ئیسرا و میعراجی تێدا ڕوو نەدابێت... هەروەک نووسەرەکە دەڵێ شارێکە جیاوازیی نییە لە یافا و نابلس و غەزە و عەککا. ڕەنگە هەندێک ڕاستی لە قسەکانی حەسەن ئەلئەمین دەربکەوێ بەلام دەبینین خێرا ژەهر تێکەڵ بە شیرینی دەکات لەژێر ناوونیشانی (دژی خەلیفە) وتارێک پڕ دەکاتەوە لەبارەی هەوڵەکانی خەلیفەی خۆبەختکەرەوە دەڵێت کاتێک خەلیفە (أحمد الناصر)ی عەباسی دەنگوباسی شەڕی لە فەڵەستین پێ دەگات سوور دەبێت لەسەر ناردنی سوپا بەهێزەکەی بۆ بەرەکانی شەڕ بۆ وڵاتی ئیسلام و، جێبەجێکردنی ئەم هەنگاوەش پێویستی بە ڕێککەوتنێک بوو لەگەڵ سەلاحەدین کە سەرکردەی شەڕکەرەکان بوو لەو ناوچەیە... بەلام سەلاحەدین ڕازی نەبوو بەمە هەروەها لە ترسی ئەوەی خەلیفە سوور بێت لەسەر ناردنی سوپاکەی، سەلاحەدین دەستپێشخەریی کرد لە بەستنی ڕێککەوتنێک لەگەڵ خاچییەکان وەستاندنی شەڕ بۆ ئەوەی شەڕی خیلافەت

بکات بە هاریکاریی خاچییەکان... ئەمەش بەپێی وتەکانی حەسەن ئەلئەمین.

هەمـوو سـەرچاوەکـانی مـێژووی سـەلاحـەدین کە پتـر لە سی سـاڵ هەڵم گـێـڕاون ئـامـاژەیەکم نـەبینیـیـەوە بۆ جـوولاندنـەوەیەکی لەم جـۆرە لە لایەن خـەلیفـەی بەغداوە ئەنجام درابێت، گەر بە گاڵتە یاخۆ پروپاگەندەش بێت، ئەگەر شـتێک لەم جۆرە بایە (ئیبن ئەلئەسیر) بێدەنگ نەدەبوو لە باسکردنی کە بەوە ناسراوە ڕەخنە لە سەلاحـەدین دەگرێت. لە باسی هەڵوێستی (ئیبن ئەلئەسیر) لەبارەی سـەلاحـەدینەوە لێکۆڵینەوەیەکمان بـلاو کردەوە لە سـاڵی (١٩٧٥).

سـەیرم لـەوەیە وتارێکی بـەم جـۆرە لە کـۆواری (العـربي) بلاو بکرێتـەوە و زیاتر سـەیرم لـەوە هات کاتێک کۆوارەکە ڕازی نەبوو لـەسـەر بلاوکردنەوەی وەلامی من بەپێی بڕیاری شارەزا بەبیانووی ئەوەی وەلامـەکەمان توندوتیژیی تێـدایـە و لە ڕێبـاز و داوونـەریتی تـایبـەت بـە کـۆوارەکـە دەردەچـێ لێـرە پرسـیـارێک دەکـەم: ئەگـەر کـۆوارەکـە وتارەکـەی "ئـەلئـەمـین"ی ناردووە بۆ شـارەزا، ئەو شارەزایە چۆن ڕازی بوو لەسەر بلاوکردنەوەی وتارێک کە بەم جـۆرە ئـەو هـەمـــوو هـەلانـەی تێکەڵ بـە مـێـژوو کـــردووە؟ ئەلـئـەمـین دەڵێت: ئاسـاییـە خـاچییـەکـان پێویسـتییـەکەی سەلاحـەدین بقۆزنەوە لە شەڕەکەی دژی خەلیفەی عـەباسی بە باشترین شێوە بۆیە داوایان کرد لە سـەلاحەدین هەموو شارەکانی فەڵەستین بگەڕێنێتەوە بۆ خاچییەکان و، داواکارییەکانیان جێبـەجێ کرا لە لایەن سەلاحـەدینەوە لە گێڕانەوەی شارەکان جگە لە شاری قـودس، دیسـان پرسـیـارێک دێتـە ئاراوە: بۆچی سـەلاحـەدین لە بنەڕەتدا ئەم شـارانەی رزگـار کـرد لە دەسـتی خـاچییـەکان؟ ئەم هەمـوو کـێشـەیەی بۆ دروست کرد؟ هەر لە سـەرەتاوە خۆی دەهاوێشتە ناو ڕیزەکانی خاچییەکان بۆ ئەوەی دژی خـەلیـفـەی عـەباسی بوەسـتـێت کـە هەزاران سـەربازی لە گۆڕەپانی شەڕ شەهید بوو بە تایبەتی لە شەڕەکانی رزگارکردنی شارەکانی تری فەڵەستین و شام. ئەگەر سـەلاحەدین بەرامبـەر سوپاکەی بوەستایە و

دەستی تێکەڵ بەخاچپییەکان بکردایە بەم هەڵوێستەی دەحەوایەوە و وازی دەهێنا لە شەڕ و پێکدادان لەگەڵ خاچپییەکان و، لە کۆشکەکانی سەر کەناری یەکێک لە ڕووبارەکانی وڵاتی واق واق دەژیا و لە لایەن خزمەتکار و دەست و پێوەندەکانی خزمەت دەکرا و بەنرخترین جلی ڕەنگاوڕەنگی لەبەر دەکرد و بەهاترین بۆنی لە خۆی دەدا و بە پەڕی حوشترمەلی ڕازاوە بە گەوهەرێکی گرانبەهای هێنراو لە وڵاتی هیندەوە و چێژی لە ژیانی ئاسوودەیی وەردەگرت لە دانیشتنەکانی خواردنەوە لەگەڵ گۆرانیبێژ و مۆسیقاژەنەکانی.

ژیانی سەلاحەدین ئاوەها دەبوو – یان وای لێ دەهات – و هەر کەسێک پێچەوانەی ئەمە بڵێت بە هەڵەدا دەچێت... یان نیگایەکی ڕەخنەگرانەی نییە... یان بوختان چییە! لە شێوازی نووسەرەکەمان کە هاوکێشە و ڕاستییەکانی مێژووی بە خامەکەی هەڵگەڕانەوە. بەم شێوەیە دەتوانین مێژوو بە ڕێگەی درۆدا ببەین و بە ڕێبازێکی ناوازە کە کەس بۆی نەڕۆیشتووە. لاپەڕەی کۆوارەکان کراوەیە بۆ هەر کەسێک بەختی خۆی تاقی بکاتەوە بۆ ئەوەی لەسەر ڕێسای (سەرپێچی بکە دەناسرێیت) ناوبانگ بە دەست بێنێ بێ ئەوەی ترسی چاودێریی هەبێت یان حیسابێک بۆ عەقڵی خوێنەر بکات.

حەسەن لئەمین بە پرسیارێک کۆتا بە قسەکانی دێنێ و دەڵێت: چی ڕووی دەدا ئەگەر سەلاحەدین بۆ خاچپییەکان خۆی بەدەستەوە نەدایە و هاوپەمانێتیی نەبەستایە و، سوپای خیلافەت هاتبایەتە ناو فەڵەستین و خاچپییەکانی لێ بەدەرهێنایە "لە پەڕاوێزی لاپەڕەکەدا دەڵێ: ژمارەی سەربازەکانی بەغدا سەد و بیست هەزار سوار بوون(!)" ئێمەش لە لایەن خۆمانەوە پرسیار دەکەین: ئەگەر خیلافەت سوپایەکی بەم قەوارە گەورەیەی هەبوایە "لە کاتێکدا ژمارەی سوپای سەلاحەدین لە شەڕی حەتین لە دوازدە هەزار سوارە تێ نەئەپەڕی" ئیتر بۆچی بەرگریی نەکرد لە بەغدا دژی

فـەرمـانڕەوایی بوەیهی دیلەمـیـیـەکـان و مـیـرە تورکـەکـان، پاشـان سەلجووقییەکان، لە کۆتاییدا پایەتەختی خیلافەت بکەوێتە دەستی مەغۆلە بتـپەرسـتـەکان و، لە ڕۆژێکی خـەمناکدا خـەلیفـە و دەست و پێوەندەکـانی بکوژرێن؟ با بگەڕێینەوە بۆ سـەردەمی خـەلیفـە (الناصر لدين الله) و دەڵێن: سـوپای گـەورەی خـەلیـفـە دەسـتـەوسـان وەسـتـا بەرامـبـەر دامـرکـاندنی یاخیبوونی یەکێک لە پەیڕەوانی، ئەویش مەنکلی بوو کە لە ساڵی (٦١٦ک – ١٢١٥ز) خـیـلافـەتی نـاچار کـرد پێـوەندی بکات بە دوژمـنی سـەرسـەخـتی (جەلالەدین کوڕی حەسەن لسەباح) خـاوەن قەڵاکانی ئیسماعیلییە لە وڵاتی فـارس هەروەها نـامـەی نارد و پێوەندیی کرد بە مـەلیک لزاهـر غـازی کوڕی سەڵاحەدین خـاوەن حەلەب و مەلیک لعادل ئەبی بەکری کوڕی ئەیووب (برای سـەڵاحـەدین و جێنشـینی لە مـیـسـر و شـام) و داوای یارمـەتیی لێ کـردن بۆ دامـرکـاندنەوەی یاخـیـبوونی ناوبراو ئەویش داواکـارییـەکـەی جێبـەجێ کـرد، ئەوە بوو پێشـەوایەتیی سـەربازەکانی سپاردە (مـوزەفـەرەدین سونقـور) (وجە السـبـع) خـاوەنی خـۆزسـتـان، پاشـان ناردی بـە شـوێن (مـوزەفـەرەدین کـۆکـبـەری) خـاوەن هەولێـر و پێـشـەوایـەتیی هەمـوو سـەربازەکـانی پێ ڕاسپێردرا، لەگەڵ هێزەکـان مووسڵ و ناوچەی جەزیرە و حـەلەب، سەرەڕای ئامـادەبوونی هـێـزەکـانی هەولێـر، لـە ئەنجـامـدا توانـیـان مـەنکلی و بزووتنەوەکەی لەناو بدەن[١]. ئەگەر ئەمـە بارودۆخی خیلافەت بێت، ئیتر چۆن دەتوانێ بگاتە شـام و شـەڕی خـاچییـەکـان بکات و مـەترسی بخـاتە سـەر سـەڵاحـەدین و ناچاری بکات چۆک دادا بۆ خاچییەکان و هەمـوو شارەکـانی فـەڵەسـتین بگێـڕێتـەوە بۆ خـاچیـیـەکـان. لە کـاتێکدا خـەلیـفـە نەیتـوانیـوە یاخیبوونەکەی مەنکلی لەناو بدات. ئەم خەلیفەیە سـەرکردەی سوپای گەورە،

١. خوێنەری بەڕێز تێبینی دەکات: کە بڕبڕەی ئەم گردبوونەوە بریتییە لە شـەڕکەرەکانی سـوپای ئەیووبی (غـازی کـوڕی صـەڵاحـەدین) و (ئەبوبەکـری برای سـەڵاحـەدین) (کۆکبەری زاوای سەڵاحەدین).

هەر ئەو خەلیفەیەیە کە خاوەن نیگایەکی نوێی ڕەخنەگرتن بۆ مێژوو باسی لێوە دەکات.

ئەمجا هێزەکانی ئەم خەلیفەیە لەدوای دوو ساڵ واتا ساڵی (٦١٨ک – ١٢٢٠ز) دەستەوسان وەستان بە ڕووی هێزێکی دێدەوانیی مەغۆلی لەپێش داگیرکردنی بەغدا بە چل ساڵ، خەلیفە پاراستنی وەرگرت بەرامبەر ئەم هێزە مەغۆلییە نەک بە سوپاکەی بگرە بە ناردنی بۆ خاوەن هەولێر (کۆکبەری) کە هێزێکی دە هەزار سەربازیی ئامادە کرد بەرەو داقوق بەڕێ کەوت "کە مەڵبەندی گردبوونەوەی سوپاکان بوو" پاشان هێزەکانی مووسڵ گەیشتن، بەڵام هێزەکانی خەلیفە ژمارەیان لە هەشت سەد سەرباز تێ نەدەپەڕی بە سەرکردایەتی سەرکردەی تورکی (قشتمر) بوون. کۆکبەری بڕیاری کشانەوەی دا لەم گردبوونەوە چونکە ناڕازی بوو لەسەر ژمارەی هێزی بەغدا و ڕای گەیاند "داوام کرد لە خەلیفە دە هەزار سەربازم بداتێ واتا بە گوێرەی ئەو هێزەی کە لەگەڵ خۆم هێناومە"، بەڵام کاتێک کەمیی سەربازەکانی خەلیفەم بینی بە باشم زانی بکشێمەوە و گیانی موسڵمانەکان نەخەمە مەترسییەوە چۆنکە هێزێکی ئەوتۆی خەلیفەم بۆ نەهات جگە لە ژمارەیەکی کەم کە لە هەشتسەد گواشی – تەواشی (واتا کۆیلەکان، یان خزمەتکارە نێرەمووکەکان) پێک دەهات. بەڵام لە ئەنجامی ئەم گردبوونەوەیە مەغۆلەکان بڕیاریان دا کردارەکانی دێدەوانیان بوەستێنن کە گوێبیستی گردبوونەوەی هێزەکانی ئیسلامییان بوون بە سەرکردایەتیی کۆکبەری لە داقوق و، ترسی شکستهێنانیان لێ نیشت.

ئەگەر ئەمە بارودۆخی خیلافەت و سوپاکەی بێت لەو سەردەمەدا، دەبێت بارودۆخی بەغدا و پایەتەختی خیلافەت چۆن بووبێت؟ لێرەدا تەنیا ئاماژەیەکی ئیبن جوبیر هاوچەرخی سەلاحەدین و خەلیفە ئەلناسر باس دەکەین. ئاشکرایە ئیبن جوبەیر گەشتیاری بەناوبانگ – کە گەشتەکەی لە ئەندەلووسەوە دەستی پێ کرد و، وڵاتەکانی ڕۆژهەڵات گەڕا و، سەردانی

بەغدای پایەتەختی خیلافەتی عەباسیی بەم شێوەیە وەسف کرد کە دەڵێ: بەغدا ئەو پایەتەختــە مـەزنە نەمـاوە، بگرە وەک پاشـمـاوەی شـارێکی لێ هاتووە و بووەتە کەلاوە و شوێنەواری شارێک[1]. ئا بەم شێوەیەش گەڕیدەی (مەغربی ئەندەلووسی) وەسفی کردووە پێش ئەوەی مەغۆل داگیری بکات ئەو مەغۆلانەی هەموو هێزەکانی ئیسلام بەرهەڵستیان کرد جگە لە هێزی ئەم خەلیفەیە، کە تەنیا دانیشتوانی بەری رۆژئاوای بەغدا (بەریکەرخ) نەبێت کە بەرهەڵستییەکی بچووکیان نیشان دا[2]. تەنانەت خەلیفە تاوانبار کراوە بە بانگهێشتنکردنی مەغۆل بۆ بەغدا، ئەو تاوانەی کە مێژوونووسی سەردەم (ئیبن ئەلئەسیر) بە قیامەتی گەورە وەسفی کرد، ئەو تاوانەی کە هەموو تاوانێکی گەورە لە بەردەمیدا بچووک دەبێتەوە.[3]

ڕەنگە خوێنەر پرسیار بکات: ئەم قسەیە چ پێوەندییەکی هەیە بە وتارەکەی (حەسەن ئەلئەمین) و بوختانەکانی؟ دەڵێم: لەو رۆژگارەدا بەغدا ئەو پایەتەختە قەشەنگە نەمایەوە، پایەتەختەکەی رەشید و مەئموون و شاری ڕازاوە کراوە بە کۆشک و مزگەوت و باخەکان نەمایەوە ئەوە هەروەها گەشەسەندنی ژیانی ئابووری و پێشکەوتنی زانست و وێژە و هونەر جگە لە سوپای بەهێز و سەرکردەی لێهاتوو کە توانییان شۆڕشێکی سەرانسەری خیلافەت لەناو ببەن کە بۆ ماوەی یازدە ساڵ بناغەکانی خیلافەتی هێنایە لەرزین ئەویش شۆڕشی (ڕەشپێستەکان) بوو. هەروەها بەردەوامبوونی هێرشەکانیان بۆ سەر وڵاتی ڕۆم (ئەنادۆڵ) تاوەکو لە سەردەمی موعتەسەمی کوڕی هارونە ڕەشید گەیشتنە عەمووریە، جێگیربوونی بارودۆخی هێمن و ئارام، بەڵام لەو سەردەمەدا خیلافەت زۆری لە گەشەپێدان و پایەی بەرزی لە دەست دابوو، شتێکی ئاسایی بوو بە دەستی

١. رحلة ابن جبير. ص ١٧٥.

٢. بڕوانە کتێبەکەی د. جعفر حسين خصباك العراق في العهد المغول الايلخانين.

٣. ئیبن الاثیر: الكامل فی التأريخ. حوادث عام ٦٢٢ ک (الجزء ١٢ / ٤٣٨).

مەغۆلەکان بڕووخێت لە لای ئەو کەسەی کە ئاگەداری بارودۆخی بەغدا بوو، بۆیە دەسەڵاتی خیلافەت گرژ بوو بەهۆی لاوازیی ئابووری و کوێربوونەوەی پرۆژەکانی ئاودێری وەکو پرۆژەی ئیسحاق و نەهرەوان و دجێل. توێژەرێکی پسپۆڕ وتوویەتی: ئەو کاولکردنەی کە پرۆژە و ڕێگەکانی بەغدای گردەوە، بووە هۆی لاوازی و رووخانی دەوڵەتی عەباسی. دەتوانین بڵێین هاتنی مەغۆلەکان بۆ بەغدا وەک ئەوە بوو گوللەی رەحمەت بنێت بە لاشەیەک لە سەرەمەرگیدا بێت. لە شارێک کە تەنیا یازدە مزگەوتی تێدا مابوو بەپێی ئەو ژماردنەی کە ئیبن جوبەیر ئەنجامی داوە.

لە توانای دەوڵەتێک بەم جۆرە نییە پاڵ بە سوپایەک بنێت بۆ فریاکەوتنی سەلاحەدین ئەگەر نەڵێین ئامادەکردنی سوپایەک بۆ شەڕکردنی خاچییەکان (سەلاحەدین ڕێی لێ بگرێت). با دەست هەڵبگرین لە بوختانی ئەم نووسەرە (ئەمین)، دەنا دەبێت مامۆستایانی پسپۆڕی مێژوو لە موسڵمانان و رۆژئاواییەکان پێداچوونێکی تر بکەنەوە بۆ سەر نووسینەکانیان کە بە پاڵپشتیی سەرچاوەکانی سەردەمی سەلاحەدین نووسیانەتەوە و، دەست لە زانیارییەکان هەڵبگرن و دەست بکەن بە خوێندنەوەی نووسینەکانی ئەم نووسەرە بۆ ئەوەی بگەینە ئەنجامێک ئەویش ئەوەیە کە سەلاحەدین ناپاک بوو بەرامبەر ئیسلام و بەکرێگیراوی خاچییەکان و دژایەتیی گەورەترین هێزی ئیسلامی کردووە کە لە بەغداوە هاتووە بۆ رزگارکردنی فەڵەستین و شام! زیاتر بەپێویستی نازانم وەڵامی ئەم نووسەرە بدەینەوە کە وشەیەکی حەقی نەدرکاندووە بەرامبەر بە سەلاحەدین ئەگەر وتبێتیشی ناحەقیی ویستووە بە حەق هەروەک ئیمام عەلی کوڕی ئەبی تالیب ڕەزای خوای لەسەر بێت دەفەرموێت: ژیانی سەلاحەدین هەر بە سپێتی دەمێنێتەوە... چونکە (ژیاننامەی گەشترین)ـە[1].

٢. ژیننامەی گەشترین کتێبێکی دانەرە کە بە زمانی کوردی لە بەغدا ساڵی (١٩٩٣) بڵاو کرایەوە لە دار الثقافة والنشر الكوردي. وەرگێڕانی - عبدالرزاق بیمار.

* ئەمجارەیان پرسیارەکەمان هەندێک درێژە چونکە پێوەندیی بەبیری نەتەوایەتییەوە هەیە: ئاخۆ ڕاستە سەلاحەدین بە چەمکی سەردەمەکەی خۆی بیری نەتەوەییی لەخۆ نەگرتبوو و دەمارگیریی تێدا نەبووە؟ چونکە ناتوانین بڵێین بیری نەتەوەیی لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی فرەنسا لە ساڵی (١٧٨٩) پەیدا بووە، لەبەرئەوەی هەردوو دەوڵەتی ئەمەوی و عەباسیی عەرەبی هەروەها بوونە و زۆریان هەوڵ داوە لە پێناو گەشەپێدانی زمانی عەرەبی و دروستکردنی کولتوورێکی نەتەوەییی عەرەبی با ئەوەش لە یاد نەکەین کە ئیسلام و پێغەمبەر (د.خ) یەکەم ئەرک کە ئەنجامیان دا یەکخستنی هۆزەکانی نیمچە دوورگەی عەرەبی و دامەزراندنی بناغەی میللەتێکی عەرەبیی یەکگرتوو بوو. هەروەها هەردوو دەوڵەتی سەفەوی و قاجاری فارسی بوونە، وەک دەوڵەتی عوسمانی کە لە بنەڕەتدا تورکی بوو. لە لایەکی ترەوە شاعیری کورد (ئەحمەدی خانی) لە داستانەکەی مەم و زیندا لەپێش هەڵگیرساندنی شۆڕشی فرەنسایی بانگهێشتنی یەکگرتنی نەتەوەی کوردی کردووە ئەمەش دوای ئەو پەندانەی لە ئەمەوی و عەباسی و سەفەوی و عوسمانی وەری گرت کە بناغەیان بۆ نەتەوەی عەرەبی و فارسی و تورکی داڕشت، ئاخۆ دەبێ سەلاحەدین لەناو ئەمانەدا چی بێت؟

لە ناوەڕۆکی پرسیارێکی پێشووتر وەڵامی ئەم پرسیارەم دایەوە لێرە درێژەی پێ دەدەم و دەڵێم: هەزری نەتەوایەتی - بە واتایەکی تر هەستی نەتەوایەتی - لەگەڵ مرۆڤدایە لە کاتی دەرکەوتنی نەتەوە، ناتوانێت وازی لێ بێنی چونکە ئەو هەستە زێدی مرۆڤ، زمانەکەی، ئەو نیشتمانەی لەسەری دەژی و ئەو مێژووەش کە بیرەوەریی کۆمەڵ پێک دێنێ، نەک تەنیا برێتی بێ

(واتا مێژوو، له ڕووداوی بەسەرچوو) هەموو ئەو ئینتیمایانه تایبەتمەندیی خۆی به کەسێتیی مرۆڤ دەبەخشێ و سیفەتگەلێکی پێ دەدا که جیای دەکەنەوە له کەسانی تر. کەسێک نییه واز بهێنیی له – ئەگەر نەڵێم شانازی نەکات بە– پێکهاتەی زمان و بیر و ئارەزووی گەڕانەوەی بۆ نەژادی که ئەمیش مەسەلەیەکی ئاسایییه له ژیانی مرۆڤ به تایبەت له کاتێ دووچاری تەنگوچەڵەمەی ترسناک دەبێتەوە چونکه لەو کاتەدا مرۆڤ هەست بەوە دەکات که دەبێت پەنا بەرێتە بەر کەسانی تر بۆ پاراستنی، نموونەش زۆرە لەم بارەیەوە.

بەڵام ئارەزووکردن بەلای ڕەگەزێک شتێکه و دامەزراندنی دەوڵەت شتێکی ترە، به تایبەتی دەوڵەتێک که بانگەشەی ئیسلامەتی بکات. دەوڵەتی ئومەوی به دەوڵەتێکی ڕەگەزپەرستانه ناسراوە، ئەمە بێجگه له دژایەتیکردنی بۆ خانەوادەی پێغەمبەر (د.خ) و بانگەوازی دەوڵەتێکی ئیسلامیی دەکرد بەڵام مامەڵەیەکی ڕەگەزپەرستانەی بۆگەنی بەرامبەر ئەو ڕەگەزانەی که هاتنه ناو ئیسلامەوە پەیڕەو کرد، بەمەش سەرپێچیی له ڕێنوێنییەکانی ئاینی ئیسلامی کرد که قورئانی پیرۆز جەختی لەسەر کردووە و گومانی تێدا نییه "انا خلقناکم شعوبا وقبائل لتعارفوا، ان أکرمکم عند الله اتقاکم" لێرەدا پێویست ناکات جەخت بکەینه سەر ئەوەی که ئاینی ئیسلام ئاینێکی جیهانییه پێوەست نییه به ڕەگەزەوە بۆیه دەتوانین بڵێین نەتەوەکانی تر ناو دەوڵەتی ئومەوی جگه له عەرەب ڕقیان لەم دەوڵەته بووە چونکه تەنیا بۆ خانەوادەی ئومەوی کاری کردووە. به هەمان شێوە له لایەن فەقیهەکانی ئیسلام و، دەستە و حزبەکانی وەک خەوارج و شیعە و موعتزله (قەدەریەکان) بەرهەڵستی بنەماکانی ئەم دەوڵەته کراوە. ئەمەش بووەته مایەی ئەوەی فەرمانڕەواییان نەتوانن زیاتر له نەوەتساڵ فەرمانڕەوایی بکەن.

بەڵام دەوڵەتی عەباسی به پێچەوانەی دەوڵەتی ئومەوی، دەوڵەتێکی

عەرەبی نەبوو بە چەمکی ڕەگەزپەرستانە بگرە دەوڵەتێک بوو لەژێر دروشمی (ڕەزا بوون لە ئال ئەلبەیت) واتا بنەماڵەی پێغەمبەر (د.خ) کە پێک هاتبوو لە عەلەوی و عەباسییەکان، لەسەر بناغەی ئیسلام دامەزرا، هەروەها ڕازیکردنی نەتەوەکانی تر کە هاتنە ژێر ئالأی ئیسلامەوە بە تایبەتی فارسەکان کە دەستێکی باڵایان هەبوو لە دامەزراندنی ئەم دەوڵەتە، بۆ نموونە پیشەی (وەزیر) فارسەکان تەنیا بۆ خۆیان قۆرخیان کرد واتا یەک وەزیر هەبووە لەناو دەوڵەتدا بە درێژاییی فەرمانڕەوای عەباسییەکان کە زیاتر لە پێنج سەدەی خایاند. هەروەها نەتەوەکانی تر وەکو کورد لەم سەردەمەدا خزمەتی ڕۆشنبیری ئیسلامیان کرد لە بواری ڕاڤەکردنی قورئان، کۆکردنەوەی فەرمووده (الصحاح الست)، دانانی ڕێزمانی عەرەبی، بەشدار بوونیان لە زانست و فەلسەفە، دیاریترین مێژوونووسان و جوگرافناسانی شارستانییەتی ئیسلام لە مەوالییەکان بوونە "ئەو موسڵمانانەی کە لە نەتەوەی عەرەب نەبوونە پێیان دەوترا مەوالی". تەنانەت ئیبن خەلدون دەڵێ: "هەڵگری زانست لەناو ئیسلام هەرە زۆریان لە عەجەم بوونە) و درێژە بە قسەکانی دەدا و ئاشکرای دەکات "لەناو عەرەبدا زانست نییە، نە لە زانستەکانی شەریعەت و نە لە زانستە عەقڵییەکان بە دەگمەن نەبێت"، ئەمەش بەبۆچوونی تایبەتی خۆی ڕوونی دەکاتەوە، ئێمە لەبارەی ڕاڤەکردنی ئەم بابەتەوە نین.

پاشان ئیبن خەلدون نموونەیەکی زۆر دێنیتەوە لەسەر وتەکانی. ئەگەر دەوڵەتی عەباسی دەوڵەتێکی ڕەگەزپەرست یان نەتەوەیی بوایە جگە لە عەرەب نەتەوەکانی تر ڕۆڵی گرینگیان وەرنەدەگرت لە بەڕێوەبردنی سەرخانەکانی دەوڵەت (زانست و ڕۆشنبیری... هتد) بە پێچەوانەوە نەتەوەکانی تر ئەم ڕۆڵەیان گێڕاوە. ئەمەش بە چەمکی سەردەم واتای ئەوە نییە کە دەوڵەتی عەباسی وازی لە نەتەوەکەی هێنابێ، بگرە خەلیفەکانیان بەردەوام بوون لە تەماشاکردنی نەتەوەکانی تر هەرچەندە پایەیان بەرز بوایە

به جـۆرێک له خـۆبـەزلزانینی نێـزیک له ڕەگـەزپـەرسـتی، هـەرچـەنده زۆرینەی نەوەی خـەلیـفـەکـان لـه دایکی نـەتەوەی تر بـوونه نەک عـەرەب. یەکـێک له ڕیوایەتـەکـانی ئیبن خـەلدون ئەو ڕووداوە بـاس دەکـات کـه خـەلیـفـه هارونه ڕەشـید ویسـتی تاقی کیـسرا[1] بڕووخـێنێ ناردی بـه شـوێن یەحـیای کوڕی خـالیدی بەرمـەکی، کـه له زیندان بوو، له کـاتی خـۆی لەگـەڵ هـارونه ڕەشـید بەشداریی فـەرمانڕەوایەتیی کردووه پێش ئەوەی بەرمەکییەکان لەناوبچن له ڕووداوە بەناوبانگەکە و، ڕاوێژکـاری هـارون الرشـید بووه بـەهـەرحـاڵ پرسـی پێ کـرد لەبارەی ڕووخـاندنی ئەو تاقـەوه کـه لارییـەکی تێ کـەوتبـوو یەحـیـا وەڵامـی دایەوه: ئەی مـیـری باوەڕداران دەست لەم کـاره هەڵبگره با بە لاریی خـۆی بمـێنێـتـەوه چونکه بەڵگـەیەکی ڕوونه لـەسـەر مـەزنیی باپیـرانت کـه توانیویانه دەست بگرن بەسەر موڵکی خاوەنی ئەم تاقه.

خەلیفه هارونه ڕەشید یەحیای تاوانبار کرد بە لایەنگری نەتـەوەی عەجەم و، وتی شانازی به عەجەمەکانەوه دەکات، به خوای دەبێت تاقەکه بڕووخێنم، سوێندەکەی بەجێ هێنا. دەستی کرد به رووخاندنی بەڵام نەیتوانی بەردەوام بێت لەسـەر ئەم کاره. بۆ جاری دووەم ناردی بـه شـوێن یەحـیـا و پرسی پێ کـرد لەبارەی دەست هەڵگرتن له ڕووخـانـدنی ئەو تەلارەوه یـەحـیـا وەڵامی دایەوه ئـەی ئەمـیـری باوەڕداران بەردەوام بـه له ڕووخـاندنی ئەگـینا دەڵێن میری موسڵمانان و پاشـای عەرەب نەیتوانی تەلارێک له تەلارەکانی عـەجەم بڕووخێنێ، بەڵام هـارونه ڕەشید فەرمـانی دەرکرد به ڕاوەستانی کارکردن له ڕووخاندنی تەلاری عەجەمەکان[2].

ئەو گفتوگۆیەی هارونه ڕەشـید خەلیفەی موسڵمانان و یەحیای بەرمەکی سـەرۆکی بەرمەکییەکان بەڵگەیەکە بۆ لایەنگری هەردوولا بۆ نـەتەوەکانیـان،

---

١. مقدمة ابن خلدون. طبعة بيروت. ص ١٠٤٦ –١٠٤٨.

٢. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص ٦١٦.

ئەم لایەنگیرییەش هەندێک جار دەگەیشتە ڕادەی لەناوبردنی یەکتر، لە ئەنجامدا کۆتاییيان هێنا بەدەوری بەرمەکییەکان کە ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لە دامەزراندن و بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عەباسی، ئەمەش لە میانەی قۆرخکردنی دەسەلات و دوورخستنەوەی نەتەوەکانی تر بەهۆی ئەو دەسەلاتە فراوانەی بەرمەکییەکان بەدەستیان هێنابوو لە بوارە جیاکانی دەوڵەت بە ڕادەیەک کە دەگەیشتە پێشبڕکێکردنی خەلیفە. تەنانەت لەناوبردنیان بووە مایەی لاوازکردنی پێکهاتەی کۆمەڵگە و سەرکردایەتی و دەوڵەت. دەتوانین بڵێین ڕووداوە مەترسیدارەکانی مێژوو بە ڕێککەوت ڕوو نادەن.

ئەمەش بەڵگەیەکە کە هەستکردن بە ڕەگەزپەرستی (بەلای کەمەوە هەستی نەتەوەیی) بە هاتنی ئیسلام بەکۆتا نەهاتووە، بە بەڵگەی ئەو ناکۆکیيانەی ڕووی داوە لە مێژوو. سەبارەت بە ماوەی شەڕی خاچییەکان ناکۆکییەکان لە نێوان ڕیزەکانی سوپادا پەیدا بووە، باسی دووبەرەکی کەوتە نێوان سەرکردەکانی سوپای نوورەدین مەحموود لە میسر کاتی هەڵبژاردنی سەلاحەدین بە وەزیر کە زۆرجار ئەو ناکۆکییانە توند دەبوو لەناو ڕیزەکانی سوپای سەلاحەدین بە تایبەتی لە کاتی ئابڵووقەدانی عەککا و یافا. بەلام سەلاحەدین بە سیفەتی ئەوەی سەرکردەی سوپای جەنگاوەرەکان بووە دەتوانین بڵێین نەتەوەخوازانە بوو ئەگینا لەو جێگەیە نەدەبوو، بگرە تەنیا سەرکردایەتی جەنگاوەرە کوردەکانی دەکرد نەک نەتەوەکانی تر. هەمان شت لەسەر جەنگاوەری کوردەکان دەگوترێ ئەگەر بیری نەتەوایەتییان، لەخۆ بگرتایە قایل نەدەبوون بە رزگارکردنی خاکێکی تر جگە لە خاکی خۆیان، بەلام شەڕی خۆبەختکردنیان بەرپا کرد بە سیفەتی موسڵمانێتی نەک بە سیفەتێکی نەتەوەیی. نابێت لە یادی بکەین لە کاتی ڕوودانی شەڕی مەلازگرد ساڵی (٤٦٣ک – ١٠٧١ز) لە نێوان کورد و (رۆم)ـە بێزەنتییەکان، واتا پێش لەدایکبوونی سەلاحەدین بە ماوەی شەست ساڵ، لە پێناو رزگارکردنی روها (ئورفە ساڵی ٥٣٨ک – ١١٤٤ز) کە شەڕیان کردووە بە

سیـفـەتی مـوسـڵـمـان کـاتێک دووچاری دەسـتـدرێژیی دەوڵەتێکی نـەصـرانی (فەلەکان) ڕۆژهـەڵاتی پاشـان خاچییەکان بوونەتەوە.

بەهۆی شـەڕی خـاچییـەکـان کـورد پێوەندیی بە سـەلاحـەدین کرد نەک بۆ دامـەزراندنـی دەوڵەتێکی کـوردی، بەهۆی زاڵبـوونی هـەسـتـی ئاینـی بەسـەر هەسـتی نەتەوایەتی هـەرچەندە پێـوەست بوونـە بە نەتـەوە و هۆز لە هـەمـان کاتدا. بەڵێ پێغـەمەبەر (د.خ) بە پلەی یەکەم بایەخی دا بە یەککگرتنی نیـمچە دوورگـەی عەرەبـی و بنیاتنـانـی دەوڵەتێک یان پێکهێنانی میللەتێکی عـەرەبی یەککگرتوو، دەوڵەتێک بە زمانی عـەرەبی بدوێ و باوەڕی ئیسـلامی تێدا بەرپا بکرێت بێ ئەوەی جیاوازی لە نێوان عـەرەب و عەجەم بکات تەنیا بە پەرستن و ترسـی خـــوا نەبێت. واتـا دەوڵەتێکی نەتـەوەی عـــەرەبی بەچـەمکی ئـەم سـەردەمە. ئەگـەر ورد بینەوە لە (عـەرەبایەتی ئیسـلام) خـراپە ناگـەیەنین بە ئاینەکە ئەگـەر بڵێین هـەسـتی عـەرەبایەتی تەواو نەبووە، بە پێچـەوانەوە قـوڵ کـرایەوە لە لایەن هـەندی مـوسـڵـمـانانەوە، چونکە لە بـەرژەوەندییـان بوو. هـەروەها بیـروباوەڕی مـرۆڤ شـتـێکە و، واقـیـعـی کـردەییش (سـیـاسـەت) شتێکی ترە.

باسی وتەیەکی خـاوەنی (المقدمـە–ئەلموقـەدیمە) دەکـەین: پێغـەمبـەر (د.خ) عـەرەبە، بۆیە پێـویسـتـە تەنیـا زمـانی عـەرەبی لەناو مـەملەکـەتدا بـەکـار بهێنین(!) و، عـومـەری کوڕی خـەتاب وتوویەتی: زمـانی عـەجـەمـەکان فێڵ و هەڵخـەڵەتاندنـی تێـدایە... بۆیە زمـانی عـەرەبی دەبێت ببـێت بە یەکـێک لە بنەماکانی ئیسلام و گوێڕایەڵیکردنی عەرەب.

ئەم بیـرۆکانە – تاوەکو ئێـسـتا– لە لای هـەندێک کۆمـەڵ بووە یەکـێک لە شتـە ئاساییەکان کە بەرهـەڵستی و مشتومڕیان لەسـەر نەکردووە هـەر بۆیە عـەرەب بە بەردەوامی ژمـارەیان زیادی کـردووە نەک بـەهـۆی سـروشـت یان هۆکـاری بایۆلۆجی، بگرە لە ئـەنجـامی وازهـێنانی زۆر کـەس لە زمـانی نەتەوەیی (لغة الام).

جــارێکی تر دەڵێین ســەلاحــەدین وازی نـەهێنا لـە زمــانـی دایکی و، کۆمەڵەکەی پاڵپشتی بوون، بێ کورد نەیدەتوانی ئەو دەستکەوتانە بە دەست بهـێنـێ بۆ ئیـسـلام نەک بـۆ عـەرەب، هەرچەندە لـە پێناو خـاکـێکی عـەرەبی شەڕیان کرد لە کاتێکدا بـەرهەڵستیکردنی دوژمن ئەرکی سەرشـانی عەرەب بووە چونکە مـوسڵمـان بوونە کە چی درێغییـان لەو ئەرکە کـردووە، لە هەمان کاتدا کـورد وەکو پێویست ئـەرکی سـەرشـانی خـۆی جێبـەجێ کـرد، ئاخـۆ دەکرێ سەلاحەدین بەرپرسیاری بکرێت لەسـەر بەجێهێنانی ئەرکی بەرامبەر خـاوەن ئـاینەکـەی؟ کـە بووەتە هـۆی درەوشـانـەوەی ناوی کـورد لە ئاسـمـانـی نەمـرەکـان. دەبێت تەمـاشـای چەمکی هەمـوو سـەردەمـەکان نەکـەین لە یەک ڕوانگەوە. لەبارەی پـاشـمـاوەی پرسـیـارەکەوە تکام وایە لـە بواری بایەخـدانم تێ نەپـەڕم لەبارەی دەوڵەتی سـەفـەوی، قـاجـاری و عـوسـمـانـیـیـەوە دەڵێم: سەفەوییـەکان کە تورک بوون بناغەی دەوڵەتێکی ئێرانییـان دامەزراند لەسەر ڕێبـازی ئیـمـامی، کـە ئامـانجی یەکـەمیـان خـزمـەتکردنی فـارس نەبوو بگرە دامــەزراندنی دەوڵـەتێکی ئیـســلامی پـەتی بوو هـەمـان شت دەوترێت لەســەر فـەرمـانڕەوایەتیی قـاجـاری هـەرچەندە قـاجـارییــەکـان کـورد بـوونە، بەلام خـزمـەتی ئێرانیـان کـردووە بە مـیللەت و خـاکەوە ئـەم سیـاسـەتە لە لایەن فەرمانڕەوا یەک لە دوای یەکەکانی ئێران پەیڕەو دەکرا لە ئەنجامدا زمـانی فـارسی بووە زمـانی دەزگاکانی کـارگێڕی و ڕۆشنبیریی ئەم وڵاتە. بۆیە بە چەمکی ئێستا ناتوانین ئەو ڕێژیمانە بە ڕێژیمی نەتەوەیی وەسف بکەین.

بەلام لەبارەی دەوڵەتی عوسـمـانییـەوە دەڵێین ڕۆشنبـیری فـارسی زیاتر لە زمـانەکانی تر لەناو کۆشکی سـوڵتـانی عوسمـانییـەکان باو بووە هەرچەندە خــۆیـان تورک بـوونە بـۆیـە دەبێت دادپـەروەر بـین لەوەی کــە ســـیــفـــەتی ڕەگـەزایەتیی نـەتەوەیی بخـەینـە پاڵ ئەم دەوڵەتە و، دەبێ نکوولیی لێ بکەین چونکە نابێت ڕووداوەکـانی بـەکـۆتاهـاتـنی دەســەلاتیــان بکرێتــە پێـوەری ســەرەتاکــانی، یان بگونجـێت لەگـەڵ ڕەوت و فــەلسـەفـەی فـەرمــانڕەوایی،

هەرچەندە کورد یەکەم قوربانیی ئەو رامیارییە بوون کە هەندێک لە سوڵتانە عوسمانییەکان ئەنجامیان دەدا، ئێستا بواری باسکردنی نییە. ئاماژە بەوە دەکەین لە توانای هەر کەسێک هەیە لەم بابەتە بکۆڵێتەوە و شتێک بڵێت، پاشان پێچەوانەشی باس بکات، چونکە مێژوو دەبێتە کۆمەڵێک پێشبینی یان بۆچوونی دژە یەک کە لە بەڵگەنامەکان و دەستنووسەکان دەدۆزرێتەوە واتا سەرچاوەکان. هەریەکە دەتوانێت بەبۆچوونی تایبەتی خۆی بنووسێت یان بیرۆکەیەکی دیاریکراو دووپات بکاتەوە، چونکە مێژوو چەند ڕوویەکی هەیە و، دەبێت لە یادی نەکەین کە هەر کەسێک دەنگوباسی سەردەمی خۆی بنووسێت دوور ناخرێتەوە لە بەرژەوەندەیی تایبەتی بۆچوونەکانی رامیاری و چینایەتیی ئەو سەردەمە.

بۆیە نابێت بێباک بین لە وەسفکردنی رێژیمگەلی سەفەوی و قاجاری و عوسمانی و لەپێش هەموویانەوە عەباسی و فاتمی بەرێژیمی فەرمانرەوای نەتەوەیی واتا ئاسان نییە لەم بابەتە بکۆڵینەوە. سەبارەت بە شیعرەکانی شاعیری کورد ئەحمەدی خانی ئەوە دژایەتیی قسەکانمان ناکات بگرە دووپاتی دەکاتەوە چونکە مرۆڤ ناتوانی واز لە نەتەوەکەی بهێنێ بە تایبەتی لە کاتی تەنگانەدا. ئەمەش پێوەندیی نییە بە شۆڕشی فرەنساییەوە هەرچەندە ئەم ڕووداوە مێژوویەکی نوێی بۆ میللەتەکانی ئەوروپا دروست کرد و ڕێگەی خۆش کرد بۆ دەرکەوتنی کەسایەتییەکی وەک ناپلیۆن، بەڵام ئێمە وەکو کورد بە شوێن و کات دوور بووین لەو شۆڕشە. بۆیە تا ئێستا لەسەرخۆ بە ڕێگەدا دەڕۆین بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانمان، نەک ئاوەڕ بدەینەوە بۆ دوا، بگرە بەرەوپێش بچین. میللەت هەیە بە نارەزایی و توورەییەوە ئاوڕی دایەوە لە ڕابردووی خۆی کە بە کۆسپێک بینییەوە لە رووی پێشکەوتنی، هەر بۆیە دەستی کرد بە سڕینەوەی ئەو ڕابردوویە ڕێگەی نەدا ببێتە بیستی ئەژدیها ببێتە کۆتێک... بێ ئەوەی باپیرانیان بەسەر رۆژگاری ئەمرۆ و داهاتووی دەسەڵاتیان هەبێت.

شیعرەکانی ئەحمەدی خانی بەڵگەیەکە لەسەر بەئاگاهاتن و تێگەیشتنی کورد بۆ ئامانجەکانی و سروشتی سەردەمەکەی، بێ کارتێکردنی شۆڕشی فرەنسایی. جارێکی تر دەگەڕێنەوە بۆ تەواوکردنی ئەم بابەتە لە چوارچێوەی پرسیارێکی تر.

* بارودۆخی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی کوردستان لە سەردەمی سەلاحەدین چۆن بووە؟ ئاخۆ دانەمەزراندنی دەوڵەتێک لە کوردستان لە لایەن سەلاحەدینەوە ناگەڕێتەوە بۆ دواکەوتنی ئەم بارودۆخە؟

بێگومان شێواویی بارودۆخی کوردستان وەک باسمان کرد لە بەشە جیاکانی کوردستانی گەورە و نەبوونی قەوارەیەکی ڕوون و ئاشکرا، ڕەنگدانەوەی خۆی هەبووە لەسەر نالەباریی پێوەندییە ئابوورییەکان و ژێرخان، کە کاریگەری هەبووە لەسەر زۆربەی بارە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان جگە لە بارودۆخی ڕامیاری.

بەڵام لەبارەی ئاخۆ دواکەوتوویی بارودۆخی کوردستان بووەتە هۆی نەویستنی سەلاحەدین بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێک لەسەر زەوییەکەی پێویست دەکات دووبارە بگەڕێینەوە بۆ وەڵامەکانمان بۆ ئەوەی قایل بین بەوەی کە ئەم دواکەوتنە پێوەندیی بە نەبوونی قەوارەیەکی کوردییەوە هەیە، نەک بە نەویستنی سەلاحەدین بۆ دامەزراندنی ئەم دەوڵەتە، چونکە خانەوادەکەی پێش لەدایکبوونی سەلاحەدین زێدیان بەجێ هێشتووە، پاشان سەلاحەدین پێ گەیشت و سەرکەوت و پێشەوایەتیی سوپای کرد و کۆچی دواییی کرد لەسەر خاکێکی تر نەک خاکی کورد، بە خەیاڵیدا نەهات لەم پایە بڵندەی کە بەدەستی هێنا و، گەیاندییە پلەی سەرکردایەتیی دەوڵەتێکی فراوان کە لە بەرقەوە (لیبیا) دەستی پێ دەکرد تاوەکو بەرزاییەکانی دیجلە و فورات و تا

دەگـاتـە وڵاتی شـام و یـەمـەن. پاشـان دەسـتـبـەرداری سـەرۆکـایەتیی ئەم ئیـمـپـراتۆریەتە بێ و بـەرەو کـوردسـتـان بگـەڕێتـەوە و دەوڵەتەکـەی تێـیـدا دابمەزرێنێ تەنانەت ئەگەر لە ڕووی ئابووری و کۆمـەڵایەتی و ڕۆشنبیریش... هتد. پێشکەوتوو و لەبار بوایە بۆ دامەزراندنی ئەم دەوڵەتە.

هەلی دامـەزراندنـی دەوڵەتێکی کـوردی دەبێت کـەسـێکی تر بیـری لێ بکردایەتەوە و ڕەنگە سـەلاحـەدین لە پێناو جـێـبـەجـێکردنـی ئەم مـەبـەسـتـە دەستـی یارمەتیی بۆ درێژ بکردایە، بەڵام هەلومەرج و گیانی سـەردەم، وەکو هیگل ناوی لـێ نا، بەرەو دەرکردنی داگیرکـەران لە خـاکی مـوسـڵـمـانەکان هـەنگاوی دەنا.

جـارێکی تر داواکـارم واز لـە گـازندەکـردنـی سـەلاحـەدین بهـێنـین، بگرە گـازندەی ئەو کـەسـانـە بکەین کـە هـیـچـیـان نەکـردووە لەو ڕۆژگـارە و لە داهاتوودا، گازندەی کەسێک بکەین کە دەوڵەتێکی کوردی بنیات نەنا یاخۆ یەکگرتنی یـەکێک لە هەرێمـەکانی وڵاتی بەدەست نەهـێنا گازندەی کـەسێک بکـەین هیـچی نـەکـرد بۆ بەرزکـردنەوەی پایەی کـورد وەکـو سـەلاحـەدین بەدەستی هێنا، یاخۆ کەمتر لـە دەسکەوتەکانی سەلاحەدین کە ناوی کوردی لەناو گـەلـە جـیـاوازەکـانی ئیـسـلامـدا بڵند کـردەوە لـەو ڕۆژگـارەدا. بۆچی گازنـدەی کەسێک بکەین شتێکی مەزنی بەدەست هـێنا لە کاتێکدا بێدەنگین بەرامـبـەر ئەو کـەسـەی کـە هـیـچی نەکـرد و تاوانبـاری ناکـەین ئەگـەرچی تاوانبـاریش بکرێت وەک ئەوەیە (هـیچ) تاوانبـار دەکەین چونکە نایدۆزینەوە، بگرە خـۆمـان دەدۆزینـەوە لەبەرئەوەی درێغـیـمـان کـردووە وەکـو پێـویست ناجووڵێینەوە "کـاتێک مـرۆڤ دەسـتـەوسـان دەبێ بەرامـبـەر جێبـەجێکردنی ئامانجی خۆی ڕەخنـە ناگرێت لە خودی خۆی بگرە نەفرەت لە بارودۆخەکەی دەکات و جوێن بـە بەختی خۆی دەدات وتارێکی ببینێ نەفرەتی لێ دەکات لە بریی ئەوەی مۆمێک داگیرسێنێ و بجووڵێتەوە".

بەهەرحاڵ گازندەی لاوانی کوردستان لە سەلاحەدین بەڵگە نییە لەسەر نەبوون یان کەمیی ڕێزگرتن لەم سەرکردەیە بە پێچەوانەوە بەڵگەی دان پێدانانە بە مەزنیی ئەم سەرکردەیە، ئەوەتا سەرەڕای سەدان ساڵ هێشتا بەرپرسیاری دەکەین چونکە ئەم سەرکردەیە دەیتوانی ئاواتی کورد بە ئەنجام بگەیەنێ و کورد بەدرێژاییی مێژووی نەتەوەیی یان مێژووی ئیسلام هیچ سەرکردەیەک هێندەی ئەم سەرکردەیە گازندەی لێ نەکراوە، تەنانەت هەیە جنێوی پێ دەدات و ڕەنگە نەفرەتی لێ بکات بەنهێنی یان ئاشکرا.

لە ساتەکاتی شکست هێناندا میللەتە ژێرکەوتووەکان هەوڵ دەدەن بگەڕێن بە دوای ڕابردوویان بۆ پاساوادانی ڕووداوەکان یان دۆزینەوەی پێوەندییەک لە نێوان شکست و بەخت ڕێک کەوت کە بە هانایانەوە نەهات! کاتێک گریک شکستی هێنا لە بەردەم ڕۆمان هۆی شکستەکەیان گەڕاندەوە بۆ مردنی سەرکردەی مێژوویییان ئەسکەندەر مەقەدۆنی. یاخۆ بە سەرهاتەکانی میسری بەتلیمۆسی هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ (کەپووی کیلۆپاترا) وترا: ئەگەر ئەم کەپووە درێژتر یان کورتتر بوایە (ڕووی مێژووی دەگۆڕی)... بۆیە بانگهێشتنی گەلەکەم دەکەم بە گەنجەکانیەوە بۆ ڕەتکردنەوەی بیردۆزی کەپووی ئەم ئافرەتە جوانەی میسر.

دەبێت ئاگەدار بین لەوەی لێمان قەوما و دەقەومێ چونکە جۆرێکە لە جۆرەکانی دۆڕاندن ئەگەر بە سەلاحەدینەوە بیبەستین و هەڵهاتنێکە لە بەرپرسیارێتی. ئەوجا بۆچی لە پێناو ئەمڕۆ و داهاتوومان دەستبەکار نەبین وەک ئەوەی سەلاحەدین هەر نەبووە ئەگەر ئەمە لە بەرژەوەندیی گەل و نیشتمان بێت. یاخۆ پێوەندیی بە کوردەوە نەبێت، بۆ ئەوەی لە گلەیی و حیسابکردن واز بهێنین. گرینگ ئەوەیە بەشێوەی پلانێکی داڕێژراو دەست پێ بکەین چیی تر باوەڕ بە یاری بەخت نەکەین، ئەم یارییەی کە بووەتە کۆسپێک لەپێش گەلان و دینگەیەکی شکاو هەلەکانمانی پێ هەڵدەواسین تەنانەت تاوانەکانمانیش هەڵدەواسین یا وەک گریکەکانمان بەسەر نەیەت

کاتێ نەفرەتیان لە بەختی خۆیان کرد بەهۆی مردنی ئەسکەندەر بەڵام گریک جارێکی تر بوونە دەوڵەت... کەچی ئێمە جارێ هەر نەفرەت دەکەین. گلەیی دەکەین لە سەرکردەیەک کە بە درێژاییی نیوە سەدەیەک تەمەنی بە شەڕ بردە سەر و لە گۆڕەکەیدا دەحەوێتەوە، ئەمەش یەکێکە لە تراجیدیاکانمان تراجیدیای گەلێ کە پێویستە لەسەر پێی بوەستێ.

* پرسیارێکی گشتی: لەبەرچی زانا و ڕۆشنبیرانی کورد زۆرجاریش خانەوادە ئرۆستۆکراتییە کوردەکان پەنایای دەبردە بەر کۆچکردن و بەجێهێشتنی کوردستان و نیشتەجێبوونیان لە پایەتەختەکانی وڵاتانی دەوروبەر، لە حاڵەتی سەلاحەدین دەبینین سەرکردەیەک وەک سەلاحەدین یان (کەریم خانی زەند) حوکمڕانییەکی کوردییان دانەمەزراند؟ چییە هۆیەکانی نەزیفی فیکری و مرۆیی.. هتد کوردستان لەو سەردەمەدا؟

لە زۆربەی قۆناغەکانی مێژوودا کوردستان بێبەش بووە لە ئارامیی بارودۆخ، کەڵەکەبوونی سامان ڕووی نەداوە بۆ ئەوەی ببێتە مایەی دروستکردنی ژیانێکی شارستانی بەشێوەیەکی بەردەوام، لە بنەڕەتەوە باوەڕم بە بیرۆکەی جیاکاریی گەلان یان کۆمەڵە ئاینێکان بە سیفەتی تایبەتی جێگیر نییە، چونکە هەموو شتێک چارەنووسی بۆ - یان بەرەو - گۆڕان دەڕوات. کوردیش وەک هەر کۆمەڵێک کە لەسەر ڕووی زەمین دەژین ژیانی بە کۆمەڵێک هۆکار بەستراوە، گرینگترینیان سروشتی خاک و کاریگەری لەسەر ژیانی ئابووری و پێوەندییەکانی لەگەڵ کۆمەڵەکانی تر، ناڵێم چینەکانی کۆمەڵ چونکە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی نەگەیشتووەتە ڕادەی ڕاکێشانی ڕۆڵەکانی کۆمەڵگە تاکو ئێستا، چونکە مۆرکی شوانکاریەتی و کشتوکاڵی سەرەتایی و پیشەسازیی دەستکرد و بازرگانیکردن لەسەر بناغەیەکی دواکەوتوو هەر ماوە، هەر ئەو مۆرکە زاڵە بەسەر کۆمەڵگەکەدا،

ئەگەر کەڵەکەبوونێکی سامان ڕوو بدات لای کەسانێک، خاوەنەکەی ترسی فەوتاندنی لێ دەنیشێت لە کۆمەڵگەیەک کە هەست بەئارامی و ئاسایشی تێدا ناکرێت، بەتایبەتی ڕێگەکانی بەگەڕخستنی ئەم سامانە کۆکراوەیە سنووردارە، سەرەڕای نەبوونی مسۆگەری و دابینکردن.

خاوەن ئەم سەرمایە حەز دەکات دڵنیا بێت لە چارەنووسی موڵکەکەی، بۆیە بەدوای شوێنێک دەگەڕێت تێدا هەست بەدڵنیابوون بکات بۆ دابینکردنی قازانج و پارێزگاریکردن لە سامانەکەی. کاتێک ئامانجەکانیان لە ناوەخۆ بە دەست نایەت، لە کۆمەڵگەیەکی تر سۆراغی دەکەن کە هێمنیی بۆ دابین بکات و بە نیشتمانی خۆی دەژمێرێت لە ئەنجامدا کۆچی بۆ دەکات. پاش چەند ساڵێک ڕۆشنبیری و ڕەوشتی دانیشتوانی وڵاتە نوێیەکە وەردەگرێت و لەگەڵ ئەم بارودۆخە لێ ڕادێ، خۆی و منداڵەکانی لەسەر ئەو ڕێڕەوە دەڕۆن، بەتێپەڕبوونی ساڵان ئەو نیشتمانەی لێ دەرچوون بە هەر شێوەیەک بێت لە یادی دەکەن بەتایبەتی ئەگەر بە ئارەزوو و ڕەزامەندیی خۆی بەجێ هێشتبێ لەبەر هەر هۆیەک بێت و جێگیربوونی لە وڵاتی دووەم بە ڕاستتر دادەنێ سەبارەت بە منداڵەکانی ئەوا هەست بە دوورکەوتنەوە ناکەن لە شوێنی ڕەسەنیان چونکە نیشتەجێی وڵاتە نوێیەکە بوونەوە، لە خاکێکی نوێدا لەدایک بوون و پێگەیشتن و هیچ بیرەوەرییەکیان نییە یاخۆ تامەزرۆی نیشتمانی باوکیان نین، سەرەڕای نەبوونی بەرژەوەندیی تایبەتی لە نیشتمانی باپیران کە وەک خەیاڵێک دێتە بەرچاویان.

کۆچکردنی زانا و ڕۆشنبیرە کوردەکان جیاوازیی نییە لەگەڵ کۆچکردنی ئەو کەسانەی کە سۆراغی شوێنێک دەکەن بۆ زامنکردن و زیادکردنی سامانیان، چونکە خولیای زانست و ئارەزووەکانیان لە ژینگەی خۆیان پڕ نابنەوە بۆیە بیر لە بەجێهێشتنی دەکەن و بە دوای زانستی زیاتر دەکەون لەگەڵ دانیشمەندی شارە گەورەکانی تر تێکەڵ دەبن، لە هەوڵ و بەرهەم و تاقیکردنەوە جیاوازەکان بە ئاگا دێن، ئەگەر جێگەی هێمن و لەبار بێت بۆ

دەوڵەمەندەکان لە هەموو کات و شوێنێکدا، بە هەمان شێوە ئەو جێگەیانەی کە دەزگای رۆشنبیری و کتێبخانە دابین دەکات نیشتمانی ئەو کەسانەیە کە بەدوای ڕاستی دەگەڕێن لە دانیشمەند و فەیلەسووف و پیاوانی بیر، بۆیە سەیر نییە ئەگەر دانیشمەند یان رووناکبیری کورد پەنا بەرێتە بەر کۆچکردن و جێگیربوون لە ناوچەیەکی تر، نموونەش زۆرە لەبارەی کۆچکردنی زاناکانی ئامەد و قازییەکانی شارەزوورەوە، هەروەها جێگیربوونی (ئیبن ئەلئەسیرلجەزیری) و برایەکانی و خانەوادەی ئیبن مەنعەی هەولێری لە مووسڵ و ئیبن خەلەکانی هەولێری لە نێوان قاهیرە و دیمەشق. لە ڕاستیدا وەرگرتن و گەڕان بە دوای زانست بە نەزیفێکی فیکری دانانرێ چونکە هەموو مرۆڤایەتی سوودمەند دەبێت ئەگەر دانیشمەند یان فێرخواز دەزگای زانستی بۆ دابین بکرێت لە نیشتمانەکەی و ئاواتەکانی بهێننە دی، بیر ناکاتەوە و پەنا ناباتە بەر کۆچکردن. میللەت کاتێک زیانگەیێن دەبێت دانیشمەند هەوڵ و ماندووبوونی بفرۆشیتە ئەو کەسەی کە نرخێکی زیاتری دەداتێ سەرەڕای دابینکردنی دەزگا رۆشنبیرییەکان و زامنکردنی ژیانی ئابووری و ئاسایشەوە.

بۆ نموونە لە سەردەمی سوڵتان (مەلیک لموعەزەم موزەفەرەدین کۆکبری) زاوای سەلاحەدین هەولێر بوو بە جێگەی پەنابردنی دانیشمەندەکان، تەنانەت مێژوونووسی بەناوبانگ ئیبنولستەوفی کتێبەکەی ناو نا (نباهة البلد الخامل، بمن وردة من الاماثل في تاريخ اربل) چونکە لە هەموو گۆشەکانی جیهانی ئیسلامییەوە زاناکان لە رۆژهەڵاتەوە هەتاوەکو وڵاتی ئەندەلووس ڕوویان دەکردە هەولێر جگە لە و زانایانەی کە لە هەولێر لەدایک بوونە. لە هەموو سەردەمەکانی مێژوو، کۆچکردنی خاوەن بیر و زانست ڕوو دەدات بۆ مەڵبەندەکانی پەرەسەندنی ژیان و زانست و رۆشنبیری، باشە نینەوا، بابل، تیبە، ئەسینا، بیزەنتە، رۆما و ئەسکەندەرییە لە مێژووی کۆن و بەغدا، بەسرە، فاس و قاهیرە لە هەموو لایەکەوە لە مێژووی ئیسلام

نەبوونەتە مەڵبەندی کۆچکردنی پیاوانی زانست و بیر؟

لە ڕۆژگـاری ئەمـڕۆدا زانکۆ و مـەڵبـەندی زانسـت و ڕۆشنبـیـریـی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمـەریکا بوونەتە مـەڵبەندی ڕاکێشانی زاناکانی جیـهـان و جیـهانی سـێیـەم، تەنانەت ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی کـە خەڵاتی نۆبڵیان وەرگـرت لە بـوارە جـیـاکـان بـە ناوی ئەمـەریکاوە بووە نەک وڵاتـی ڕەسـەنی خۆیان.

ئەگەر ئەم گواسـتنەوە ڕۆشنبـیرییە لە لایەن زاناکـانی کـورد کە لە سـەدان ساڵەوە ڕوو دەدات بە نەزیفێکی فیکری دابنێین، ئاخۆ بەڕای تۆ ئەم نەزیفە فـیکرییـە تاوەکـو ئێسـتـا بەردەوام نیـیـە؟ ئاخـۆ دەتوانیت ئەم برینە سـاڕێژ بکەیت؟ زۆرجـار نیشـتـمـان خـۆی دەبێتـە ڕاونەری ڕۆشـنبـیـر، زیاتر لە چەند هۆیەک پاڵی پێوە دەنێت بۆ کۆچکردن و بەجێهێشـتنی. هەرچەندە زەحمـەتە بۆ مـرۆڤ نیشـتـمان بەجێ بهێڵێت، تەنیا سـۆز و خـۆشەویسـتی ئەو نەزیفە دەوەستێنیت. ئـەگەرچی سـەلاحـەدین هـەوڵی وەسـتـاندنی ئەم نەزیفەی نەداوە، هـەرچەندە کـۆچـکردنی ئەو ڕۆژگارە بە نـەزیف دانەدەنرا، با ئێـمـە پرسـیـارێک ئاراسـتـە بکەین لە توانای نەوەکانی سـەلاحـەدین هـەیە نەهێڵێت ئەم نەزیفە هەڵبقووڵێت؟

* پرسـیـار دەکـرێت: ئاخـۆ سـەلاحـەدین نـەیدەتوانـی هـەمـوو ڕۆشنبیرە کوردەکانی ئەو سەردەمە لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و ڕێگەیان لێ بگرێت بۆ ئەوەی مـاندووبـوونیـان بۆ کـەسـێکی تر نەبوایە؟

بەشـێـوەیەک لە شـێوەکـان لە مـیانەی پرسـیـارەکانی پێـشـوو وەڵامـی ئەم پرسـیـارەمان دایەوە و دەڵێین: گـردکردنەوەی ڕۆشنبیرانی هـەرچ گـەلێک بێت بە بڕیاری کەسێک ئەنجام نادرێت، ئەو کەسە ئەگەر سـەلاحەدینیش بێت. لە هـەموو مـێژووی مرۆڤایەتیدا چ سـەرکردەیەک لە سـەرکردەکانی جیـهان هـەیە

ئەم هەنگاوەی نابێت یان تەنیا بیری لێ کردبێتەوە؟ لە توانای هەر پێشەوایەکی دەسەڵاتدار هەیە دەست بگرێت بەسەر دانیشمەندی وڵاتێکی ژێرکەوتوو بە هەڕەشەکردن و کۆچیان پێ بکات، بەڵام کارێکی ئاسان نییە لە دەزگا جیاوازەکانی وەک قوتابخانە و دەزگای زانستی لە بارودۆخی جیاواز کۆیان بکاتەوە، ئا لەم بارودۆخەدا سەلاحەدین زاناکانی کوردی لە کوێ کۆ بکردایەتەوە لە قاهیرە یان دیمەشق؟ بگرە لە کوردستان؟ دەڵێین ئاخۆ دەکرا سەلاحەدین داوا لە رۆشنبیرەکانی کورد بکات شارە ئیسلامییە گەورەکان بەجێ بهێڵن و ڕوو بکەنەوە کوردستان؟ ئەگەر ئەم کارەی ئەنجام بدایە خەڵکی وای بیر دەکردەوە کە سەلاحەدین زاناکانی کورد دەردەکات و لە هەمان کاتدا خۆی لەو ناوچەیەدا لە دەرەوەی کوردستان گوزەران و بزووتنەوەی خۆبەختکردنی بەرپا کردبوو. پاشان کورد لە وڵاتی بیانی گوزەرانی نەدەکرد بگرە لە وڵات و شارەکانی جیهانی ئیسلامی و لە سایەی ڕێژیمێکی ئاینی کە جیاوازی ناکات لە نێوان نەژاد و نەتەوە تەنیا بە ئیسلام نەبێت.

زۆرجار رۆشنبیرەکان جیاوازن لە تێڕوانین و بۆچوونەکانیان هەرچەندە دووریی نێوانیان زۆر بێت، ڕەنگە یەک بۆچوون کۆیان بکاتەوە زیاتر لەوەی کە یەک نیشتمان یان ڕەگەزێک کۆیان دەکاتەوە. هەندێ جار لە بیر و بۆچوونەکانیان یەک ناگرنەوە بۆیە ئەم هەموو جیاوازییە پەیدا دەبێ لە نێوان بیردۆز و گرووپ و ڕێباز و قوتابخانەکانی بیر. ئەمە جگە لە ناکۆکیی نێوان قوتابیانی زانست و مامۆستاکانیان کە ئەمەش شتێکی ئاساییە لە هەموو شارستانییەت و ڕێبازێکدا.

لە بنەڕەتدا دەزگای زانستی لە کوردستاندا زۆر و زەوەند نەبوونە – بە زمانی سەردەم – بتوانی ئەنتلجنسیای کوردی لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە بۆ ئەوەی ئارەزووی توێژەرانی کورد لە زانیاریی رۆشنبیری تێر بکات، بەڵگەش بۆ ئەمە وەک لە وەڵامی پرسیارەکەی پێشوودا هات کۆچکردنی زانا

و ڕووناکبیرەکانە بۆ مەڵبەندەکانی ڕۆشنبیری کە ئەمەش دیاردەیەکی شارستانیی ناسراوە لە هەموو کۆمەڵگەیەکی مەدەنیدا. سەرەڕای ئەوە کورد زمانی نەتەوەییی خۆی بەکار نەهێناوە بۆ دەربڕین لەسەر ڕۆشنبیری و زانیاری. واتا لەو ڕۆژگارەدا کولتوورێکی ڕۆشنبیریی کوردی نەبووە ئەگەر بەراورد بکرێت بە ڕۆشنبیریی ئیسلامی کە زمانی عەرەبییان بەکار دەهێنا کە کوردیشی لە پاڵ گەلەکانی تر لە پێکهێنانی بەشدار کردووە، چونکە کۆسپێک نەبووە بەرامبەر بە کۆچکردنیان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان لە زانست لە هەرێمە جۆرەوجۆرەکانی وڵاتی ئیسلام وەک وڵاتی فەرغانە، ناوەڕاستی ئاسیا، وڵاتی فارس و ئازەربایجان... هتد. نەبوونی ڕۆشنبیرییەکی کوردی واتای ئەوە ناگەیەنێ کە ڕۆشنبیرییەکی عەرەبی، فارسی، تورکی هەبووە.

ڕۆشنبیرە موسڵمانەکان زمانی عەرەبی بەهۆی ئاینی ئیسلام کۆی دەکردەوە چونکە ئەم زمانە عەرەبی بووە زمانی کتێب و، هەروەها دانیشتوانی ناو دەوڵەتی ئیسلامی بەرهەمەکانیان بە عەرەبی لە پاڵ زمانی ڕەسەنی خۆیان بڵاو دەکردەوە، ڕەنگە فارسەکان لێ بەدەرخەین کە ڕاهاتبوون لەسەر نووسین بە زمانی خۆیان بە پیتی عەرەبی وەک ئێستا ئەمە سەرەڕای ڕۆڵی ئاشکرایان ڕەنگە دەگمەنیشیان بێت لە خزمەتکردنی زانستەکانی ئیسلام و زمانی عەرەبی. پێویستە کورد نەڕوانێتە ئەم مەسەلەیە بە هەمان تێڕوانینی ئەو سەردەم، چونکە موسڵمانی ڕۆشنبیری ئەو کاتە شەرمیان لە بەکارهێنانی زمانی عەرەبی بۆ دەربڕینی بیرۆکەکانی نەدەکرد.

بۆیە ئەو پرسیارە درککردن بە سروشتی ئەو ڕووداوانەی لە گۆشەکانی ڕۆشنبیری ئیسلام ڕوویان دەدا ناکات، لەو سەردەمە نەک تەنیا لە سەردەمی سەلاحەدین بگرە لە کاتی بڵاوبوونەوەی ئاین و ڕۆشنبیری ئیسلام بە زمانی قورئان، ئەوەندە بەسە بڵێین بەر لە بەغدا، بەسرە و کوفە تەژی بووە لەو

زانایانەی کە لە وڵاتی فارسەوە دەهاتن بۆ وەرگرتنی زانستێک لە زانستەکانی شەریعەت و زمانەوانی و، شیعر و ڕەخنە یاخۆ فەلسەفە و زانستەکانی تر.

ئەمەش بە بڕیارێک یان فەرمانی وەزیرێکی فارسی ئەنجام نەدراوە، ئیبن خەلدون گوتوویەتی "زۆرینەی خاوەن زانستەکان لەناو ئیسلام لە عەجەمەکان پێک هاتبوون، نەبووە خاوەن زانستێک لە زانستە شەرعی و عەقڵییەکان لە عەرەب بێت مەگەر بە دەگمەن"[1]. ئیبن خەلدون هۆی ئەمە ناگەڕێنێتەوە بۆ جیاوازی لە نەتەوە یان بیرکردنەوە لە نێوان نەتەوەکاندا. بگرە دەڵێت "هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم میللەتە بەهۆی بارودۆخی سارانشینی و ساویلکەیی هەر لە سەرەتاوە زانست و پیشەی تێدا نەبووە..."

درێژە بەم بابەتە نادەین بەڵام ئامانجمان ئەوەیە سیفەتی نەتەوەیی دوور بخەینەوە لە ڕۆشنبیری ئیسلامی (عەرەبی) و، دەربڕین بە زمانی قورئان واتای ئەوە نییە کە زانست بووەتە عەرەبی. کەس ناتوانێت نکوڵی بکات لە ڕۆڵی (مەوالییەکان) بۆیە دەڵێین کۆکردنەوەی کورد لە پارچەیەکی نیشتمان، تەنانەت کۆکردنەوەی (خانەوادەی ئەیووب) گەر لە نیشتمانی ڕەسەن – کوردستان – یان لە جێگەی فەرمانڕەواییان بێت، لەو ڕۆژگارەدا کارێک بووە جێبەجێ نەدەکرا، بۆیە هەوڵی زاناکانی کورد بەفیڕۆ نەچوو بۆ خزمەتکردنی نەتەوەیەکی تر جگە لە کورد، بگرە لە خزمەتی خۆیان بووە بە سیفەتی ئەوەی موسڵمانن گەر ئەو کۆمەڵە زانایە نەبوایەن ئێستا لە تواناماندا نەدەبوو بڵێین کورد زانا و ڕووناکبیری هێناوەتە کایەوە و، هەوڵ و کۆششی باپیرانمان بکەین بە نموونەی خزمەتکردنی کولتووری بیری ئیسلامییانە.

---

١. المقدمة، ص ١٠٤٨.

* ئاخۆ کورد مافی ئەوەی هەیە شانازی بە سەلاحەدینەوە بکات چونکە لە خۆیانە؟ هەندێک جار لاوانی کورد ڕەخنەکانیان ئاراستەی ئەم سەرکردەیە دەکەن، ئاخۆ ئەم ڕەخنانە بناغەیەکی ڕاستەقینەیان هەیە یان تەنیا دەربڕینی هەستێکی سۆزدارییە و حوکمدانێکی ڕووکەشییە؟ سەلاحەدین خزمەتی عەرەبی کرد (لە ڕێگەی خزمەتکردنی ئیسلام) لە ژیان و دەسەلاتیدا... دەبێت کورد چی دەست بکەوێ لەوەی کە سەلاحەدین بە منداڵی و دوای مردنی بە نەژاد کورد بێت؟

ئێمە دووچاری برینێکی قووڵ بووینە وامان لێ دەکات ئەم جۆرە پرسیارانە بکەین، هەرچەندە ئەم پرسیارە شەرعییە بەڵام ترسناکە، چونکە جارێکی تر لە کەسانێک داوا دەکەین کێشەکانمان بۆ چارەسەر بکەن کە لەژێر خاکن، پاش ئەوەی کە خۆمان دەستەوسان بووین لە چارەسەرکردنیان. بەڵێ کورد مافی هەیە بەسەر گەلانی تر بە سەلاحەدینەوە شانازی بکات چونکە کوردە، بگرە بە پێچەوانەشەوە دەبێت زیاتر پێوەست بین بەو کەسایەتییەوە لە ئێستا و داهاتوودا، ئەو هەوڵانە پشتگوێ بخەین کە دەیەوێ سەلاحەدین بە کورد نەژمێردرێت. شانازی بە سەلاحەدین دەکەین چونکە کورد لە سەرەتاوە باوەڕیان بە ئیسلام هێنا، دوای بەرهەڵستییەکی توند و ئاشکرا کە لاپەڕەی کتێبەکانی مێژووی شەڕی ڕزگارکردن گەواهیدەری ئەم وتەیەن، بەڵام دوای باوەڕهێنان بە ئاینی ئیسلام بە ڕاستی پێوەستی بنەماکانی بوون ئەمەش لە لایەن سەلاحەدین و خانەوادەکەی سەلمێنراوە. هەرچەندە کورد درێغییان نەکردووە لە بەجێهێنانی ئەرکەکانیان بەرامبەر بە ئاینی ئیسلام تەنانەت پێش دەرکەوتنی سەلاحەدینیش بەبێ بیرکردنەوە لە پاداشت و، بەرگرییان لێ کردووە.

مەزنیی ئەم پیاوە گەلانی ئیسلامی خستە پێشبڕکێوە لەگەڵ یەکتردا، ڕەنگە بەسوودتر بێت باسی ئەوە بکەین کە دەیان ساڵە سەلاحەدین بە (بارۆمەتر)ێک دادەنرێت بۆ دیاریکردنی جۆری پێوەندییەکان لە نێوان کورد و دەسەلاتدارەکانی عێراق. کاتێک پێوەندیی نێوانیان باش دەبێ سەلاحەدین دەکرێتە کورد و دەبێتە هێمای برایەتیی نێوان عەرەب و کورد و یەکگرتنیان لەژێر ئالای رزگارکردنی قودس، ئەنجا بە پاڵەوانێکی عەرەب ناودەبرێ لە کاتی تێکچوون لەبەر هەر هۆیەک بێت یان دەکرێتە ئامرازێکی تووڕەکردنی کورد و دوورخستنەوەیان لە مێژوو. نکووڵیکردن لە کوردایەتیی ئەم سەرکردەیە دەبێتە چەکی راگەیاندنی دەستیان نەک تەنیا لە عێراق بگرە لە ولاتە ئیسلامەکانی دەوروبەی کوردستانیش، هەریەکە بە شێوازی خۆی پەیڕەوی لەم سیاسەتە دەکات تاوەکو وای لێ هاتووە داکۆکیکردن لە کوردایەتیی ئەم سەرکردەیە بووەتە بەشێک لە بەشەکانی شەڕی فیکری و ڕامیاریی کورد، تەنانەت وامان لێ هاتووە تەماشای رۆشنبیرەکانی نەتەوەی تر بکەین لە گۆشەی تێڕوانینیان بەرامبەر بە کوردایەتیی سەلاحەدین داننانیان یاخۆ نکووڵیکردنیان و ڕێزگرتنیان لە زێدی ئەو. وەک ئەوەی کوردبوونی سەلاحەدین بەپێی بۆچوونی خەڵک بێت نەک سەرچاوە مێژووییەکان.

ئیتر چۆن لەو کوردە ببورین کە شانازی بەم سەرکردەیە ناکات؟ پێم وایە ئاراستەکردنی ڕەخنە تەنیا هەڵهاتنێکە لە بارودۆخی ئەمڕۆمان، کاتێک قورسیی بەسەرهات و ئەشکەنجەکان دەخەینە ئەستۆی سەلاحەدین لە ڕاستیدا ئەم ڕەخنەگرتنانە پشت بە بناغەیەکی ڕاستەقینە نابەستێت بگرە تەنیا دەربڕینێکە لە هەستێکی سۆزداری یان حوکمێکی ڕووکەشەوە سەرچاوە دەگرێت.

وەک لە پرسیارەکە هاتووە سەلاحەدین لە ڕێگەی ئیسلامەوە خزمەتی عەرەبی نەکردووە بگرە – دووپاتی دەکەمەوە – خزمەتی کوردی کردووە لە

ڕێگەی هەمان ئاین، هەروەها، لە ڕێگەی خانەوادە گەورەکەی و میللەتە ئازاکەی خزمەتی ئیسلامی کرد بە کوردەوە.

سەلاحەدین بەرهەمی ئەم خزمەتکردنەی بەدەست کەوت و چێژی لە بەری خۆبەختکردنەکەشی وەرگرت، ئەگەر کورد بە سەلاحەدینەوە هیچی بەدەست نەهێنابێت ئیتر بە کێیەوە دەسکەوتی هەبووە؟ لە کۆتاییی پرسیارەکەت وا تێ گەیشتم سەلاحەدین کاتی لەدایکبوون و مردنی کورد بووە بەڵام لە کردەوەکانیدا وا نەبووە چونکە هیوای کوردی بە ئەنجام نەگەیاند. پێم وایە ئەوەندەی باس کرا بەسە لەم بارەیەوە، لە خوێنەری بەڕێزیش داواکارم لە دووبارەکردنەوەی هەندێک ڕوونکردنەوە لە وەڵامەکان ببوورێت لەسەر زمانی گەورەی قەومەکەمان بە ئامانجی ئەوەی دەسکەوتێکمان هەبێت نەک تاوانباری بکەین.

* زۆرجار دەبینین بەرپرسەکانی عەرەب یان ڕۆشنبیرەکانیان هەوڵ دەدەن سەلاحەدین بە عەرەب ناو ببەن و بە پاڵەوانێکی عەرەب وەسف دەکرێ ئاخۆ پاڵ پێوەنەری ئەمە چییە؟ وا دیارە سەلاحەدین بووەتە گرێیەکی دەروونی بۆ کورد و عەرەب بە شێوەیەکی یەکسان چونکە کورد ڕەخنەی لێ دەگرێ و عەرەب دەیەوێ بە عەرەبی بکات سەرچاوەی ئەم گرێیە چییە؟ زۆرجاریش دەوترێ سەلاحەدین جەنگاوەرێکی کورد و پاڵەوانێکی عەرەب بووە کاتێک سەلاحەدین سەرکەوت دەکرێ بە عەرەب و ئەگەر شکستی بهێنایە دەوترا چەتەیەکی کوردی ناپاک بووە؟

ئەمە هەوڵگەلێکە دەدرێت بۆ تێکدان و نابووتکردنی مێژوو، ئەم تێکەڵکردن و شێواندنە تەنیا لە جیهانێکی دواکەوتوو ڕوو دەدات وەک جیهانی سێیەمی خۆمان، ئەگینا ڕۆشنبیری دەوڵەتە پێشکەوتووەکان شەرم دەیانگرێ ئەگەر

باسێکی لەم جۆرە بکەن یاخۆ لەژێر کارتێکردنی هەوادارییەکی نیشتمانی مێژوو بنووسنەوە، ئەم جۆرە نیشتمانپەروەرێتییە دەبێتە تاوانێک کە نووسەر نکووڵی لێ دەکات و دووری دەخاتەوە لە خۆی، ئەگەر رۆشنبیر هەوڵی بە درۆخستنی مێژوو بدات، بگرە چەمکی "هەواداریەتی نیشتمانپەروەرێتی" ئەوە دەگەیەنێت کە مێژوو بەو مرۆڤانە بنووسیتەوە و نیشتمانپەروەریەتی لە نووسینی مێژوو دەبێتە تاوانێک کە ئەویش لە خۆی بە دووری دەخاتەوە بە هەر شێوەیەک بێت، بۆیە رۆشنبیر پێی وایە پێویستە ڕاستییەکان تۆمار بکرێ ئەگەرچی تووڕەبوونی نیشتمانپەروەرانی لەگەڵدا بێت، نیشتمانپەروەرێتیی مێژوونووس لەوەدایە کە بەشێوەیەکی میتۆدی و قایلکەرانە لە نووسینی سەرچاوەکان بکۆڵێتەوە و پەنجەی تاوان درێژ بکات بۆ ئەو کەسانەی کە بوونەتە هۆی شکستهێنانی نیشتمان لە هەمان کاتدا شانازی بەباسکردنی سەرکردەکانی بەرەنگاری سەرکەوتن بکات.

بەڵام رۆشنبیری عەرەب و نەتەوەکانی تر کە هەوڵەکانیان لە نکووڵیکردن لە کوردایەتیی سەلاحەدین خۆی دەگرێتەوە بە رۆشنبیری دانانرێت، بگرە لە بواری راگەیاندن و پڕوپاگەندەدا کار دەکات لە میانەی ئامانجێکی سیاسیی دیاریکراویش، بێ ئەوەی قایل بێت بە نووسینەکانی بەڵام سوودمەندە لە کار و هەڵوێستە نا بەجێیەکەی چونکە فەرمانەکانی سەرەوەی خۆی جێبەجێ دەکات کە لێ چاوەڕوان کراوە و، خامەی هەرزانفرۆش کردووە ئەم کەسە هەرچییەکی پێ دەڵێی پێی بڵێ هەر ناوێکی لێ دەنێت لێی بنێ تەنیا ناوی رۆشنبیر نەبێت. بەئامانجی ناخوازم تەواوی پیاوانی راگەیاندن و سیاسەت تۆمەتبار بکەم، چونکە لە نێوانیاندا هەیە بە ویژدانەوە کار دەکات و رێز لە خامەکەی دەگرێ ناکەوێتە ژێر باڵی ئیبتزاز بۆ دەسکەوتێکی کاتی بەسەرچوو کار ناکات.

نامەوێ بە یەکسانی تەماشای دوو ڕەوت بکرێت، ڕەوتێکی بە ڕوانینێکی دروستەوە لە بابەتەکە دەکۆڵێتەوە وەک هەندێک لە مێژوونووسەکان کە

لەسەر سەلاحەدین دەنووسن یان ناوی دەبەن بە سەرکردەیەکی عەرەب، بێ ئەوەی مەبەستی خراپەکاری بێت یان کەمکردنەوە بێت لە پایەی کورد دەتوانین بڵێین ئەم ڕەوتە مێژوونووس و توێژەرەکانی وڵاتە عەرەبییەکان دەگرێتەوە کە دوورن لە کوردستان پێیان وایە بە عەرەبکردنی سەلاحەدین واتای نکوڵیکردن نییە لە کوردیەتیی سەلاحەدین بەڵام هەموو رزگارکەرێک یان سەرکردەیەکی خۆبەختکەر لەسەر خاکی عەرەب بە پێویست عەرەبە، ئەمەش بۆچوونی پارتە نەتەوەییەکانە کە لافی یەکسانی لە نێوان دانیشتوانی نیشتمانی عەرەب و، هاوبەشکردنیان لە ئەرک بێ پێدانی ماف لێ دەدەن! بێ ئەوەی نرخێک بۆ بوونی نەتەوەی تر دابنێن، ڕەنگە ئەم هەڵوێستە تا ڕادەیەک نیازباشی و لەگەڵ کەمیی زانیاری و تۆزێکیش لە سادەیی تێدا بێت.

بەڵام ڕەوتی دووەم بە هەموو توانایەکی هەوڵ دەدات لە ڕوانگەی هەستی ڕەگەزپەرستییەکی تەسکەوە گومان بخاتە سەر ڕەچەڵەکی ئەم سەرکردەیە و بە شایەنی نابینێ سەرکردەی بزووتنەوەی رزگارکردنی خاکە پیرۆزەکانی (عەرەب) لە نەتەوەی عەرەب نەبێت، بۆیە هەوڵ دەدات ریوایەتەکانی مێژوو هەڵبگەڕێنێتەوە بۆ دۆزینەوەی نێچیری خۆی. لە کتێبی ئیبن لعەدیم لحەلەبی (تأریخ حلب) هاتووە کە ئیسماعیل کوڕی تغتکین (برازای سەلاحەدین) کە فەرمانڕەوای وڵاتی یەمەن بووە دوای مردنی باوکی، بانگهێشتنی خیلافەتی کرد و ئاشکرای کرد کە لە نەژادی ئەمەوییەکانە(!) و خۆی خەلیفەی مەهدییە!.

ئیبن خەلەکانی هەولێری دەڵێت لە مامۆستاکەم "مەبەستی مێژوونووسی ژیاننامەی سەلاحەدین قازی ئیبن شەدادە" بیستوومە، گوتوویەتی:

سەلاحەدین نکوڵیی لە بانگهێشتنی برازاکەی کرد وتی: ئەم نەژادە عەرەبییە لە بنەڕەتەوە ڕاستیی تێدا نییە، هەروەها (مەلیک لعادل سەیفەدین ئەبوبەکر کوڕی ئەیووب) نکوڵی لێ کرد و مێژوونووسەکان ئیسماعیلیان بە

شـێت لە قـەڵـەم دا، ئەبوشـامـە بە خـوێنڕێژ وەسـفـی کـردووە، هـەر لەبەر ئەم ناوبانگەی بـوو کـە چارەنووسـی کـوشـتن بـوو بـە دەسـتـی کـۆمـەڵێک لـە کـوردی یەمەن[1].

ئاشکرایە هۆی ئەم ڕەچەڵەکە هەڵبەستراوەی ئیسماعیل دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەوڵی داوە دانیشتوانی یەمەن قایل بکات بە فەرمانڕەوایەتیی خۆی چونکە یەمەن بە هەواداری هۆزایەتیی تەسک ناسراوە و، بە حوکمی کەسێک ڕازی نابن ئەگەر ڕەگەزی نەگەڕێتەوە سەر خێزانێکی عەرەبی یەمەنیی بەناوبانگ، بۆیە مێژوونووسی گەورەی میسر (مەقریزی) دووپاتی کردووەتەوە کە ئەم هەڵبەستنەی ئیسماعیل کوڕی تغتکین لە بەرژەوەندیی تایبەتی سەرچاوەی گرتووە[2].

نووسەرە نەتەوەییەکانی عەرەب پشتیان بە هەڵبەستراوەکانی ئەم ئەقڵ تێکچووە بەستووە لە گۆڕینی ڕەچەڵەکی ئەیووبییەکان بە عەرەبدانانیان و لە لایان گران بوو مێژوو بە وردی بخوێننەوە و، هەروەها دان بنێن بە کوردیبوونی سەلاحەدین کە خاکی عەرەبی ڕزگار کرد و بەیتولمەقدیس گێڕایەوە ژێر دەسەڵاتی ئیسلامەکان.

ئەم شەپۆلە لە میسر لە ڕۆژگاری پەرەسەندنی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی عەرەب لە سەردەمی سەرۆک جەمال عەبدولناسر برەوی خۆی هەبوو، کۆمەڵێکی زۆر لە نووسەر و مێژوونووس و نووسەرەکانی شانۆ و دەرهێنەرەکانی فیلم و ڕێکخەری سرووود سەر بەم شەپۆلە بوون، بەڵام دوای کۆچکردنی جەمال عەبدولناسر بە خێرایی هەڵگەڕانەوە، لە نێوانیاندا مێژوونووس و نووسەری گەورە دەرکەوت و گوتی: بە ئاگا هاتینەوە.[3]

---

١. ئيبن واصل: مفرج الكروب، ٣ – ١٣٦. الحنبلي: شفاء القلوب. ص ٢٧٢.

٢. المواعظ والأعتبار. ط. قاهرة ١٣٢٤،٣/٣٧٨.

٣. كتاب للكتاب المسرحي الكبير توفيق الحكيم باسم (عودة الوعي).

عەبدولعەزیز سەیدلئەهل یەکێکە لەو کەسانەی کە نووسینی هەبووە لە کاتی دەرکەوتنی ئەم شەپۆلە، واتا لە لووتکەی پەرەسەندنی سۆزی نەتەوایەتی، بەتایبەتی سەردەمی یەکگرتنی سووریا و میسر (١٩٥٨-١٩٦١) و دامەزراندنی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو، هەروەها یوسف شاهین فیلمێکی بە ناوی (الناصر صلاح الدین) دەرهێنا کە سەلاحەدینی بەخزمەتکاری عەرەب دەرخست نەک ئیسلام، لەم فیلمە بەناوبانگترین نووسەرەکانی سیناریست و ئەستێرەکانی سینەما و شانۆ تەرخان کرا، ئاراستە نەتەوەپەرستی بە ئاشکرا دیارە سەرەڕای چەندان هەڵەی مێژوویی گەورە. بەڵام سەیدلئەهل لە کتێبەکەی (رۆژگاری سەلاحەدین) کومەڵێک لە بیرۆکەی پەرتەوازەی بڵاو کردووەتەوە، بۆ نموونە دەڵێت: ئەگەر بڵێن سەلاحەدین لەدایکبوونی کوردە ئەوا دەکرێ بڵێین لە فریاکەوتنی و غیرەتی و سەرکەوتنی عەرەب بووە(!) لە زمان و ڕەوشت و زانست و ئاین و ماڵ و هاوەڵی عەرەب بووە... عەرەبێکی پەتی بووە تەنانەت لە خواردن و خواردنەوەشی(!)... شتێک نییە لەناو سەلاحەدین عەرەبێکی پەتی نەبێت(!) وەک ئەوەی سەیدلئەهل بۆ رازیکردنی خوێنەرەکانی هەوڵ بدات تاوانی ڕەچەڵەکی کورد لە سەلاحەدین دوور بخاتەوە، سەلاحەدین برینی نەخۆشییەکەی چاک بووەوە لە بنەچە کوردییەکەی رزگاری بوو(!) بەمەش لەسەر شێوازی عەرەب نەک کورد فێری نانخواردن و خواردنەوە بووە. ئەم نووسەرە بیری نەکردەوە لە کاریگەری ئەم قسانە لەسەر خوێنەری کورد و لێی دەپرسم: ئاخۆ ئەو چۆن وێنای کوردی کردووە؟ چ زانیارییەکی هەیە لەسەر زمان و ڕەوشت و جلوبەرگ و باوەڕ و خواردنی کورد...؟ پێم وایە هیچی لەبارەی ئێمەوە نازانی و نووسینی کۆن و نوێی برا میسرییەکانی نەخوێندووەتەوە کە باس لە دلاوەری و ڕاستگۆیی و ئازایەتیی کورد دەکەن. بەهەڵەداچوونی سەید لئەهل گەیشتووەتە ڕادەی ئەوەی بڵێت: ئەگەر شالاوەکانی خاچییەکان نەبوایە ئەستێرەی سەلاحەدین نەدەدرەوشایەوە بێ

ئەملا و ئەولا کەسایەتیی سەلاحەدین لە ناوەندی عەرەب دەرکەوت و پەرەی سەند ئەگەر عەرەب لە دەوری کۆ نەبوونایەتەوە و ئەگەر خاکی عەرەب "مەبەستی لە زەوییە داگیرکراوەکانە کە سەلاحەدین بەخوێنی نەتەوەی کورد رزگاری کردووە" نەبوایە ناوی سەلاحەدین دەرنەدەکەوت و ئەستێرەی بەرز نەدەبووەوە و ئێمەش دەڵێین: وا بێت دەبێ سەلاحەدین سوپاسی خاچییەکانی بکردایە چونکە تواناکانی سەرکردایەتی و شەڕکردنی بۆ رزگارکردن بەبێ ئەوان دەرنەدەکەوت واتا قەرداری خاچییەکانە! بەڵێ شەڕی خاچییەکان توانای پیاوانی هەموو ناوچەکانی ئیسلامی هێنایە جۆش بەبێ ڕەچاوکردنی نەژادی نەتەوەییان، بەڵام ئەم جیهانە تەنیا یەک سەلاحەدینی هێنایە کایەوە ئەم کەسایەتییەش قەرداری هیچ لایەنێک نییە، ئاینەکەی نەبێت کە وەک ئەندامانی تری میللەتەکەی پێوەستی بوو، فێری مانای جیهادی کرد ئەویش ئازایەتی و جوامێری کوڕی چیای خستە سەر حەماسەتی ئاینی و خۆشەویستی موسڵمانان کە برای ئەوەن.

لە لاپەڕەکانی پێشوو باسی گرێی دەروونیی کوردمان کرد بەرامبەر بە سەلاحەدین، بەڵام سەبارەت بە عەرەبەکان ئەوا هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ تەسکیی تێڕوانین بە عەرەبدانانی سەلاحەدین لەبەرئەوەی (خزمەتی عەرەبی کردووە) بۆیە تەعریب کراوە و گرفتەکە کۆتاییی پێ هات و سوپاس بۆ خوا... وازی هێناوە لە کوردایەتییەکەی و سوپاس بۆ خوا(!) و لەسەر هەموو شێوازی عەرەب دەڕۆیشت... ئەم هەموو فێڵ و هەڵانە لە نرخی کەم نەکردووەتەوە، بگرە دانانە بە مەزنیی سەلاحەدین. لەبارەی ئەوەشەوە کە جەنگاوەرێکی کورد و پاڵەوانێکی عەرەب بووە پرسیارێک دەکەین: ئاخۆ ئەم کەسانە تووشی کورتبینی بوونە؟ سەلاحەدین دوو ڕاستیی دروستی کرد، بە پلەی یەکەم کوردایەتی و دووەم ئیسلام، یەکگرتنی ئەم دوو ڕاستییە لە بارودۆخی داگیرکردن دەبوایە ئیسلامیەتیی خۆی دەربخستایە بەبێ ئاوڕدانەوە لە قسەی خەڵکان و کورتبینییان.

لەم سەردەمەدا و لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بزووتنەوە و کۆمەڵەی نەتەوەیی لەو ناوچانەی کە بە رۆژهەڵاتی عەرەب دەناسرا سەری هەڵدا بە تایبەتی لە وڵاتی شام، هەروەها چەند کەسانێک دەرکەوتن بانگهێشتنی جیابوونەوە لە دەوڵەتی عوسمانیی دەکرد و جەختی لەسەر بیری نەتەوەیی دەکرد، لەم بارەیەوە برا مەسیحییەکان ڕۆڵێکی ئاشکرایان گێڕاوە، هەندێکیان سەرکردایەتیی ئەم بزووتنەوانەیان دەکرد، بێگومان مەسیحییەکانی وڵاتی شام بە تایبەتی لبنان و سووریا دەستێکی باڵایان هەبوو لە خزمەتکردنی رۆشنبیری عەرەب و بڵاوکردنەوەی بیری هاوچەرخ، بەڵام هەندێکیان لەسەر دژایەتیکردنی بیری ئیسلامی مانەوە. بە تایبەتی ئەو بیرەی دژایەتیی دانیشتوانی وڵات لە فەلەکان دەکرد پەرچەکردداریان هەبوو لای ئەو تەوژمانەی کە خۆیان لە ڕێرەوی عەرەبایەتیی ئیسلامی دوور دەخستەوە تەنیا لایەنی عەرەبییان دەردەخست، ئەو ڕەوتە هزر و هەستەکانی خۆی لەسەر ماوەی شەڕی خاچییەکان گشتاندە لەژێر کاریگەری ڕامیاریی رۆژانەی دەسەڵاتە فەرمانڕەواییەکان، هەوڵیان دەدا ململانێی نێوان ئیسلام و خاچییەکان (مەسیحی) سووک بکەنەوە واتا مۆرکی ململانێی ئاینی لەسەر لابەن کە ئەم ململانێیە یەکێکە لە تایبەتمەندییەتییەکانی ناکۆکیی سەدەکانی ناوەڕاست بوو و، دەیانویست بکرێتە ململانێیەکی نێوان عەرەب و ئەورووپا، واتا بێ بایەخکردنی هۆکاری ئاینی لەو ململانێیە خوێناوییەی کە برینێکی جێ هێشت سارێژ نەدەبوو. ئاشکرایە بزووتنەوەی بەرهەڵستی خاچییەکان و جەنگاوەرەکانیان لە سەرەتاوە تاوەکو کۆتایی تاکە سەرکردەیەکی عەرەبی تێدا هەڵنەکەوتووە، چونکە ململانێیەکە لە سەرەتاکانیەوە لە نێوان سەلجووقییەکان و فەرەنجەکان بوو، پاشان عیمادەدین زەنکی و نوورەدین مەحموودی کوڕی دەرکەوتن، لە پاشاندا شێرکۆ ئەنجا سەلاحەدین و براکانی و کوڕەکانی، لە کۆتاییدا دەوڵەتی (مەمالیکی) تورکی لە میسر و شام کە لە ساڵی (١٢٩١ز)

کۆتاییی هێنا بە خاچییەکان نامەوێ درێژە بدەین بەم بابەتانە بەتایبەت کە ئێمە بە دوای گرێی نەتەوەپەرستەکان دەگەڕێین بەرامبەر سەرکردەکانی بزووتنەوەی خۆبەختکردن دژی خاچییەکان.

تەنیا یەک نموونە دەهێنینەوە: لە سەردەمی جەمال عەبدولناسر لە میسر ساڵی ١٩٥٩ (ڕۆژانی یەکگرتنی میسر و سووریا) توێژەری بەناوبانگ د. حەسەن موئنس کە کتێبێکی بەناونیشانی (نوورەدین مەحموود) دەرکرد و پێشکێشی کرد بە خۆبەختکەرەکان لە پێناو بنیاتنانی نیشتمانێکی عەرەبی سەربەست و یەکگرتوو" توێژەر هەوڵی دا ڕۆژگاری ئێستا ببەستێت بە رابردوو و هەڵوێستی هەندێک لە مەغربییەکان سەرکۆنە بکات چونکە لەو ڕۆژگارە پێوەندیی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی لەگەڵ هەندێک لەو دەوڵەتانە و سەرکردەکانی باکوری ئەفریقیا تێک چوو، ئەوەتا دەڵێیت: هەندێک لە سەرکردەکانیان هەنگاوی دوژمنایەتیی بیری نەتەوەییی عەرەبیان دەکرد و جەمال عەبدولناسر سەلاحەدینی سەردەمی خۆمانە[1].

بەبۆچوونی د. موئنس: نوورەدین مەحموود بە زمان و دڵ و کرداری بەعەرەب کرا، بەعەرەبکردنی سەلجووقییەکان و تورکمان و کورد، کە بەقۆناغێکی دوور و درێژ تێپەڕی(!) دەتوانین لە ڕێگەی لێکدانەوەی پەرەسەندنی ناو لێنانی نەوەکان ئەمەمان بۆ ئاشکرا بێت، چونکە نەوەکانی یەکەم هەڵگری ناوی تورکی و کوردی و فارسیی پەتی بوونە و، نەوەی دووەم نازناوی (تشریفیان - شکۆمەندییان) بۆ ناوە عەجەمییەکان زیاد کرد پاشان ناوی عەرەبییان لە خۆیان نا کە پاشگرەکەی تورکی بووە وەک عیمادەدین زەنکی، موعینەدین ئونەر، زەهیرەدین تغتکین)[2]. پاشان نەوەیەکی عەرەبی ناو هات و، ناوە تورکییەکان (عەجەمی) ون بوون وەک

١. کتابة المذکور، ص١٩٤.

٢. ص ٤٠٧.

(نوورەدین مەحمورد و سەیفەدین غازی)، لەمەش زیاتر بنەچەی عەرەبیان بۆ خۆیان بینییەوە ئەمەش لە پێناو پچڕاندنی پێوەندییان بە ڕابردوو – بۆ نموونە– وتیان ڕەسەنی سەلاحەدین دەگەڕێتەوە بۆ ئەیووب کوڕی شادی کوڕی مەروان کوڕی عەلی کوڕی عەنتەر... تاوەکو دەگاتە عەدنان. (بێگومان ئەم ڕەسەنە هەڵبەستراوە) ئێمەش دەڵێین: ئاشکرایە باپیرانی سەلاحەدین لە کوردی ڕەوادیێن، کە یەکێکە لە تیرەکانی هەزبانییەکانی شارۆکەی دوین.

کە واتا کەسێک خۆی یان منداڵەکانی بەناوی هێما ئاینە بەرزە پیرۆزەکان بنێت، ئەوا پێوەندیی لەگەڵ ڕابردووی خۆی دەپچڕێنێت چونکە لە تێڕوانینی نەتەوەپەرستانی عەرەب... ناونان بەناوی ئەو هێمایانە ڕێگەیەکە بەرەو تەعریب و دابڕینی ناعەرەب لە ڕابردووەکەی خۆی دەپچڕێنێت، چونکە ئیسلام ڕێگەیەکە دەتبات بەرەو عەرەبییەتی و تەعریب. لە قۆناغی خوێندنی ماستەر یەکێک لە مامۆستاکان کە بە شۆڤێنییەت ناسرابوو وتی: ئەو عەجەمییانەی کە ناوی منداڵەکانیان بە ناوی عەجەم دەنێن ناچنە بەهەشتەوە، سەرم سووڕما لەم قسەیە و بەرپەرچیم دایەوە چونکە ئاینی ئیسلام جیاوازی ناکات لە نێوان نەتەوەکاندا بەپێی ئایەتی پیرۆز "ان اکرمکم عند الله اتقاکم" و دەرگەی بەهەشت بۆ هەموو نەتەوەیەک کراوەیە. بۆیە بەسەرسووڕمانەوە پرسیاری لێ کردم: ئاخۆ تۆ عەجەمیت؟ گوتم: بەڵێ و کوڕەکەم بەناوی عەجەمییەوە ناوە. وتی: نا کوردەکان جیاوازن، واتا ئەوان دەچنە بەهەشتەوە. منیش سوپاسم کرد(!)

زۆر گرانە بۆ سەپاندنی بوونی نەتەوەکەت بەرامبەر شەپۆلێکی لەناوبەر بوەستێت بە تایبەتی کاتێک هۆیەکانی ڕاگەیاندن لەژێر دەستت نەبێت و قەدەغە کرابێت کە ڕای خۆت ئاشکرا بکەیت، شۆڤێنییەت شتێکی ناشیرینە و شایستەی مرۆڤی شارستانی نییە، بۆیە پێویستە جیاوازی بکرێت لە نێوان هەڵگری ئەم سیفەتە لە ڕوانگەی خۆبەزلگرتن بەسەر نەتەوەیەکی تر (کەمینەی نەتەوەیی) و، ئەو کەسەش کە لە ڕوانگەی بەرگریکردن لە خود و

دۆزینەوەی ناسنامە، یان بەرپەرچدانەوەیەک بێت بەرامبەر بە شۆڤێنییەتی بەهێز کە نکوولّی لە بوونت بکات یان بتچەوسێنیتەوە. وەلاٚمم لەسەر دوا برگەی پرسیارەکە کە دەلّیٚ سەلاٚحەدین پالّەوانێکی عەرەب بوو کاتیٚ سەرکەوت و چەتەیەکی ناپاکی کورد دەبوو ئەگەر شکستی بهێنایە. ئەمە لە نرخ و پایەی سەلاٚحەدین کەم ناکرێتەوە کاتیٚ بیبەنە سەر نەژادی عەرەب، چونکە نایانەویٚ رزگارکەری خاکیان لە نەتەوەیەکی تر بێت بۆیە بەم شێوەیە مێژوو تێک دەدەن و ئیسلام دەکەنە ئاینێکی تایبەت بە عەرەب، ئەگینا چۆن ئەم رەگەزپەرستانە قەدەغەی هەلّگری ناوە عەجەمەکان دەکەن بچێتە بەهەشتەوە. هەر کەسێک لە ولاٚتی عەرەبی بژیێت دەکرێتە عەرەب ئەگەر لە نەتەوەیەکی تریش بێت! و هەر کەسێکیش بە عەرەبی فێر بێت و بنووسێت عەرەبە بەلاٚم ئەوان ئەم پێوەرانە لە حالّەتی پێچەوانەدا پیادە ناکەن، هەر کەسێک بۆ نموونە نووسینەکانی (زەکی لئەرسۆزی و ساتع لحەسری و ناجی مەعروف) بخوێنیتەوە تێبینیی ئەم بیرۆکانە دەکات کە دوورن لە گیانی سەردەم و بیری شارستانی سەرەرای دووریان لە لێبووردنی ئیسلام. لەبارەی ئەم تێبینییەتەوە وا دیارە تۆ ئەمەت وەرگرتووە لە ناوەرۆکی دێرێکی شیعری شاعیری فەلّەستینی خوا لێخۆشبوو (موعین بسیسۆ) وەرگیراوە وەک بە بیرم بێت:

صلاح الدين كان عربياً حين انتصرْ

ماذا لو هزم صلاح الدين؟

لكان جاسوسا كرديا

* بەرای ئێوە ئەگەر سەلاٚحەدین بگەرێتەوە بۆ ژیان ئاخۆ لەسەر خەبات نەکردنی لە پێناو نەتەوەی کورد پاشگەز دەبێتەوە؟ یان سوور دەبێت لەسەر دەستکەوتەکانی خۆی و رەخنەگرتنی گەنجانی کورد رەت دەکاتەوە:

دەڵێم ئاخۆ ڕاستە پاشگەز ببێتەوە لە سەرکەوتنەکانی و ئەم پایە بڵندەی کە بەدەستی هێنا؟ پاشگەز ببێتەوە لە خەبات نەکردنی لە پێناو نەتەوەی کورد؟ نەخێر پاشگەز نابێتەوە، بگرە کەسەکان دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتیی خۆیان و، دەڵێ لەپێش هەموو جیهانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات ئینگلیز و ئەڵمان و فرەنسییەکان، لەپێش ئیتاڵییەکان و بیزەنتە عەرەبەکان و عەجەم سەلماندم (ئەگەر) کورد بیەوێت بەرچوو (معجزە) ئەنجام بدات دەتوانێت بیکات. لە ترسناکترین ناوچەکانی جیهانی ئیسلام دەوڵەتێکم دامەزراند دوور لە کوردستانی نیشتمان، خزمەتی خاوەن ئاینەکەم کرد لە حەتین و ولاتگیری بەیتولەقدیس، ڕزگارکردنی کەناری شام، دەسا ئێوەش بۆ گەلە داماوە بەشکراوەکەمان هەوڵی جێبەجێکردنی، بەشێکی کەم لەوەی من بەدەستم هێنا بدەن، ماقووڵ نییە هەموومان لەسەر یەک هێڵ و یەک لا کار بکەین، دەبێت لەسەر هەموو لایەک و هێڵی جیاواز کارەکانمان ئەنجام بدەین، بەڵام لە ئامانج یەک بگرین ئەوەی پێی هەستام لە خزمەتکردنی ئیسلام و ڕزگارکردنی خاکەکەی لە ئامانجی ڕزگارکردنی خاکی کوردستان خۆی دەکرێتەوە، کە دووچاری دەستدرێژیی بێزەنتەکان بوو پێش هەموو ناوچەکانی تری ئیسلام، پێش ئەوەی دەوری لێپرسراوێتی زیاتر بەسەدەیەک لە میسر وەربگرم، مەبەستم شەڕی (مەلازگرد) ساڵی (٤٦٣ک - ١٠٧١ز) پاشان داگیرکردن و ڕزگارکردنی ڕوها (ئورفە) لە هێرشی یەکەمی خاچییەکان. خۆبەختکردنی من تەنیا بۆ دوورخستنەوەی چاوچنۆکەکان بوو لە خاکی باپیرانم کە دەکەوێتە ئەوپەڕی وڵاتی ڕۆم و ئازەربایجان و ئەرمینیا و بەرزاییەکانی دیجلە و فورات تاوەکو چیاکانی کوردستان پشکۆ و حەمرین، دەست بخەنە نێو دەستی یەک و واز بهێنن لە ئاراستەکردنی ڕەخنە بۆ یەکتر بەر لەوەی هەندێک لە ئامانجی کاروانی شەهیدان بەدی بێنن کە بە خوێنیان چیاکانیان نەخشاند و بوونە قوربانیی چەوساندنەوەی ڕەگەزی و ئاینی بە دەستی جەلاد و داگیرکەرانی ولاتەکەیان، پاشان ئەو

سەرکردەیە دەڵێت: من پاشگەز نیم، بگرە شانازی بەدەسکەوتەکانم دەکەم و هیوام وا بوو زیاترم بە دەست بهێنایە بەڵام لە هەمان کاتدا خەمبارم، چونکە لاوانی کوردستان کارەسات و ڕووداوەکانی کوردستان دەخەنە ئەستۆی من کەچی من ناوی نیشتمانی کوردستانم لە نێوان سێ کیشوەر بەرز کردەوە، بەڵام دەبینم نیشتمانەکەم نیشتمانێکی بەش کراوە تەنیایە ڕۆڵەکانی ناکۆکن و سامان و ماندووبوونیان پەرت دەکرێ و لەناو دەچێت و... لاوانی کۆچ دەکەن، بەڵام گەشبینم بە ئەنجام چونکە سەردەمی نکووڵیکردن لە مافەکان و دوورخستنەوەی کەسانی تر کۆتاییی پێ دێت ئەگەر بڕیاری یەکگرتن بدەن... بۆیە یەک بگرن.

* سەرەڕای ئەو هەموو بەشداریکردنەی کورد بۆ بەرزکردنەوەی پایەی ئیسلام بۆچی دەوڵەتێکی کوردی لە مێژووی ئیسلام دەرنەکەوت؟ ئاخۆ هۆی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ کەموکووڕییەک لە لایەن کورد و بێ دەسەڵاتی لە سوود وەرگرتن لە ئیسلام و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لەژێر پەردەی ئیسلام وەک نەتەوەکانی تر کردیان؟

دامەزراندنی دەوڵەت لە هەموو سەردەمێکدا کارێکی ئاسان نییە بگرە دەبێت کۆمەڵی هۆکاری هاوکار هەن کە تایبەتن بە ژینگە و جوگرافیا کە پێک دێت لە شوێن و ئاووهەوا و سروشتی زەوی و سامانی سروشتی (کەرەستەی خاو و سووتەمەنی، سامانی ژێرزەوی) پاشان پێوەندیی نێوان ئەم هۆکارانە کە بە تێپەڕبوونی کات دروست دەبێ و پاڵ بەدانیشتوانی دەنێن هەوڵەکانیان بخەنە گەڕ لە پێناو داهاتوویان ئەمەش بەچاککردن و کەڵەکەکردنی بەرهەمی زیادەکەی، واتا دەوڵەت لە کاتێکدا دادەمەزرێ کە ویستی مرۆڤ و تاقیکردنەوەکانی یەک دەگرن لەگەڵ بەخشینی کوێرانەی سروشت ئەنجا هەستکردنی مرۆڤ بەگۆڕانی بارودۆخ لە ڕێگەی

وەبەرهێنان ئەو هەلومەرجەی سروشت بۆی دەرەخسێنێ. نامەوێت بە درێژی باسی ڕووداوەکان بکەم یان ئەو بیردۆزانەی لەم بارەوە هەن ئەگەر بە کورتیش بێت، ئێمەی کورد زیاتر لە هەموو کاتێک پێویستمان بە خوێندنەوەی ئەم بیردۆزانە هەیە بۆ ئەوەی تێ بگەین لە وتەی فەیلەسووفەکانی مێژوو لە تۆکیدیدیتس دەست پێ دەکات تا دەگاتە ئیبن خەلدون و تا توینبی و کۆمەڵێک لە ڕووناکبیرانی تر کە باسیان لە بابەتی دامەزراندنی شارستانییەتەکان و پاشان دامەزراندنی دەوڵەتەکان کردووە کە یەکێکە لە گرینگترین دیاردەکانی دامەزراندنی شارستانیەت لە هەر سەردەم و جێگەیەک بێت. وتەی هەریەکە لەوانە بەپێی پێکهاتەوە بیرکردنەوەی جیاوازی هەیە لە هی ئەوانی تر بۆیە دەبێت هەوڵی تێگەیشتنی ئەم واقیعە بدەین و لێکۆڵینەوەکان لەژێر ڕۆشنایی ئەو بیردۆزانە بیت.

لە ڕووی مێژووییەوە، لە مێژووی ئیسلام میرنشینە کوردییەکان دەرکەوتن هەندێکیان گەیشتنە ئاستی دەوڵەت ئەگەرچی ئەم دیاردەیە بەردەوامیی نەکێشا یان لەسەر پاشماوەی میرنشینێکی تر دامەزرێت کەچی ئەم میرنشینانە کەوتنە ململانێکردنی یەکتر یان ململانێی دەوڵەتە تەماعکارەکان کە بوونە هۆی لەناوبردنی هەوڵەکانیان. لەبارەی دەوڵەمەندییەوە یان بێ دەرامەتی ڕەنگە ژینگە و سروشت ڕۆڵی خۆی هەبێت لە ڕووداوەکان وەک پشتبەستن بەئاوی باران لێرەدا دەڵێین: کوردستان لە سامانی ئاو زیاتر لە هەموو وڵاتەکانی جیهان دەوڵەمەندە بەهۆی سەرچاوە و لقەکانی دیجلە و فورات و هەردوو زێی گەورە و بچووک و عوزێم و سیروان (دیالە) هەروەها بوونی دەریاچە سازگارەکان و ئاوی ژێرزەوی و کانیاوەکان.

کەواتە نەخۆشییەکە لە کوێیە؟ ئاخۆ لە ئاووهەوایە، کوردستان هەروەک سویسرا و وڵاتانی ناوەڕاستی ئەورووپا دەکەوێتە ناوچەی مەداری ناوەند و

سارد و بیاوانی تێدا نییە ئاخۆ بەهۆی سەختیی شاخەکانی بوونەتە مایەی لێک دابڕانی ناوچەکان؟ نکووڵی لەم هۆکارە دەکەم چونکە هەندێک وڵات هەیە شاخەکانی لە شاخەکانی کوردستان سەختترە وەک زنجیرە چیاکانی ئەلب لە ئەوروپا و زنجیرە چیاکانی هەمەلایا لە ئاسیا کە کۆمەڵێک لە دەوڵەت دەبڕێنێ لەگەڵ یەکتردا کە بە ئەفغانستانەوە تێ دەپەڕی تا پاکستان و کشمیر و هیند و نیپاڵ... هتد.

هەروەها بیاوانیش کۆسپێک نییە لەپێش دامەزراندنی دەوڵەت وەک مەنغۆلیا وڵاتەکانی بیاوانی ئەفریقیا وەک چاد و نیجەر سەرەڕای بیاوانە فراوانەکانی باکوری ئەفریقیا کە لە مۆریتانیاوە درێژ دەبێتەوە تاکو میسر کە مرۆڤ توانیویەتی ڕێڕەوی نیل بگۆڕێت و یەکێک لە پێشکەوتووترین شارستانیەتەکانی جیهانی کۆن تێدا دابمەزرێنێ، لێرەوە هۆکاری (بەرەنگاربوون و وەڵامدانەوە) دێتە ئاراوە بەگوێرەی بیردۆزی مێژوونووسی گەورەی بەریتانیایی ئارنۆڵد توینبی کە دەڵێ ژینگەی سەخت دەبێتە مایەی ورووژاندنی مرۆڤ و پاڵ پێوەنانی بۆ دروستکردنی شارستانی، واتا شارستانیەت دادەمەزرێت کاتێک مرۆڤ بیەوێت نەک بەهۆی هۆکاری دەوڵەمەندی و خۆشگوزەرانی.

گەڕان بەدوای هۆیەکانی پارچەبوونی وڵات و نەبوونی قەوارەیەکی کوردیی فراوان کارێکی پێویستە لەم سەردەمەدا، ڕەنگە یەکێک بڵێت: هێشتا گەلانێک هەن وەک کورد پارچە پارچەن لە وەڵامدا دەڵێین جیاوازیی گەورە هەیە کە ئەم میللەتە پارچەکراوانە لە نێوان چەند دەوڵەتێک جیا بوونەتەوە بەڵام هەموویان لە سایەی یەک ڕۆشنبیری و یەک زمان دەژین وەک دەوڵەتە عەرەبییەکان یان وڵاتانی ئەمەریکای باشوور و ناوەڕاست و مەکسیک کە ئیسپانییەکان نیشتەجێی دەیان دەوڵەتی لاتینی تێدا دامەزراوە و گەلەکانی بەزمانی ئیسپانی دەدوێن جگە لە بەڕازیل کە بە (پورتوگالی دەدوێن) و باوەڕیان بە مەسیحی کاسۆلیکی هەیە. یان بوونی زیاتر لە دەوڵەتێکی

تورکی یان فارسی و یان چینی پێویست بە نموونەی زیاتر ناکات.

بەڵێ لەسەر خاکی کوردستان میرنشینەکان دامەزران هەندێکیان ماوەیەک لە فەرمانڕەوایی کرد بەردەوام نەبوون تا قەوارەیەکی تایبەت ڕابگەیەنن، یان دامەزراندنی شارستانیەتێکی تایبەت بە کورد دابمەزرێنن. مەسەلەی دامەزراندنی قەوارەیەکی کوردی جێگەی سەرسامیی مرۆڤە کە خۆی لە بەردەم پرسیارێک دەبینێتەوە کە دەیباتە سەر پرسیارگەلێکی تر- بەڵام بەگوێرەی وتەکەی کرۆچە - سەرسامی هەر زوو نامێنێت چونکە نەخۆشی و دارودەرمانەکە لە ناخی خۆمانە نەک لە سروشتی نیشتمان بۆیە ئەو مرۆڤە دەپرسێتەوە چونکە ئەو هەستی نامۆیی لە ناخیدا بەردەوامە و هەست بە هەتیوی دەکات چونکە ئەو دەزانی لە میللەتەکانی تر کە دەیان ساڵە ئاڵای خۆیان لە گۆڕەپانی ئازادیدا بەرز کردەوە کەمتر نییە لە ڕووی زیرەکی و دەوڵەمەندییەوە بۆیە پرسیارکردن شێوازێکی تایبەتی خۆی هەیە... بەڵام لە جۆرێکی تایبەت کە تەنیا پێوەندیی بەرێژیمی فەرمانڕەوایی یاخۆ دەرکەوتنی داگیرکەر نییە بگرە پرسێکە لە بوون... چارەنووس... لە هەوڵەکانی بۆ وڵاتانی لە پێگەی کاریگەری... ئەوجا پرسیار هەر بەردەوامە...

* ئاخۆ لەناو عەرەبەکان شاعیری تێدا دەرکەوتووە کە هێرشی کردبێتە سەر سەلاحەدین و لە پایەی کەم کردبێتەوە، وەک بەرامبەر ئەبومسلم لخوراسانی کرا؟ تکایە ڕوونکردنەوەیەک لەم بارەیەوە بدرێت.

ئاشکرایە لە ماوەی سەرکردایەتیی سەلاحەدین و لە دواییشدا مێژوونووسی گەورەی هاوچەرخ ئیبن ئەلئەسیر هێرشی کردووەتە سەر سەلاحەدین چونکە هەڵوێستێکی لایەنگرانەی هەبووە بۆ گەورەکانی خۆی کە ئەتابەگییەکانی مووسڵ بوو چونکە لە کاتی برسییەتی دانیشتوانی مووسڵ سامانێکی زۆریان بەم مێژوونووسە بەخشی وەک بەخشینی

زەویوزار لە دەوروبەری مــووسڵ بۆیە دەبوایە نرخی ئەوەی وەری گــرتووە بیـدات؛ دەسـتی کـرد بە هێـرشـەکـانی دژی سـەلاحـەدین و بە تێکدان و شێـواندنی مـێژووی ئەم سـەرکردەیە لـە کاتێکدا ئەسـتێرەی بەخـتی بەرز دەبووە و ئەسـتێرەی فـەرمـانڕەوایـانی مـووسڵ دەکوژایەوە هـەر ئەمـەش پاڵ پێوەنەر بوو بۆ سـازشکارییـەک لەگەڵ خـاچییـەکان کـە بووە هۆی جـاڕدانی شـەڕ لە لایـەن سـەلاحـەدینەوە لە دژی ئـەوان و گـەمـارۆدانی شـاری مـووسڵ. لەم کـاتەدا ئیـبن ئەلئـەسیـر لە پشت شـوورەکـانی مـووسڵ شـەڕ ڕاگـەیاندنی خـۆی ئاشـکرا کـرد و بە قـەسـتی ریوایەتەکـانی هەڵدەگـەڕاندەوە کـە لە مـێـژوونووسـەکـانی تری وەردەگـرت بەتـایبـەتی (عـیـمـادەدین لکاتب لئەسفەهانی)، ئەو ریوایەتانەش کە باس لە چاکەی سـەلاحـەدینی دەکرد و پشـتگوێ خـست وەک ڕۆژهەلاتناسی گـەورە (هـ. أ. ر. طب) لە کـتێـبـەکـەی (صــلاح الدین: دراسـات في التـاریخ الاسـلامي) باسـی کـردووە واتـا ئەم مـێـژوونووسـە تاکـەکـەس بوو لەو سـەردەمـەدا هێـرشی کـردبێـتـە سـەر سەلاحەدین و لـە هەوڵی کەمکردنەوەی پایە و گرینگیی سەرکەوتنەکانی داوە بەڵام لە کـتێبـە بەناوبانگەکەی (الکامل في التأریخ) کاتێک دەگاتە سـاڵی (٥٨٩ک) کە سەلاحەدین کۆچی دوایی تێدا کردووە دەبینین باس لە ڕەوشت و چاکەی دەکات لەسـەر بنەوای (اذکروا مـحاسن مـوتاکم- باس لە چاکەی مردووەکانتـان بکەن) و دەڵێت: خـاوەن ڕەوشـتێکی جـوان بووە و لەسـەرخـۆ بووە، بـەسـەبر بوو لە نـاخـۆشـیـیـەکـاندا، تـاوانی دەوروبەری پشـتگوێ خستووە[1]. بەڵگەش لەسـەر دەسـتپاکی ئەوەیە کاتێک مرد لـەدوای خۆی تەنیا یەک دینـار و چل درهـەمـی لە گـەنجـینـەکـەی بـەجێ هێـشـتـووە، هـەرچەندە دەسـتی بەسـەر سـامان و گـەنجینەکانی دەوڵەتی فـاتمی و دەوڵەتی نوورەدین مەحموود گرتبوو. هـەروەهـا حەزی بە دانیشتنی پاشـاکان نەکردووە و هـەژار و سۆفی و فـەقێیەکان لای دەمـانەوە و باسـی ڕێبازی پێغەمبـەر (د.خ) دەکرد

١. الکامل: ١٢ / ٩٦ - ٩٧.

و، لاساری لە شەرع نەکردووە لەم بارەیەوە خاوەن زانیاری و شارەزای زۆر بووە، فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ)ی پەیڕەو دەکرد. بە کورتی دەگمەنی سەردەمی خۆی بووە چاکەیەکی زۆر و کردەوەی جوانی هەبووە، مەزن بوو لە خۆبەختکردن دژی کافرەکان، لەپاش خۆی حەڤدە کوڕی بەجێ هێشت.

سەبارەت بەبوونی شاعیرانێک هێرشیان کردبێتە سەر سەلاحەدین یان لە نرخیان کەم کردبێتەوە بەبۆچوونی من دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵە مەزنەکانی و، لەناوبردنی ئەو دەوڵەتە بچووکانەی کە دەستیان تێکەڵ بە خاچییەکان کردبوو، یان لەگەڵ پەیڕەوانی کۆمەڵەی ئیسماعیلی کە لە ناکۆکییەکی بەردەوام بوون، سەرەڕای شاعیرەکانی کۆشکی ئەتابەگی لە مووسڵ و، عەباسی لە بەغدا و، ڕەنگە فاتمی لە میسر یان یەمەن، چونکە ماقووڵ نەبوو سەرکردەیەکی کوردی لەو سەردەمەدا دەربکەوێ... دژی بەرژەوەندیی تایبەتی فەرمانڕەوایە ناپاکەکان بێ کە بە دەست تێکەڵکردن لەگەڵ دوژمن و سیاسەتی بێدەنگی ناو ببات و کەسێک لە شاعیران یان نووسەران بەخراپە ناوی نەبەن. (طب) لەبارەی ئەمەوە دەڵێ سەلاحەدین دوژمنەکانی ناوخۆ و دەرەوەی خستە دڵەڕاوکێوە چونکە وایان دانابوو هەمان پاڵ پێوەنەر کاری لێ بکات واتا بەشێوازی خۆیان یارییەکانی سیاسەت پەیڕەو بکات.

سەلاحەدین نموونەی دڵ سافی و ناوبانگی پاک بووە، کە خاڵی لاوازی بووە کە کەسانی تر دەیانقۆستەوە... بەڵام دووچاری پتەویی دڵسۆزییەکەی دەبوونەوە کە کەس نەیدەتوانی لە جێگەی خۆی بیبزوێنێ. (طب) دەڵێت یەکەم بنەوای لە ڕەفتارکردنی لەگەڵ میرەکان گەر دۆست یان دوژمن بایە پەیڕەویی لێ دەکرد، ڕاستگۆیی بوو، ئاگربەستن تەنیا واتای ئاگربەستنی دەگەیاند نەک شتێکی تر، یەک حاڵەتی پاشگەزبوونەوە لە مێژووی ژیانی سەلاحەدین تۆمار نەکراوە و وەفادارییەکەی جێگەی سەرسوورمانی دەوروبەری بوو[1].

١. م. ن. ص.

ئاخۆ ئەم سیفەتانە سیفەتی ڕاستەقینەی کورد نییە؟ ئەم سیاسەتە پتەوە دووچاری سێ هەوڵدانی کوشتنی کردووە و، هەر کەسێک هەوڵی کوشتنی بدرێت دووچاری ناوززڕانیش دەبێت... یان بە پیاچەقان لە سیاسەتی پەیڕەوکراوی ئەگەر بە درۆییش بێت، یان بۆ نموونە تووشی کەمئەندامیی بکەن. بەهۆی پایەی بەرزی و خۆشەویستی خەڵکی سەری نەگرتووە. ئەم سەرکردەیە توانی بە ئازایەتی و هۆشیاریی خۆی لە ماوەیەکی کەم ئیسلام لە دواکەوتنی ڕەوشتی و سیاسی بەرز بکاتەوە، کاتێک بەرگریی کرد لە ڕەوشت بڵندی بەجێبەجێکردنی لە ژیان و کردارەکانی، بووە هاندەری یەگگرتنی دەوروبەری[1]. زانای بەناوبانگی هاوسەردەمی سەلاحەدین (عەبدوللەتیف لبەغدادی) لە کاتی سەردانی بۆ بەیتولەقدیس بەماوەیەکی کەم کە سەلاحەدینی بینی لەپێش مردنی، لە کتێبەکەی (الأفادة والأعتبار) دەڵێت پاشایەکی مەزنم بینی خۆشەویست و سانایە و هاوڕێکانی چاویان لێ دەکرد و دەکەوتنە پێشبڕکێوە لە چاکەکردن، وەکو لە قورئانی پیرۆز هاتووە (ونزعنا ما في صدورهم من غل)[2]. یەکەم شەوی ئامادەبوونم لە دیوەخانەکەی باسی زانستی جۆرەوجۆر دەکرا، ئەویش بەباشی ئامادەی دەبوو و بەشداریی تێدا دەکرد، هەر لەو کاتەدا سەرپەرشتی بنیاتنانی شوورەکانی قودس و هەڵکەندنی خەرەندەکەی دەکرد و، فەقێ و دەوڵەمەند و هەژار و دەسەلاتدارەکان چاویان لێ دەکرد لە گواستنەوەی بەردەکان و بەشداربوون لە کاری بنیاتناندا[3]. کاتێک سەلاحەدین فەرمانی خوای بەجێ هێنا بەرۆژی مردنی پێغەمبەران دەهاتە پێش چاوی خەڵکی، هیچ پاشایەکم نەبینی جگە لە سەلاحەدین ئەوەندە خەڵکی بە مردنی خەمناک بێت و لە کاتی ناشتنی هات و هاوار بەرز بووەوە بەبینینی تەرمەکەی وا دەهاتە گوێی

١. طب: ١٥.
٢. صورة الحجر: لاية. ٤٧.
٣. الأعتبار: ص ١٠.

مــروڤ کــە خــەڵکی بـە یەک دەنگ هـاوار دەکــات و، خــەڵکی لـە گــریان و هاوارکردن لەخۆچوون و نوێژیان لە یاد کرد، لە رۆژی مـردنی سـەلاحـەدین دڵێک نەبوو خەمناک نەبێت و... چاوێک نەبوو بە گریان نەبێت[1].

پرسـیـار دەکەین: سـەلاحـەدین چەندان گومبەز و قـەڵای لە وڵاتی شـام و میسر بنیات نا، کە تاوەکو ئێستا ناوی سـەلاحەدین هەڵدەگریت. لەبەرچی یەکێکیانی لە کوردستـان بنیـات نـەنا ئاخـۆ سـەربازەکانی کورد پاڵپشت و پاشەکەوتی سوپای سەلاحەدین نەبوونە لە شەڕەکانیدا؟

لە ڕاستیدا پرسـیـارەکە لە دوو برگە پێک دێت، لەپێشدا وەڵامی برگەی دووەم دەدەمــەوە و دەڵێم بەڵێ جــەنگاوەرانـی کــورد پاڵپــشــتی بوونـە لە پێکدادانەکان و، هەمـوو شـەڕەکانی ئەمانبـوون شـارەکانیـان رزگار کرد و، بەرگرییـان لە دەوڵەت و کـەسـایەتیی ئـەم سـەرکـردەیە کـردووە. مـەسـەلەی سـەرەکی برێتی بوو لـە بەرهەڵسـتی داگـیـرکـەر و رزگـارکـردنی خـاکی فـەلەسـتین و بەشـەکـانی تری وڵاتی شـام و بەرگـریکردن لـە مـیـسـر لەو هێـرشـانەی کە ڕەنگە لە باکورەوە بکرێت (بێزەنتـە، سـقلیـە و شـارەکـانی ئیـتـاڵیـا)یان لە رۆژهەڵاتەوە کە شـوێنی قـایم و پارێزراوی خـاچییـەکانی لێ بوو.

ئاشکرایە کردەوەی سەربازی پێویستی بە دروستکردنی قەڵا و دەورەدانی شــارەکـان بـە شـووره و بـەهێـزکـردنی بەرگـری هەیە. بەڵام سـەلاحـەدین پێـویسـتی بەم قـایمکردنانە نەبوو چونکە شـەڕەکـانی شـەڕی بەرگـریکردن نەبووە یان پاراسـتنی شــارەکـانی ئیـسـلام، بگـرە شـەڕەکـانی شـەڕی رزگـارکـردن و هـێـرشـبـردن بۆ سـەر قـەڵاکـان و جـێگە پارێزراوەکـان کـە داگیرکەر بنیاتی دەنا بۆ ئەوەی خۆی بپارێزێت لە هێرشی موسڵمانان کە دەستی پێ کردبوو لە سـەردەمی رێنسانسی (بە ئاگاهاتنەوەی) ئیسلام کە

---

١. ابن شداد: سيرة صلاح الدين.

به شێوەیەکی ڕێکخەر دەرکەوت لە کاتی سەرهەڵدانی سەرکردەی بەناوبانگ (عیمادەدین زەنکی)، جگە لە بیناکردن و قایمکردنەکانی قاهیرە، کە ناوی قەڵای سەلاحەدینی لێ نرا، هەروەها بە شوورەکردنی لە ترسی دەستدرێژیی خاچییەکان، هەرچەندە بەدرێژاییی سەردەمی سەلاحەدین دووچاری ئەم جۆرە دەستدرێژییانە نەهات و، قایمکردنەکانی شاری قودس و تازەکردنەوەی شووره کۆنەکانی زیاتر لە جارێک دوای رزگارکردنی لە ئەنجامی سەرکەوتنی لە شەڕی حەتین. بۆیە ئەو قەڵایانەی کە لە وڵاتی شام دروستی کرد لە ئەوپەڕی (ئەنتاکیە) تاوەکو خوارووی (کەرەک) و تێپەڕبوونی بە قەڵاکانی تەرتوس و مرقب و حەسەن ئەلئەکراد و برزیە و بەیت ئەلئەحزان و صور و عەککا... هتد. سەلاحەدین دروستی نەکردوون بگرە خاچییەکان یان سەرکردەکانی تری ئیسلام کردوویانە و، ئەم قسەیەمان پێوەندیی بەلێکۆڵینەوەی شوێنەوارەکان و جێگە سەربازییەکان نییە بگرە بەپێی وەڵامدانەوەی پرسیارەکەیە.

ئیتر چی پاڵی نا بەسەلاحەدینەوە ئەو کارانە ئەنجام بدات؟ ئاخۆ کەسی تر لەپێش ئەم نەبووە کە بووەتە مایەی پەنابردنمان بۆ سەلاحەدین کە هەستێت بەو کارە؟ ئاخۆ دروستکردنی ئەم قەڵایانە پێویست بوو بۆ ئەوەی نەمر بێت؟ بێگومان نەخێر چونکە سەلاحەدین ئارەزوومەندی ئەوە نەبوو ناوی بە نەمری بمێنێتەوە و با ئەوەشمان لە یاد بێ کە هیچ بەشێک لە کوردستان دووچاری هێرشی خاچییەکان نەهات جگە لە هێرشی یەکەم نەبێت، وەک باسمان کرد لە – لاپەڕەکانی پێشوو – شەڕی ملازگرد تاوەکو ئێستا شوێنەواری قەڵا کۆنەکان ماوەتەوە لە کوردستان وەک قەڵای هەولێر و کەرکووک و شوورەکانی ئامەد (دیاربەکر) کە یەکێکە لە بەناوبانگترین شوورەکانی جیهان.

* لە کۆتاییدا سەلاحەدین سەردانی ناوچەکانی کرد تاوەکو

دەگـاتە مـیسـر و، سـەردانی مـووسـڵی کـرد کـە بە سنووری باشـووری ڕۆژئاوای کـوردسـتـان دێتـە ژمـاردن، بۆچی بیـری لە گەڕانەوە بۆ کوردستان نەکردەوە تا سەردانی کەسوکاری بکات، سـەردانی هەولێری نەکـرد کـە خـوشـکەکـەی و زاواکـەی سـوڵتـان (موزەفەرەدین کۆکبەری) تێیدا نیشتەجێ بوون؟

سـەلاحـەدین فـەرمانڕەوایـەکی ئاسـایی نەبوو کـە دەوڵەتێک بەڕێوە ببـات لە بارودۆخـێکی ئاسـایی بێت وەک فـەرمـانڕەوا و پاشـاکـانی تر. چونکە دەوڵەتەکەی دەوڵەتێکی سەربازی بووە، بەردەوام لە باری خۆئامادەکردن بوو بۆ شـەڕکردن لـە هەر کاتێکدا بێ. گـەڕیدەی ئەندەلووسـیی بەنـاوبانگ (ئیبن جوبـەیر) کە هاوچەرخی سـەلاحەدین بوو دەڵێت: سـەلاحەدین نەدەحـەوایەوە. تەنانەت بواری حـەجکردنیشی نەبووە... جیـهادکردن ڕێگەی پێ نەبەخشی بە ناوچەکاندا بگەڕێت.

سـەبارەت بە سـەردانیکردنی بۆ کـوردسـتـان لەبەر کـەسـوکـاری لە کوردسـتان، سـەلاحـەدین نە لەسـەر خـاکی کوردسـتان لەدایک بووە و نە پێ گـەیشت، تەنـانەت ژنیـشی تێـدا نەهـێناوە، شـادیی باپـیری (دوێن)ی بەجێ هێشتبوو و لە تکریت کۆچی دوایی کرد، باوکی و شێرکۆی مامی لە شەوی لەدایکبـوونی سـەلاحـەدین ئـەم شـارەیان بەجێ هێشت. مـرۆڤ زیاتر بیـری بیرەوەرییـەکانـی منداڵی و جێگەکانی پێگەیشـتنی دەکات، بیرەوەرییـەکانی سـەلاحـەدین لە کـوردسـتـان نەبوو بگرە لە وڵاتـی شـام بـوو، بۆیە هەرکـە فـەرمانڕەوایی لە میسر جێگیر بوو بـەزوویی بەجێی هـێشت و ڕووی کردە وڵاتی شـام. لە دیمەشق دابەزی، لـەو مـاڵەی کە باوکی تێدا نیشـتـەجێ بوو. پاشـان بەرەو باکور ڕۆیشت نەک بۆ سـەردان یاخۆ گەڕانی ئاسـایی بگرە بۆ گـرتنی بەشـە پارچـەکـراوەکـانی دەوڵـەتەکـەی (نوورەدین مـەحـمـوود) و ڕاگەیاندنی یەکگرتن لە نێوان وڵاتی شام و دەوڵەتەکەی لە میسر.

بەڵام سەردانی بۆ هەولێر ئەنجام نەدا و فەرمانڕەواکەی زەینەدین یوسف کوڕی (زەینەدین عەلی کچک) بوو، لە ئابڵووقەدانە درێژەکەی عەککا لە ساڵی (٥٨٦ک –١١٩٠ز) کۆچی دوایی کرد سوڵتان موزەفەرەدین کۆکبەری برای جێگەکەی گرتەوە کە داوای لە سەلاحەدین کرد واز لە موڵکەکانی لە روها (ئورفە) و حەران بهێنێ، لە پێشوەختدا کۆکبەری رەبیعە خاتوونی (ستولشام) خوشکی سەلاحەدینی هێنابوو و دوو کچی لێ بووبوو دای بە هەردوو کوڕی پاشای مووسڵ ئەتابەگ نوورەدین ئەرسەلان شاه، یەکێکیان بۆ عیمادەدین زەنکی (سێیەم) بوو کە حوکمی ناوچەی شارەزووری دەکرد. ئیتر چی پاڵی پێوە بنایە سەردانی هەولێری بکردایە، لە کاتێکدا جیهادکردن سەرقاڵی کردبوو؟ بەمەش دووپاتی دەکەینەوە ئەم سەرکردەیە هیچ جارێک گەڕان و سەردانی ناوچەیەکی نەکردووە مەگەر پێویستی و حاڵەتێکی ناکاو بوایە، ئەمەش لە پێناو بەرژەوەندیی هەوڵە سەربازییەکان، هەرگیز بۆ سەردانێکی ئاسایی یان بۆ حەوانەوە ڕووی لە هیچ جێیەک نەکردووە تاوەکو لە ساڵی (٥٨٩ک – ١١٩٣ز) فەرمانی خوای بەجێ هێنا و لە دیمەشق بە خاک سپێردرا.

لەپێش مردنی ئاواتەکەی بۆ خاوەن و نووسەری ژیاننامەکەی بەهائەدین شەداد ئاشکرا کرد وتی: هەر کاتێک خوای گەورە کردنەوەی کەنار (کەناری شام) ئاسان کردەوە ڕاسپێردەییم دەکرد بە دابەشکردنی وڵات و ماڵئاواییم دەکرد و سواری شەپۆلەکانی ئەم دەریایە دەبووم (دەریای سپیی ناوەڕاست) دەچووم بۆ دوورگەکانی ئەوان و! بەدوایان دەکەوتم (واتا فەرەنجەکان – خاچییەکان –) بۆ ئەوەی کەسێک نەهێڵم لەسەر ڕووی زەوی کوفر بە خوا بکات یان لەم ڕێگەیە دەمرم[1]. ئەو نەیوت هیوام بەجێهێشتنی دیمەشقە تا بەرەو باکور بڕۆم و فورات بپەڕێنم بۆ ئەوەی بگەم بە جێگەی باپیرانم لە

١. سيرة صلاح الدين: النوادر السلطانية والمحاسن اليوسفية.

کوردستان و سەردانی نیشتمانی هۆزەکەم هەزبانییەکانی رەوادی بکەم، یان سەردانی رەبیعە خاتوونی خوشکم لەگەڵ مێردەکەی کە مەلیک لموعەزەم موزەفەرەدین کۆکبەری بکەم کە لە هەولێر ژیان بەسەر دەبات، ئەم جۆرە قسەیەی نەکردووە چونکە یادگاریی نەبووە لە کوردستان و کەسوکاری بە یەکجاری دوێنیان بەجێ هێشت و لە وڵاتی شام و میسر و جزیرە و شوێنی تر جێگیر بوون.

## ژیاننامەی زانستیی دانەری کتێبەکە

* لەدایکبووی شاری هەولێرە، هەر لەوێ خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندیی لە ساڵی ١٩٥٨ تەواو کردووە.

* دەرچووی بەشی مێژوو ـ کۆلێجی پەروەردەی زانکۆی بەغدایە ساڵی ١٩٦٢.

* ماوەی نۆ ساڵ خزمەتی کردووە لە فێرکردنی دواناوەندیدا، پاشان لە خوێندنی بالای – کۆلێجی ئاداب لە زانکۆی بەغدا وەرگیرا و، بڕوانامەی ماستەری وەرگرتووە لەسەر بابەتی (اربيل في العهد الاتابكي ـ هەولێر لە سەردەمی ئەتابەگیدا) ساڵی ١٩٧٥.

* ساڵی ١٩٧٧ قوتابیی (دوکتورا) بووە و، لە ساڵی ١٩٨١ لەسەر بابەتی (الجيش الايوبي في عهد صلاح الدين تكوينة، تركيبة، تنظيمة، اسلحتة، بحريتة، معاركة) بڕوانامەی دوکتۆرای وەرگرت.

* لە زانکۆی بەغدا کۆلێجی ئاداب دامەزرا و خزمەتی تێدا کردووە، پاشان لە کۆلێجی پەروەردە لە ساڵانی ١٩٧٤ـ ١٩٨٢ لە بەشی زمانی کوردی ـ و لە بەشی مێژوو ساڵانی ١٩٨٢ـ ١٩٩٤.

* لە ١٩٩٤– ١٩٩٦ پێوندیی کردووە بە زانکۆی سەلاحەدین ـ هەولێر.

* لە ١٩٩٦– ٢٠٠١ پێوەندیی کرد بە زانکۆی مصراتە ـ لیبیا.

* بەشداریی کردووە لە زۆر کۆنگرە و کۆڕ و کۆبوونەوەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان.

* ئەندامی لێژنەی مێژووی کوردییە لە کۆڕی زانیاری عێراق – بەغدا.

* ئەندامی دەستەی نووسەرانی کۆواری (ڕۆشنبیری نوێ) و ئەکادیمی (١٩٨٢– ١٩٩٤) بووە لە بەغدا.

* ساڵی ١٩٩١ پلەی (پرۆفیسۆر)ی پێ بەخشرا.
* نۆ کتێبی هەیە لە بەغدا و عەممان و بەیرووت و هەولێر لە چاپ دراون.
* لێکۆڵینەوەی بەزمانی کوردی و عەرەبی هەیە بڵاو کراونەتەوە لە بەغدا لە کۆوارەکانی: (کۆلێجی ئاداب ـ کۆڕی زانیاری عێراق (دەستەی کوردی) ـ ڕۆشنبیری نوێ ـ سەنتەری برایەتی ـ هەولێر ـ کاروان ـ و لە چەندان ڕۆژنامەی تر) لێکۆڵینەوەی تری هەیە لە کوێت و ریاز (کۆواری کۆلێجی ئاداب) بڵاو کراونەتەوە.
* بایەخی تایبەتی دەدا بە فەلسەفەی مێژوو، نووسینەوەی مێژوو، ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی، بیری ڕامیاری. سەرەڕای پسپۆڕیی لە مێژووی هەولێر لە سەردەمی ئیسلامی و مێژووی سەلاحەدین کە زیاتر لە سێ کتێبی لەبارەی ئەو کەسایەتییەوە بڵاو کردووەتەوە.
* سەرپەرشتیی نامەی ماستەر و و دوکتۆرای کردووە.
* ئێستا لە زانکۆی سەلاحەدین ـ هەولێر خزمەت دەکات.

اولا: المصادر
ابن الاثير الجزري، علي بن محمد بن عبدالكريم (ت ٦٣٠هـ / ١٢٣٣م)
١- التاريخ الباهر في الدولة الاتابكية بالموصل وحلب.
تحقيق د. عبدالقادر احمد طليمات، الطباعة دار الكتب الحديثة. القاهرة ١٩٦٣.
٢- الكامل في التاريخ. دار الصادر - دار بيروت. بيروت ١٩٦٦.
ابن جبير، محمد بن احمد بن جبير البلنسي الاندلسي (ت ٦١٤هـ / ١٢١٧م)
٣- تذكرة بالاخبار عن اتفاقات الاسفار (رحلة ابن جبير)
نشرة د. محمد مصطفى زيادة - دار الكتاب اللبناني، بيروت. دار الكتب المصري (بلا تاريخ طبع الكتاب)
ابن الجوزي. عبدالرحمن بن علي بن محمد (ت ٥٩٧هـ / ١٢٠١م)
٤- المنتظم من تاريخ الملوك والامم. طبعة الدار الوطنية، بغداد ١٩٩٠.
ابن حوقل. محمد بن علي الموصلي البغدادي (ت ٣٦٧هـ / ٩٧٧م)
٥- صورة الارض. منشورات دار مكتبة الحياة، بيروت ١٩٧٩.
ابن خلدون. عبدالرحمن بن محمد (ت ٨٠٨هـ / ١٤٠٥م)
٦- المقدمة. طبعة مكتبة المدرسة و دار الكتب اللبناني للطباعة والنشر، بيروت - لبنان ١٩٧٩.
ابن خلكان. شمس الدين احمد بن محمد بن ابي بكر الاربلي (ت ٦٨١هـ / ١٢٨٢م)
٧- وفيات الاعيان، وانباء ابناء الزمان. تحقيق د. احسان عباس، مطبعة الغريب، دار الثقافة، بيروت ١٩٦٨ - ١٩٧١
الدواداري. ابوبكر بن عبدالله بن ايبك (ت ٧٣٦هـ / ١٣٣٥م)

٨- الدرة في المضية اخبار الدولة الفاطمية. تحقيق د. صلاح الدين النجد، مطبعة المعهد الالماني للاثار، القاهرة ١٩٦١.
ابوشامة. عبدالرحمن بن اسماعيل المقدسي الدمشقي (ت ٦٦٥هـ / ١٢٦٦م)
٩- كتاب الروضتين في اخبار الدولتين (النورية والصلاحية). مطبعة وادي النيل، القاهرة ١٢٨٧ – ١٢٨٨هـ.
ابن شداد. بهاءالدين يوسف بن رافع الاسدي (ت ٦٣٢هـ – ١٢٣٤م)
١٠- النوادر السلطانية والمحاسن اليوسفية (سيرة صلاح الدين). تحقيق د. جمال الدين الشيال، طبعة الدار المصرية، القاهرة ١٩٦٤.
العباسي الحسن بن عبدالله (بدا بتاليف كتابة سنة ٧٠٨هـ / ١٣٠٨م)
١١- اثار الأول في ترتيب الدول. مطبعة بولاق ١٢٩٥هـ.
١٢- عماد الكاتب الاصفهاني. محمد بن محمد بن حامد بن عبدالله (ت ٥٩٧هـ / ١٢٠١م)
الفتح القسي في الفتح القدسي. تحقيق محمد محمود صبح، الدار القومية للطباعة والنشر، القاهرة ١٩٦٥.
نفسة، من تلخيص قوام الدين الفتح البنداري ( ت القرن السابع هـ / الثالث عشر)
١٣- سنا البرق الشامي، تلخيص كتاب الاصفهاني المذكور الموسوم (البرق الشامي) تحقيق د. رمضان ششن، دار الكتاب الجديد، بيروت ١٩٧١.
العمري ابن فضل الله العمري
١٤- التعريف بالمصطلح الشريف.
القاهرة ١٣١٢هـ.
ابن النضام الحسيني. محمد بن محمد بن عبدالله (ت ٧٤٣هـ / ١٣٤١م )
١٥- العراضة في الحكاية السلجوقية.
ترجمة د. عبد النعيم محمد حسنين و د. حسن امين. مطبعة جامعة بغداد ١٩٧٩.
ابن الواصل. محمد بن سالم الحموي (٦٩٧هـ / ١٢٩٧م)
١٦- مفرج الكروب في اخبار بني ايوب. تحقيق د. جمال الدين الشيال، المطبعة الاميرية، القاهرة ١٩٥٧.

ثانيا: المراجع


١٧ – معجم البلدان
دار صادر – دار بيروت، لبنان ١٩٥٥– ١٩٥٧.
١٨– د. احمد عبد العزيز: الهذبانيون في ازربيجان واربيل والجزيرة.
رسالة ماجستير غير منشورة. كلية الاداب – جامعة صلاح الدين – اربيل ١٩٩٠.
١٩– ارنست باركر: الحروب الصليبية.
ترجمة د. الباز العريني. مطبعة لجنة البيان العربي. مكتبة النهضة المصرية القاهرة ١٩٦٠.
٢٠– د. اسماعيل شكر رسول: للامارة الشدادية في بلاد ئاران.
دار موكرياني للطباعة والنشر – اربيل ٢٠٠١.
٢١– تيسير بن موسى: نظرة عربية على الغزوات الفرنج.
الدار العربية للكتاب. طرابلس – ليبيا (د.ت)
٢٢– دلير اسماعيل فرحان: الكرد في اليمن.
رسالة ماجستير غير منشورة. كلية الاداب – جامعة صلاح الدين – اربيل ٢٠٠٢.
٢٣– ستيفن رنسيمان: تاريخ الحروب الصليبية.
ترجمة د. الباز العريني. طبعة دار الثقافة. بيروت ١٩٦٨.
٢٤– عبدالرقيب يوسف: الدولة الدوستكية في كردستان الوسطى. بغداد ١٩٧٢.
٢٥– د. فاروق عمر فوزي، د. محسن محمد حسين: الوسيط في تاريخ فلسطين في العصر الاسلامي.
دار الشروق للنشر و التوزيع. عمان – الاردن ١٩٩٩.
٢٦– د. قاسم عبدة قاسم: ماهية الحروب الصليبية.
عالم المعرفة. الكويت ١٩٩٩.
٢٧– د. محسن محمد حسين: اربيل في العهد الاتابكي.
مطبعة اسعد. بغداد ١٩٧٦.
٢٨– د. محمد صالح المنصور: اثر العامل الديني في توجيه الحروب الصليبية.

منشورات جامعة قاريونس. بنغازي – ليبيا ١٩٩٦.
٢٩– د. محمد صالح داود القزاز: الحياة السياسية في العراق في العصر العباسي الاخير.
مطبعة القضاء. النجف الاشرف – العراق ١٩٧١.
٣٠– د. نەبەز مجيد امين: المشطوب الهكاري.
رسالة ماجستير غير منشورة. جامعة صلاح الدين – اربيل ١٩٩١.
٣١– د. نظير حسان سعداوي: التاريخ الحربي المصري في عهد صلاح الدين.
مكتبة النهضة المصرية. القاهرة ١٩٥٧.
32. crousset r histoire des croisades et du royame franc du jerusalem part paris 1935

لەم ليستە ئاماژەمان بۆ هەندێ چاپكراو و لێكۆڵینەوە نەكردووە.